# ناودارانی گەرمیان

کورتەی ژیانی بۆلێک لە کەسایەتیە ناودارەکانی گەرمیان

بەرگی یەکەم



نووسینی

عبدالكريم بەرزنجی



# ناودارانی گەرمیان

## کورتەی ژیانی پۆلێک لە کەسایەتیە ناودارەکانی گەرمیان

بەرگی یەکەم

نووسینی

عبدالکریم بەرزنجی

ناوی کتێب: ناودارانی گەرمیان
بابەت: مێژوو
نوسەر: عبدالکریم بەرزنجی
دیزاینەر و ئامادە کار: نووسەر
چاپی یەکەم: بەرگی یەکەم
تیراژ:

fakriy@hotmail.com

عبدالکریم شێخ أحمد بەرزنجی
E mail: fakriy@hotmail.com
Tl: 0045 51 92 51 31



## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

## پێشەکی

وەک دەڵێن .. مێژوو نابینا نیە و دەشزانێ کێ دەناسێت . مێژوو ناوداران وگەورەپیاوان لەخۆدەگرێت ، ئەوانەی مۆرکی پەنجەیان لە چاخەکانی ژیاندا بەجێماوە و مێژوو بە نەمری یادیانی بەرز راگرتووە و ئەوە لە دوای ئەوە باسیان لەسەر لاپەڕەکانی ژیان نەخشێنراوە .

زۆرن ئەو ناودارانەی کە هەردەم لە یادناکرێن ، لەگەڵ ئەوەی سەدان ساڵ بەسەر مردنی هەندێکیاندا تێپەڕیوە بەڵام ناوی ئەوان بە نەمری ماوەتەوە ، چونکە توانیویانە پێگەی خۆیان لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەرزراگرن..!

ئایا کوردێک هەیە ناودارانی وەک : شێخ محمودی نەمر یان شێخ سعیدی پیران،یان پێشەوا قازی محمد ، یان بارزانی نەمر ، هتد..... نەناسێت..؟

عبدالكريم شێخ أحمد بەرزنجی
E mail: fakriy@hotmail.com
Tl: 0045 51 92 51 31



ئایا هیچ زانا و رۆشنبیرێکی بەرێز هەیە .. کتێبخانەکەی خاڵی بێت لە کتێبی مێژوو..؟

لاپەڕەکانی مێژوو دەریدەخەن کە دەڤەری گەرمیان گەلێک کەسایەتی ناودار و بێ هاوتای لەخۆ گرتووە.

لێرەدا چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە ..!

ئایا ئەو گەورە پیاوانە ، لە سەردەمی خۆیاندا بە تەنیا ژیاوون..؟ بۆیە بێجگە لەوان کەسی دی نەناسراوە..؟ یاخود لە نێو ملیۆنەها مرۆڤدا ژیاوون.! ئەی ئەوانەی هاوژینیان بوون لەکوێن..؟ ئایا بۆچی مێژوو باسی نەکردوون..؟ بێگومان ئەم وەڵامە ئاوا دەبیستین : چونکە مێژوو تەنها ناوداران دەناسێت .

بەڵام .. ئایا کەسانێک کە لە کەناری ژیاندا لەنگەریان گرتبێت و رۆژگاری تەمەن بگوزەرێنن و بخۆن و بخۆنەوە و بنوون وبێداربنەوە ..!

عبدالكريم شێخ أحمد بەرزنجى
E mail: fakriy@hotmail.com
Tl: 009647507695500



ئایا ئەوکەسانە لە چارەنووسی نەتەوەدا ڕۆڵیان هەیە..؟ جا کەسانێک کە غەمیان عەشقبازی وئەنجامدانی هەوا وهەوەسی خۆیان بێت و لە باشترین کاتەکانی ژیانیاندا هەوڵ و تەقەللاکانیان لە چاوچنۆکی و وتوویێژی بێ سەروبەردا بەسەربەرن . بێگومان مێژوو بەناسینی ئەو جۆرە مرۆڤانە شەرفمەند نابێت . نەتەوەی کورد لەم ڕۆژگارەدا پێویستی بە کەسایەتی دڵسۆز و شکۆمەند و بەئەمەک هەیە کە بتوانن لەم سەردەمی پڕ لە ستەم و مەینەتییەدا سەروەری دێرزەمان و ئابڕووی زەوتکراومان بۆ بگێڕینەوە . پەروەرین لەسورەتی ئالی‌عیمران ولەئایەتی ﴿ ١٤٠ ﴾دا فەرمویەتی :

بسم الله الرحمن الرحيم

* وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ * صدق الله العظيم

عبدالكريم شێخ أحمد بەرزنجی
E mail: fakriy@hotmail.com
Tl: 009647507695500

کەواتە رۆژگار لە ئاست هیچ نەتەوەیەکدا تاسەر تەنگەژە ناهێنێت و ئەم خولەی کە ئێستا نەتەوەی ستەمدیدەی کوردی پێدا تێدەپەڕێت..خولێکە لە خولەکانی رۆژگار ، رۆژگاریش لە ئاستێکدا ناوەستێت ومێژوویش بەم دیمانەیە کۆتایی نایەت ، بەڵکو رەورەوەی رۆژگار بەردەوام دەخولێتەوە.
دەبا هەریەکە لە ئێمە بزانێت کە توانای زۆرە و دەکرێت سوود وخزمەت بە نەتەوەکەی بگەیێنێت .



عبدالكريم بەرزنجی

# شێخ محي الدينی كەركووك

## ١١٣٢ـ ١١٩٥



ناوی ‹‹ شێخ محمد بەرزنجی ›› ، كوڕی شێخ حسن گڵەزەردی بەرزنجی ، كوڕی شێخ محمدی نۆدێیی بەرزنجییە.
ئەم كەسایەتیە ناودار و پیرۆزەی گەرمیانی كوردستان لە نێو كۆمەڵگەی كوردەواریدا بە { شێخ محي‌الدين‌ی كەركوك } ناسراوە .
ساڵی ١١٣٢ی كۆچی لە گوندی گڵەزەردەی بناری قەرەداغ چاوەكانی ئاشنای ژیان بوون ، لە منداڵییەوە خراوەتە حوجرە و دەستی بە خوێندن كردووە . پاش تەواوكردنی خوێندنی زانستەكانی بوواری شريعەت و تەريقەت ، ژيانی هاوسەرگيری لەگەڵ ‹‹ ئامينە خان ››ی ئامۆزايدا پێكهێناوە ، هاوسەری شێخ محي‌الدين كچی‹‹ شێخ ئيسماعيلی وليانی ›› بووە . پاشتر هەواری گواستۆتەوە بۆ دێی ‹‹ قوولە ››ی سەرباسەڕە لە

باکوری دەڤەری گەرمیان ، ساڵی ١١٧٩ کۆچی ، بۆ دوواجار هەواری هەمیشەیی گواستووەتەوە بۆ شاری{ کەرکوك } ، ئیدی ناوبانگی ئەو کەسایەتییە مەزنە وەك ئەستێرەگەشە لە ئاسمانی ناودارانی دەڤەری گەرمیان و کوردەواریدا درەوشاوەتەوە .

## کەسایەتی شێخ محي‌الدینی کەرکووك :

ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان لە سەردەمی خۆیدا زانایەکی گەورە وناوداری دەڤەری گەرمیان بووە ، ئەو زاتە خوداناسە پێشەنگی زۆرێك لە بەندە خواناسەکانی سەردەمی خۆی بووە . زانستەکانی شەریعەت و تەریقەتی لەسەر دەستی گەورە زانایانی ناوداری کوردستان بە تایبەتی شێخ حسنی گڵەزەردەی باوکی وشێخ ئیسماعیلی ولیانی مامی .. وەرگرتووە . کۆششی زۆری کردوە بۆ بەدەسهێنانی زانست ، تاگەیشتۆتە ئامانجەکانی لە فێربوون و وەرگرتنی زانستەکاندا.

﴿ شێخ محي‌الدینی کەرکووك ﴾ لە پەرستشی پەروەردگاریشدا هاوتای کەم بووە ، لە زانستەکانی شەریعەت و تەریقەت دا گەیشتۆتە کەماڵ ، ئەم کەسایەتییە پیرۆزە ، چۆن ئیمامی بواری زانستەکانی شەریعەت بووە ئاواش زمانحاڵی رێچکەی سۆفیگەری قادری بووە، ئەوندە پەرستشی خودای پەروەرگاری کردووە تا پلەی لە رابەرایەتی سۆفیگەریدا گەیشتۆتە{ قوتبی تەریقەت} .

بیجگە لە زمانی کوردی دایك ، زمانەکانی عەرەبی وفارسی و تورکی و هندی بە ڕەوانی زانیوە و بەو زمانانە نووسیویەتی و

چەندین بەرهەمی زانستی و مەعریفی هەیە کە بەزمانەکانی عەرەبی وفارسی وتورکی نووسیویەتی ، لەوانە :-

١- مجمع الجواهر ۩
٢- السيف القاطع - في الآية والحديث
٣- جامع الفوائد - في دعاء المشايخ
٤- ضائع الأعمال
٥- برأ الآلام - في الحكمة
٦- إبدال الأعمال
٧- معادن اللآل في فضائل الآل
٨- جليب الراحة
٩- الأفاقة في سد باب الفاقة
١٠- رسالة في الأوفاق
١١- كشاف الكروب - باعثة لتليين القلوب
١٢- برأ الآلام - في الحديث
١٣- تسهيل الصعاب
١٤- إصلاح النفوس وآداب السلوك
١٥- وسيلة الوصول لحضرة الرسول
١٦- المنتخب في طب الأطباء
١٧- ذخائر البلاد في صنائع العباد
١٨- طب الرحمن - في الآية
١٩- النبأ العظيم في إنتقال الدراليتيم

ساڵی ١١٩٥ی کۆچی ، ڕەوانی پاکی ئەو کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشاوە وجەستەی پیرۆزی لە پشت تەکێ و مزگەوتی خۆیەوە لە گردی شێخ محيالدين لە شاری کەرکوك بە خاکی کوردستان سپێردراوە .

هەزاران سڵاو لەرەوانی پاك و پیرۆزی﴿ شێخ محيالدين‌ی کەرکووك ﴾.



ئەوکتێبە بێ هاوتایەی شێخ محيالدينی کەرکوك ، چارەسەری سەرجەم نەخۆشییە ناسراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدابوو . جێگەی داخێکی گرانە کە لە سەردەمی شاڵاوی ئەنفالی بەدناودا کتێبی دەسنووسی ‹‹ مجمع الجواهر›› و چەند کتێبێکی دەسنووسی دیکەی باپیرانمان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن ، و کەوتنە دەست دامودەسگاکانی رژێمی بەعس ..! هەرچەندە لەو حاڵەیشدا کەسانێکی هەلپەرست هەوڵی بەدەستهێنانەوەیان دا ، و پاشتر حاشایان لەوە کرد کە توانیبێتیان بەدەستیان هێنابێتەوە لای ئێمە ئەو واتایەش جێی گومانە.!!

# شێخ محمودی شۆرجە * قوطب

١٨٣٦ ـ ١٨٩٧



شێخ محمود ، کوڕی شێخ عبدالرحمن ، کوڕی شێخ عبالعزیز ، کوڕی قوتبی تەریقەتی قادری‹‹ شێخ محي‌الدین‌ی کەرکووك ››ـە.
ئەم کەسایەتیە پیرۆزە بە ‹‹ شێخ محمودی قوطب ›› ناسراوە ، ساڵی ۱۲۵۲ی کوچی هاتۆتە دونیاوە ، ئەم زاتە...زانایەکی بەتوانای بوارەکانی شەریعەت و تەریقەت بووە لە سەردەمی خۆی دا .
تەکێ و بارەگای شێخی قوتب هەمیشە مەنزڵگەی زانایان وگەورەپیاوان وناودارانی ناوچەکانی گەرمیان و دەوروبەری بووە ، وپەناگەی خواناسان و بەندە هەژارەکانی پەروەردگار بووە .
‹‹ شێخی قوطب ›› ، قوتابی و خەلیفەی کاك أحمدی شێخ بووە وپێکڕا وشانبەشانی شێخ کەریمی کەسنەزان ئیجازەی ڕێچکەی قادری لە خودی حەزرەتی کاك أحمدی شێخ وەرگرتووە ، چەندین کتێب وبابەتی جۆراوجۆری داناوە ، لە نێو بەرهەمەکانیدا کتێبێکی گرنگی هەیە بە ناونیشانی‹‹ ئیشرافییەی محمودی ›› ، کە لە نێو شێخانی بەرزنجە و جەماوەردا بە کتێبی ‹‹بحرالأنساب ››(۱)ی شێخ محمودی قوتب ناسراوە .
دەکرێ لە بارەی کەسایەتی شێخ محمودی قوتبەوە چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و چەندین کتێب بێتە دانان ، چونکە مەیدانی نووسین لە بارەی کەسایەتی ئەو زاتەوە ئەوەندە بەرین و بەرفراوانە کە دەکرێ ڕۆشنبیران بە ڕەهایی ئەسپی خۆیانی تێدا تاوبدەن .
ئەم کورتە باسەی لێرەدا دەیخەینە بەردیدی خوێنەری ئازیز..مشتێکە لە خەرمانبەرەکەتی ئەو کەسایەتیە ناودار و پیرۆزەی دەڤەری گەرمیان .
خوالێخۆشبوو‹‹ شێخ محمودی قوتب›› ساڵی ۱۳۱٤ی کۆچی- گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی بەرینی پەروەردگار هەڵکشاوە و جەستەی پیرۆزی لە دێی‹‹شۆرجە››ی ناوچەی قەرەحەسەنی دەڤەری گەرمیان ئەسپەردەی خاکی کوردستان کراوە . لە پاش وەفاتییەوە ، گڵکۆی پیرۆزی بووەتە

مەزارگەی موریدان و خەڵکی دەڤەری گەرمیان ، ئەم کەسایەتییە ناودارە هەردەم مایەی شەرەفمەندی نەوەکانییەتی .
ئەوە ماوە بڵێم : گەورەیی و بەخشندەیی و خانەدانی حەزرەتی قوطبی پیرۆز ، بۆ من بووە ئیلهامبەخش و سەرمەشقی فێربوون و توێشەبەرەی رێچکەی نووسینی ئەم بەرهەمەم .

«« بحر الأنساب »»کتێبێکی دەسنووسی «« شێخ محمودی قوطبـــــ »»ـە کە بە سەرچاوەیەکی مێژوویی زۆر گرنگ دەژمێردرێت ، چونکە بە وردی باس لە هۆز و تیرەکانی کوردستان دەکات و دەیسەلمێنێت کە ، کەی و لە چـ دەمێکدا ئەو خەڵکانەی باسیان لێوە دەکات نیشتەجێی ئەم نیشتمانەن. بەڵام جێگەی داخە کە کەسانێکی هەلپەرست لەنێو بنەماڵەی خودی شێخی قوطب و نەوەکانیدا ئەو سەرچاوە مێژووییەیان لە ڕووناکی پەنا ناوە و تەنانەت بواریان نەداوە خەڵکانی رۆشنبیری نێو نەوەکانی شێخ محمودی قوتبیش ئەو سەرچاوەیە ببینن . بێگومان ئەو کردارەیش زادەی جەهالەتی ئەو داروودەستەیەیە کە لەم سەردەمی زانستەدا چاوڕاو لە خەڵکی هۆشمەند دەکەن .



# شێخ کەریمی شۆرجە

١٢٦٠ - ١٣٢٣ کۆچی

شێخ عبدالكريم کوڕی شێخ محمودی قوتب کوڕی شێخ عبدالرحمن کوڕی شێخ عبدالعزیز کوڕی‹ شێخ محي‌الدین‌ی کەرکوك ›ـە ، لە شەستەکانی کۆچیدا چاوی ئاشنای ژیان بووە ، ئەم کەسایەتیە مەزن و ناودارەی گەرمیان زانایەکی گەورە و کەسایەتیەکی بە ناوبانگی بوارە زانستیەکانی شەریعەت و ڕێچکەی سۆفیگەری بووە لە دەڤەری گەرمیاندا بە {شێخ کەریمی‌شۆرجە} ناسراوە ، زانستەکانی شەریعەت و تەریقەتی لەسەر دەستی شێخ محمودی قوتبی باوکی و گەورە زانایانی دەڤەری گەرمیان و ناوچەکانی کەرکووك ودەڤەرەکانی کوردستان خوێندووە . پاش وەفاتی باوکی ، بووەتە جێنشین و ئیدی تەکییە و بارەگای شێخ محمودی قوتبی باوکی بە شکۆوە ڕاگرتووە ، خۆبەخشانە خۆی وزانستەکەی بۆ خزمەت بە کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی و خەڵکی گەرمیان بە تایبەتی تەرخان کردووە .

{ شێخ کەریمی شۆرجە } هەمیشە بۆ گونجان و تەبایی پەیوەندیەکانی خەڵکی دەڤەری گەرمیان و ئاشتەوایی نێوانیان لە کاتی ڕوودانی تەنگەژە وبەرپابوونی کێشە ومەینەتی لە نێوان خەڵکیدا،هەردەم لەڕیزی پێشەوەی ناودارانی گەرمیاندا بووە ، شێخ کەریم کەسایەتییەکی خۆشەویستی نێو جەماوەری گەرمیان بووە بە سەرجەم تیرە و هۆزەکانەوە و هەمیشە خەڵکیدەڤەرەکەڕێزیان لێگرتووەوگوێڕایەڵی بوون .

پاش وەفاتی حەزرەتی{ شێخ کەریمی شۆرجە }جەستەی پیرۆزی لە دێی«شۆرجە»ی ناوچەی قەرەحەسەن ، لە تەنیشت ئارامگەی پیرۆزی شێخ مەحمودی«قطب»ی باوکیدا،ئەسپەردەی خاکی گەرمیانی کوردستان کراوە.

درووود بۆ رەوانی پاك وپیرۆزی{ شێخ کەریمی شۆرجە }.



# شێخ محي الدينی شۆريجە

١٢٧٣ـ ١٣٤٦ كۆچی

{شێخ موحێدين كوڕی كەسايەتی ناودار و زانای كەم وێنەی گەرميان شێخ مەحمودی قوتب}ە . ساڵی ١٢٧٣ی كۆچی لە دێی شۆريجەی ناوچەی قەرەحەسەن چاوی ئاشنای ژيان بووە . سەرەتاكانی خوێندنی لە خزمەت شێخی قوتبی باوكيدا و پاشتر لە خزمەت شێخ كەريمی براگەورەی دا تەواو كردوە ، پاش خەتمكردنی قورئانی پيرۆز وەك هەموو براكانی ديكەی ، باوكی ناردوويەتيە لای گەورە زانايانی ئەوسەردەمە و درێژەی بەخوێندن داوە ، تا سەرجەمی زانستە ئاينييەكانی «حوجرە »ی تەواوكردوە ، پاش كۆتايی هێنان بە خوێندن ، گەڕاوەتەوە بۆ شۆرجە و سەرپەرشتی كاروباری خانەوادەی خۆيان و خزمانی كردووە.

شێخ موحێدينی شۆريجە كاسايەتيەكی ناودار و لێهاتو بووە ، هەميشە لە ڕووی ناحەقی وستەمدا وەستاوە ، هيچ كاتێك بواری بەكەس نەداوە ستەم لە ڕووی كەسێكی تردا بكات ، لە كاتێكدا كێشە و ناكۆكی لە نێوان دانيشتوانی دێی« شۆرجە » دا هاتبێتە ئاراوە وستەمی تێيدا ڕوودابێت..! شێخ موحێدين كێشەكەی چارەسەر كردووە وسزای ستەمكارانی داوە لەهەمان كاتدا پياوێكی ئاينپەروەر وخواناس وپڕبەزەيی بووە.

ماموەستا مەلا عبدالمجيدی قوتب[١]لە مەرسييەيەكدا كە بۆ وەفاتی شێخ موحێدين بەزمانی فارسی دايناوە..!باس لەمافپەروەری وخواپەرستی شێخ موحێدين دەكات و بە ڕابەری ئاينی دەناسێنێت . ئەم كەسايەتييە ناودارەی دەڤەری گەرميان لە ساڵی ١٣٤٦ی كۆچيدا[٢] وەفاتی كردووە

و جەستەی پیرۆزی لە نێو مەزارگەی باوانیدا لە دێی شۆرجە ، لە تەنیشت گۆڕی پیرۆزی شێخ مەحمودی قوتبی باوکییەوە بە خاك سپێردراوە .

## فراق محب[1]

رحلت دار البقاء ، فرمودئيك أز أهل دين
[شيخ محيالدين]نامش نسل فخرالمرسلين

نعري زار و فوغان أز ئاسمان هفتمين
گريه و ماتم هويدا كرد در رويي زمين

هاتفي أز غيب مينالید دروصفش چونين
{ إن دارالخلد فينـا أزلـفت للـــمتقين }

جوهر تأريخ گوفت عبدالـمجيد دل حزين
قائل غوفران حق بود رهبرأصحاب دين

قوتبزاده عبدالمجيد

---

[1]ئەم مەرسییەیە،خوالێخۆشبوو مەلا عبدالمجیدی قوتب،لەوەفاتی شێخ موحێدیندا وتوویەتی.
[2] مێژووی وەفاتی شێخ محيالدين،بە گوێرەی حیسابی ئەبجەدی دەکاتە ساڵی ١٣٤٦ کۆچی.



# شێخ ئەحمەدی شۆڕجە ٭ فەخری

١٩١٤ - ١٩٧٩ز



شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ موحێدین کوڕی شێخ مەحمودی قوتب کوڕی شێخ عبدالرحمن کوڕی شێخ عبدالعزیز کوڕی زانای ناودار قوتبی ڕێچکەی سۆفیگەری قادری [ شێخ محي‌الدینی کەرکووك]ە.

ساڵی ١٩١٤ لە دێی« شۆڕجە »ی ناوچەی قەرەحەسەن چاوەکانی ئاشنای ژیان بووە ، شێخ ئەحمەد لە باوەشی پڕنازی باوك و دایکێکی وشیاردا پەروەردە بووە ، خوێندنی سەرەتایی لە قادرکەرەم بە زمانی تورکی تەواو کردووە ، لە پشووەکانی هاویندا گەڕاوەتەوە بۆ شۆڕجە و لەو ماوانەدا ئەلف و بێ و بابەتەکانی سەرەتای ئاینی لە خزمەت مامی زانا و بەهرەمەندی{شێخ کەریمی شۆڕجە}دا خوێندووە ، هاوکات زمانی شیرینی کوردی بە شێوازی ئەو سەردەمە خوێندووە کە لە حوجرەدا خوێندراوە

کتێبی ئەحمەدی یەکێك بووە لە سەرچاوەکانی خوێندنی کوردی کە لە زۆربەی حوجرەکاندا خوێندراوە.
بۆ تەواوکردنی خوێندن،چووەتە شاری کەرکوك ولە« مزگەوتی نائب» درێژەی بە خوێندن داوە . بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە سەرچاوەکانی خوێندن لەوسەردەمەدا بەزمانەکانی فارسی وعەرەبی و تورکی خوێندراوە ، ئیدی لە سەرحە شکۆدارەکەی نائب دا بۆ چەندین ساڵ لەسەر دەستی گەورە زانایانی و ماموەستایان ئاینی ، درێژەی بە خوێندن داوە ، پاش کۆتایی هێنان بە خوێندن و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی وەك مومومستایەکی شارەزا ناسراوە و لە کۆڕی ئەدیبان و ئەدەب دۆستاندا ئەستێرەگەشەی نێو توێژەی شاعیران و مەجلیسی شیعر و ئەدەب بووە .
{ شێخ أحمد - فەخری }زاراوەی« ماچۆ »ی زۆر بە باشی زانیوە و پوختەی شیعرەکانی مەولەوی لەبەربووە و لەمەجلیسدا شرۆڤەی کردووە.
ئاوایش زمانی فارسی زانیوە و زۆربەی شیعرەکانی حافظ و پوختەی شیعرەکانی خەیامی لەبەر بووە .
«فەخري » لە کۆتایی ساڵانی سییەکاندا ، پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی حیزبی« هیوا »وە ، ئەو دەمە لە نێو ڕیزەکانی حیزبـدا.. بە « فەخري » ناسراوە .
نازناوی « فەخري » لەسەرەتادا وەك ناوی نهێنی بۆ ئەنجامدانی چالاکی حیزبی ،لەلایەن کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان ، شـاعیر و سیاسەتمەدار خوالێخۆشبوو« مەلاحەسەنی عەبابەیلێ ناسراو بە - شاهۆ » لێپرسراوی لقی کەرکوکی حیزبی« هیوا » وە ، بۆ {شێخ أحمد}دەسنیشان کراوە..!
پاشتر نازناوی «فەخري » خستووەتەپاڵ بەر هەمە ئەدەبییەکانی .
لێرەدا دوونموونە لە شیعری نیشتمانی و شیعری مەجازی شێخ ئەحمەدی شۆرجە « فەخری » دەخەمە بەر دیدی خوێنەری ئازیز:



ئەمن راستی پەرستم ، بێژەری حەق
لە شا باکم نییە ... لە ئاستی ناحەق
لە سینەم دا قەتیس ناکەم مەبەستم
ئەگەرچی ئەنجنم کات ، داری ناحەق

مخابن ...!! ئەو کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان ، لە ٢٧ / ٣ /١٩٧٩دا گیانی پاکی بەرەو لیقای پەروەردگار هەڵکشاوە ، و جەستەی پیرۆزی لە زێدی باب و باپیرانیدا لە دێی شۆرجە ئەسپەردەی خاکی گەرمیانی کوردستان کرا.

درووود بۆ رەوانی پاکی « فەخري » نیشتمانپەروەر و دڵسۆزانی گەل و نیشتمان.

## ئەشکی حەسرەت

مەوجی گریانم ببینە ، رووحەکەم..روح دەرچووە
ئەشکی حەسرەت،ئاهی سینەم،عالەمی داگرتووە
دوکەڵی ئاهم بە جارێ ... ئاسمانی گرتـــــــــووە
جۆیەباری چاوەکانم ... رووی زەمینی گرتـــــووە
بۆیە سەحرای سینەکەم سەبزە غەمی شینکردوە

رەبی تاکەی من بمێنم ... بۆ حەبیبی دڵفوگــــــار
ئەی حەبیبان ،عومرەکەم..بۆ ژین نەماوە ئیعتیبار
ئەی عەزیزان،کوورەیی دڵواڵە دەستی هیجری یار
ئەی ڕەفیقان..مەنعی ناڵینم مەکەن بێ ئیختیـــــار
حاڵەتێکە ، من دەزانم دڵ لە دەستم دەرچــــــووە

شـەیخونا.!رێگەی تەریقەت دامەدە،بێ فایدەیـــە
واعیزا .! وەعزی سەبووری دامەدە ، بێ فایدەیـە
ناسیحا ..! بۆ جێی حەقیقەت لامەدە ، بێ فایدەیــە
دولبەرا،تۆیش زوڵف وپەرچەم بامەدە،بێ فایدەیە
من لەمەكتەبخانەیی‌غەم دەرسی‌عەشقم خوێندووە

تیيری زەخمم بێ محابە، تۆ لەهەرلای ئەی تەبیب
هەرئەتۆی دەرمانی دەردم« إن دعيتم ، فأستجب »
قەتمەڵی زەخمت بەئاسان چاكدەبێ تۆئەی‌حەبیب
خۆت ئەگەربێی بمكوژی خۆشەلەلام،ئەممارەقیب
وادەڵێ:مەحبووبە قەتڵی تۆی بەگوێی من گووتووە

عەشقی یارم هێند ە زۆرە ، چەند بڵێی،هێشتاكەمە
كێوی غەم بارە لە شانم ، موبتەلای ئەم حاڵەمـــە
زاهیرا قوربان ئەناڵم من..! لە لای ئەم لالەمـــە
هیچ كەسێك نایێ بەهاوارم ... لە ناو ئەم عالەمـــە
وا لە بەر ناڵە و فەغانی من ، قیامەت هاتـــووە

---

لێرەدا وەك وەفایەك بۆ ڕۆڵی « مزگەوتی نائب » ، ئەو سەرحی زانستە لەوسەردەمەدا و بۆ بەئاگابوونی نەوەی نوێمان لە ڕابردووی گەلی كورد ونیشتمانی پیرۆزمان ، بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵەیان لەلا ڕوون بێت.« مزگەوتی نائب » لەسەرەتای دروستبوونییەوە تا كۆتایی پەنجاكان ، سەرحێكی زانستی گرنگ بووە لە گەیاندنی زانست وپێگەیاندنی زانایاندا، زۆر لە شـاعیرانی كورد لە ناوچەكانی كەركوك و دەڤەرەكانی دیكەی كوردستان ، دەرچووی ئەو سـەرحە دێرینە بوون ، لەوانە : بێخود ـ صابیری ـ فەخري ـ هەوایی ـ خاكی ـ فیكري ـ عاصي ـ عاشقی . لەوێوە شێخ ئەحمەد زیاتر چووەتە نێو بواری ڕۆشـنبیریەوە ولەوێیشدا بابەتە زانستیە ئاینییەكان و بابەتەكانی زمانەوانی و ئەدەبی و مێژوویی فێربووە ، لەو دەمەیشەوە{فەخري}خولیای شیعر وئەدەب بووە وئەو ئارەزووە لە دەروونیا جێگیربووە .

{ ئەشكی‌حەسرەت } پێنجخشتەكییەكە لە كەشكۆڵە دەسنووسەكەی« فەخري »یدا هاتووە و لە پەراوێزەكەیدا بەرواری ساڵی ١٩٣٨نووسراوە . وا لێرەدا دەیخەمە بەردەست ودیدەی خوێنەری ئازیز...بەو ئومێدەی توانیبێتم بۆنی غونچەگوڵێك لە گوڵزاری ئەدەبی كوردی لەم كات وساتەدا بە هەناسە و دەروونی عاشیقانی ئەو بەهەشتە بگەیێنم .

# شێخ نجم‌الدینی شۆرجە * صابری

١٨٨١- ١٩٤٤ ز



{شێخ نجم‌الدين ، كوڕی شێخ عبدالرحمن، كوڕی شێخ مەحمودی قوتب كوڕی شێخ عبدالرحمن،كوڕی شێخ عبدالعزيز، كوڕی زانای ناودار و قوتبی ڕێچكەی سۆفيگەری قادری[ شێخ محي‌الدينی كەركووك]ـە.
لەنێو كۆمەڵگەی كوردەواریدا بە ‹‹ صابري ›› ناسراوە .
خوالێخۆشبوو شێخ نجم‌الدين ، لە دێی شۆرجەی ناوچەی قەرەحەسەنی دەڤەری گەرميان چاوەكانی ئاشنای ژيان بوون .
‹‹ صابري ››مرۆڤێكی گەش و ڕووخۆش بووە ، لە بواری دەرمانسازی وتيماسازی ميلليدا زۆر شارەزا بووە ، ئەو كەسايەتييە ناودارەی گەرميان لەنێو كۆمەڵگەی كوردەواريدا...وەك شاعيرێكی بە سەليقەی عيرفانی ناسراوە،ئەو لە بوواری شيعری عيرفانيدا زۆر شارەزا و باڵادەست بووە.

‹‹ صابري ››بە زمانەکانی:- کوردي - فارسی و تورکی - شیعری وتووە . لێرەدا نموونەیەك لە شیعرە مەجازییەکانی صابیری دەخەمە بەر دیدەی خوێنەری ئازیز ، کە دەڵێت :

جانا..! لە هەناسەی دەمەکەت بۆنی شیفا تـێ
دەم بنیە دەمم ..! با نەمرم ، خێرت ئەگاتـــێ

عومرێکە بەرۆژووم ونەبووجەژنی صیامێ
بەدبەختم ونەمدی لە شەوا ، قەدر وبەراتـــێ

کەوتوومە لەبەر قاپییەکەت ، سائیلی رووتم
شادمکە بە ئیحسان و بە ئینعام و زەکاتـــێ

ئەووەعدەیەفەرمووت،کەچی ئیفات نەفەرمو
باوەڕ بکە ئەمجا لە دەست..! ئەچمە شکاتـــێ

‹‹ دیوانی صابري›› تاکە بەرهەمی لەچاپدراوی شاعیرە ، کە لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆ یەکەم جار لە چاپخانەی شارەوانی کەرکوك لەچاپدرا .
بۆ ئەنجامدانی چاپکردنی دیوانی صابیری ، ماوەی٣مانگ نووسەری ئەم کتێبە عبدالکريم بەرزنجی کە ئامۆزازای صابیری شاعیرم ..! کاری پاکنووسی و سەردێڕکردن و ئامادەکردنی تاکە بەرهەمی شیعری ئەو کەسایەتییەم گرتە ئەستۆ ، تا ‹‹ دیوانی صابري›› بە شێوەیەکی قەشەنگ بێتە چاپکردن . لە کۆتاییدا پاکنووسی دیوانەکەم بە شێوازێکی ئەوەندە پوخت ئامادەم کردبوو ، بووە مایەی سەرسووڕمانی بەڕێوەبەری چاپخانەی شارەوانی کەرکوك { عوسمان خۆشناو } و کارگوزارانی چاپخانەکە. بۆیەلەرێگەی ئەدیب ونووسەر بەرێز ‹حسێن بەرزنجی ›ـەوە کە سەرپەرشتی چاپکردنی دیوانەکەی گرتبووە ئەستۆ ، لە لایەن ستافی چاپخانەی شارەوانی کەرکوکەوە داوای چاوپێکەوتنم کرا. بە تێر و

تەسەلی وتووێژمان لەسەر ئەو نیگارانە کرد کە لە کۆتایی هەموو ستوونە شیعرێکی‹ دیوانیصابري ›دا کێشابووم ، هیواخوازبوون گەر بتوانرێت رێگەچارەیەك بەدەسبێنرێت بۆ دارشتنی نیگارەکان ، تا لەگەڵ شیعرەکاندا بێتە چاپکردن ، بەڵام چونکە لەو سەردەمەدا تەکنیکی ئۆفسێت نەگەیشتبووە عیراق ، نەکرا هیچ رێگەچارەیەك بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە بەدەسبێت ، بۆیە بە ناچاری بەبێ نیگارەکان دیوانی صابیری لەسەر ئەرکی بەرێز ستار عبدالله لە چاپدرا . شاعیری عیرفانی خوالێخۆشبوو ‹‹ صابري ›› ، لە ٩/١٢/١٩٤٤ی زاییندا لەدونیا دەرچووە و لە گۆرستانی گوندی شۆریجەی ناوچەی قەرەحەسەن ئەسپەردەی خاکی گەرمیانی کوردستان کراوە .

سڵاو لە رەوانی پاکی صابیری و ناودارانی گەرمیانی کوردستان.

---

**خوێنەری هێژا: دەکرێت بڵێم مایەی نیگرانی من لەوەدایە کە بە تەنیا دێرێکیش باس لە ئەرك و ماندووبوونی من نەکرا، لە ئامادەکردنی‹‹ دیوانی صابري ››دا بۆ بە چاپ گەیاندنی ..!**
**بێگومان ئەو کارە بۆ من ئەرکی سەرشانم بوو، چونکە‹‹ صابري ›› ئامۆزای باوکی بەهەشتیم ‹‹ شێخ ئەحمەد فەخری ›› بوو . وەك جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٥٩دا باوکم ئامادەکاری بۆ دیوانی صابیری کردبوو بۆ لەچاپدانی ، منیش هەمان ئەرکی ئەو باوکە مەزنەمم بەجێهێنا ، بەڵام شیاو نیە بۆ کەسانێك لافی پیادەکردنی ئوصوڵ ئادابی مەعریفی لێبدەن و ئەرك و ماندوبوونی خەڵکی دیکە بە هی خۆیان بزانن.**
**کۆمەڵگەی گەرمیان..!خانەی ئاداب و رەوشتی جوانە وناپەزێری قوبوڵ ناکات ، بۆیە درەنگ بێت یان زوو..! ئەوی لەژێر بەرەدایە دەکەوێتە سەربەرە ، رۆژگاریش زامنی راستییەکانە .**

**نووسەر**

# ﴿ شێخ عبدالرحمنی شۆرجە ﴾

١٩١٥ – ١٩٧٧



﴿ شێخ عبدالرحمن ﴾ کوڕی شاعیری عیرفانی‹‹ صابري ›› شێخ نجم‌الدین ، کوڕی شێخ عبدالرحمن ، کوڕی شێخ محـودی قوطب ، کوڕی شێخ عبدالعزیز کوڕی شێخ محي‌الدین‌ی کەرکوکە . شێخ عبدالرحمن بەدەر لەوەی کە کەسایەتییەکی ناسراوی ئاینی بوو ، ئەو کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی گەلی کورد و خاکی کوردستان بوو .

﴿ شێخ عبدالرحمن ﴾ لە درێژەی تەمەنیدا هیچ کاتێك ، لە گەڵ هیچێك لە ڕژێمەکانی دەسەڵاتداری عیراقدا تەبا نەبووە و هەردەم شانبەشانی بەرەی گەل دڵسۆزانە وەك خەباتگێرێك هەلسوکەوتی لەگەڵ بارودۆخەکەدا کردووە . لە سەرەتای هەڵگیرسانی مەشخەڵی شۆڕشی ڕزگاریخوازی

گەلی کوردەوە لە ساڵی ١٩٦١دا ، تا ئەو دەمەی ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان کرد ، هەردەم تەکییکەی لە دێی شۆریجەی قەرەحەسەن سفرەخوانێکی کراوە بوو لە ڕووی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا. چەندین جار رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق هەوڵیان داوە خزمەت



بە﴿ شێخ عبدالرحمن﴾بگەیێنن بەمەبەستی سوودمەندبوونی دەسەڵات لەو ڕێگەیەوە. بەڵام ئەو کەسایەتییە مەزنە هەرگیز ئامادە نەبووە خۆشەویستی گەل ونیشتمان وەلاوە بنێیت بەڵکو داواکاری ڕژێمی وەلاوە ناوە.

﴿ شێخعبدالرحمن ﴾ دوور لە تەمەعی دونیا ولە پێناوی خزمەتکردن بە خەڵکی دەڤەری گەرمیان بە تایبەتی و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان بە گشتی ... ساڵانی تەمەنی بەسەربرد .

﴿ شێخعبدالرحمن ﴾بەپێچەوانەی شێخانی هەلپەرستیئەو سەردەمە وئەم سەردەمەوە بەسەربەرزی و شکۆمەندیەوە تەمەنی بەسەربرد و بۆ تەنها ساتێکیش سەری بۆ ماڵی دونیا وسوودي تایبەت نەوی نەکرد ، و وەك خەڵکانێکی هەلپەرست خۆی شەرمەزاری لای خودا وگەلە چەوساوەکەی نەکرد.

خوالێخۆشبوو شێخ عبدالرحمن پاش تەمەنێك لە سەروەری لە ئێوارەی رۆژی ٣٠/ ١٢ / ١٩٧٧دا ، ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و گیانی پاکی بەرەو بارەگای خوداوەندی هەڵکشا ولاشەی پیرۆزی لە مەزارگەی باب و باپیرانی لە نێو تەکێیی دێی شۆریجەی ناوچەی قەرەحەسەنی دەڤەری گەرمیاندا، ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی گەرمیانی کوردستان کرا .

# شێخ عبدالستار بەرزنجی

١٩٤٣ -١٨٨٠



[ شێخ عبدالستار بەرزنجی ] کوڕێ شێخ محمدی بەرزنجی گەڕەدانی کوڕی شێخ عەلي بەرزنجی کوڕی شێخ حسنی قوولە کوڕی زانای گەورەی شەریعەت وتەریقەت [ شێخمحيالدینیکەرکووك ]ـە.
شێخ عبدالستار ساڵی١٨٨٠دا لە گەڕەکی‹‹ ئاخی حسێن ››ی شاری کەرکوك..لە خانووی ژمارە ٣١٦ دا چاوی ئاشنای ژیان بووە .
لە ساڵی ١٩٥٤دا ئەوخانووەی کە شێخ عبدالستار چاوی تێدا هەڵهێنابوو شارەوانی کەرکوك و فەرمانگەی رێگاوبان ، بە بەبیانوی ئەوەی کە گوایە خانوەکە بەرنەخشەی جادەی گشتی کەرکوك - سلێمانی دەکەویت دەستیان بەسەردا گرت و خاپوریان کرد . تائێستایش ئاسەواری ئەو شوێنە

پیرۆزە ماوە و کاریگەری لە دڵی کوڕەکانی شێخ عبدالستار و نەوکانی و خەڵکی ڕەسەنی شاری کەرکوکدا بەجێهێشتوە و هەمیشە خەمێکی زیندووە لە دەروونیاندا.

شێخ عبدالستار بەرزنجی:خوێندنی حوجرەی لەخزمەت زانای بە ناوبانگ [ شێخ محمدی گەڕەدان ]ی باوکیدا تەواو کردووە ، هەروا زۆرێك لە زانستەکانی لای گەورە زانایانی کەرکوك و گەرمیان تەواو کردووە.

پاش تەواوکردنی خوێندن و بەدەسهێنانی ئیجازەی ماموەستایی، وەك قازی لە قەزای رانیە دامەزراوە ، پاشتر گوێزراوەتەوە بۆ قەزای شەقڵاوە ماوەیەکی زۆر فەرمانی قازێتی لەو دەڤەرەدا ئەنجامداوە، بەڵام نەزانراوە ماوەی چەند ساڵ فەرمانبەر بووە..! ئایا کەی وچۆن دەستی لەکاری فەرمانبەری هەڵگرتووە..؟ ئەو خاڵە نادیارە..!

شێخ عبدالستار ، هەردەم هاتوچۆی مزگەوتی بەناوبانگی ‹‹ نائب ››ی کردووە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ زانایان:مەلا ناصح ، ومەلا رەزای واعیز وشێخ عیزالدین دا هەبووە ، ولەوێیشدا دەرسی بە فەقێیان وتۆتەوە.

لە مزگەوتی بلاخ - یشدا کە ماموەستا مەلا عبدالرحمن سەرپەرشتی کردووە ، دەرسی وتۆتەوە ،.

شێخ عبدالستار بەرزنجی ، پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ خوالێخۆشبوو کەسایەتی ناوداری گەرمیان وکوردستان{سەید أحمدی خانەقا}دا هەبووە و لە ‹‹ خانەقا ››یشدا بە خزمەتی‹‹ شێخ محمودی نەمر ›› گەیشتۆتە .

شێخعبدالستاربەرزنجی۩: لە ساڵی ١٩٣٠دا ، سەرۆکایەتی کۆنگرە بەناوبانگەکەی ماموەستایانی ئاینی لیوای کەرکوکەی کردووە ، ئەو کۆنگرە گرنگە ، بەسەرپەرشتی خوالێخۆشبوو{ تحسین عەسکەری } موتەسەڕیفی کەرکوك بەستراوە ، لەو کەسایەتییە ناودارانەی گەرمیان کە بەشداری کۆنگرەکەیان کردووە ئەمانەن :-

شێخ عبدالستار بەرزنجی - تەحسین عەسکەری - مەلا ناصح - مەلا ڕەزای واعیز - مەلا سولەیمان - مەلا رەئووف - شێخ علي تاڵەبانی - مەلا صابر ، وزۆرێك لە زانایانی دیکەی ناوچەکانی کەرکوك وگەرمیان بوون ، مایەی خۆشحاڵیە کە چەند وێنەیەکی ئەو کۆنگرەیە تا ئێستا ماوە و لە مۆزەخانەی کەرکوك پارێزراوە.

لە ماوەی ماموەستایەتی﴿ شێخعبدالستاربەرزنجی ﴾ دا ، چەندین مەلای بە توانا ئیجازەیان لەسەر دەستی وەرگرتووە .

ئەم زانا خاوەن ئەزموونە ناودارە ، زۆر باڵادەست بووە لە نووسیندا. پاش کۆچی دووایی کتێبخانەیاکی گرنگی لێ بەجێمابوو ، لە کتێبخانەکەدا کتێبەکانی شێخ محمدی باوکی کە بە میراتی بۆی بەجێمابوو لەگەڵ کتێبەکانی خۆیدا باشترین گەنجینەی زانستی پێکهێنابوو ، لەو گەنجینە کەم وێنەیەدا ، سەدان کتێبی دەسنووس و هەزاران کتێبی چاپکراوی نایابی تێدابووە ، پاش وەفاتی شێخ عبدالستار..!وەك بەرێز شێخ قادری۩کوڕی نووسیویەتی دەڵێت: چونکە ئێمە منداڵ بووین مەلا حسینی کەرکوکی کە یەکێك بوو لەو چەندین مەلا بە تواناکانەی کە لەسەر دەستی باوکم ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتبوو..!!سەرپەرشتی کتێبخانەکەی لە ئەستۆ گرتبوو ، شێخ قادر لە درێژەی بابەتەکەیدا گلەیی و گازندە دەخاتە ڕووی هەندێك لە خزمانی باوکی ودایکی خۆی ، و دەڵێت: تەمعیان کردبووە کتێبخانەکەی باوکم و بۆ سوودی تایبەتی خۆیان وستەم کردن لە ئێمە چوونە دادگای کەرکوك و لەوێ سکاڵایان دژ بە ماڵ و منداڵێ شێخ عبدالستار بەرزنجی باوکم تۆمار کرد...کە گوایە ئێمە ‹‹قاصر››ین..و ناتوانین پارێزگاری لەو کتێبخانەیە بکەین . پاشتر دادگا دەستی بەسەر ئەو گەنجینە نایابەدا گرت و لە حەوشەی مزگەوتی‹‹ نائب ››دا بە هەڕاج هەرزانفرۆش کرا ، و ئەو خزمانەی ئەو کارە ناشایستەیان دژ بە ئێمە

کرد توانیان لەو ڕێگەیەوە بگەنە مەرامی خۆیان ، و ئەو کتێبانەی مەبەستییان بوو لە مەزادکردنەکەدا دەستیان کەوت .

مخابن شێخ‌عبدالستاربەرزنجی لە مانگی ٣ ساڵی ١٩٤٣دا گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشاوە و لەگۆرستانی گردی شێخ محێدین لە کەرکوك بە خاکی گەرمیانی کوردستان سپێردراوە.



# سەید ئەحمەدی خانەقا

١٨٧٣ -١٩٥٢



سەیید ئەحمەد کوڕی سەیید حسێن کوڕی سەیید عەبدولقادر کوڕی سەیید ئەحمەدی سەرداره ، ساڵی ۱۸۷۳ لە گوندی[ سەرگەڵو ] لە بنەماڵەیەکی ئایینی ونیشتمانپەروەر و ناسراودا ، چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون ، بە منداڵی لای مامۆستایانی بەناوبانگی ناوچەکە ، فێری خوێندن ونووسین بووە ، پاشان لەسەر دەستی گەورە زانایانی کوردستان سەرجەمی زانستەکانی ئایینی تەواو کردووە ، دواتر وەك رابەرێكی تەریقەتی (نەقشبەندی) ناوبانگی دەرکردووە ، لە شاری کەرکوك خانەقای بونیاد ناوە و نیشتەجێ بووە ، ئیدی بە سەیید ئەحمەدی خانەقا ناوزەد کراوە .

سەیید ئەحمەد : بۆ خزمەت کردنی ئەو رێبازە پیرۆزە خۆی تەرخان کردووە . خوالێخۆشبوو{سەیید ئەحمەدی خانەقا}، خانەقاکیان وهەموو سامان ودارایی خۆی و بنەماڵەکەی تەرخان کردووە بۆ یارمەتیدانی هەژاران و لێقەوماوان وهەمیشە خانەقاکەی جێی داڵدەی خەڵکانی لانەواز بووە .

ئەم پیاوە ناودار و بەخشندە و خواناسە ، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە کەسایەتییەکی گەورە وناسراو بووە ، بەرپرسان و کاربەدەستانی دەوڵەت رێزی زۆریان لێگرتووە.

{ سەیید ئەحمەد } هەمیشە لەگەڵ پرسی مافی ڕەوای میللـەتەکەیدا بووە. پەیوەندی و دۆستایەتییەکی پتەوی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفیددا هەبووە ئاواش پەیوەندی لەگەڵ هەموو ناوداران و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورددا ، و لە کاتی تەنگانەدا داڵدەی داوون و خزمەتی کردوون و زۆرجار بووەتە پشت وپەنای ئەو تێکۆشەرانەی کە دەوڵەت هەوڵی دەستگیرکردنیانی داوە.

گوندەکانی:گۆپتەپە ـ عەسکەر ـ سەرگەڵو ـ کە بە موڵکایەتی هی بنەماڵەی سەیید ئەحمەد بوون ، هەمیشە لانەی تێکۆشەران و خەباتگێرانی ئەو

سەردەمە بووە ، لە زوربەی رووداوە سیاسی و مێژووییەکانی سەدەی رابردوودا.
{سەیید ئەحمەدی خانەقا}هەمیشە وەك کەسایەتییەکی کوردپەروەر وغیرەتمەند باسکراوە.
ئەم گەورە پیاوەی کورد خزمەتی هەموو کوردێکی کردووە بەبێ جیاوازی وهەمیشە هەوڵیداوە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بۆ یارمەتیدانی کورد بەکار بێنێت.
مخابن..! ئەم گەورە پیاوە ناودارەی گەرمیانی کوردستان ، لەتەمەنی ٧٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و سەروەرییەکی زۆری بۆخەڵکی شاری کەرکوك و دەڤەری گەرمیان بەجێ هێشتووە ، درووود بۆ گیانی پاکی سەییدئەحمەدی خانەقا و ناودارنی نیشتمانپەروەری گەرمیانی کوردستان.

# مەریەم خانی خانەقا

١٩١١ - ١٩٩٣



**مەریەم خان** / کچی سەیید ئەحمەدی خانەقا ، کوڕی سەیید شێخ حوسەینی خانەقا ، کوڕی سەیید شێخ قادری سوور ، کوڕی سەیید شێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەڵوویی بەرزنجییە ، ئەم بنەماڵەیەیش بەرزنجیان دەچنەوە سەر سەیید شێخ بابا رەسولی گەورە .
لە ساڵی ١٩١١ دا لە شاری کەرکوك چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون .
خاتوو فاتیمەی دایکی کچی[حاجی شێخ ڕەزای عەسکەری]یە ، خاتوو فاتیمە بەیەکێك لە ئافرەتە ناودارەکانی کەرکوك و گەرمیان ئەژمار کراوە.
**مەریەم خان** / کەسایەتییەکی ناوداری کەرکوك و گەرمیانی کوردستان بووە و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ زۆرینەی بنەماڵەکانی کەرکوك لە کورد و تورکمان و عەرەب دا هەبووە .
**مەریەم خان** / تا دەمی ماڵئاوایی کردنی لە گەلی کورد و خاکی کوردستان بێ کەموکووڕی ، خانەقای سەیید ئەحمەدی باوکی بەڕێوەبردووە .
خانەقا // تائێستایش سەرحێکی کۆمەڵایەتی گرنگ وبە ناوبانگی کەرکوك کوردستان و عیراقە .
**مەریەم خان** / کەسایەتییەکی ژیر و رۆشنبیر و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرچاوی شاری کەرکوك بووە . خانەقاکەی باوکی بەشکۆداریەوە راگرتووە و بەڕێوەی بردووە ، هەمیشە دەرگای خانەقا لەڕووی میوانان و موریدانیدا ئاوەڵا بووە و رۆژانە سەدان لە هەژاران و لێقەوماوان لە خانەقی سەید ئەحمەد دا حەساونەتەوە و خزمەت کراون .
**مەریەم خان** / پەیوەندی پتەوی لەگەڵ بنەماڵە ناودارەکانی کوردستاندا هەبووە ، لە سەرانسەری کوردستان و عیراقدا .
مخابن بەهەشتی مەریەمخان لە ٩ / ١٢ / ١٩٩٣ دا ڕەوانی پاکی بەرەو بارەگای خوداوەندی هەڵکشاو جەستەی پیرۆزی لە نێو خانەقای باوکیدا لە شاری کەرکوك ئەسپەردەی خاکی کوردستان کرا ، سڵاو لە ڕەوانی پاکی مەریەم خان و سەرجەم ناودارانی گەرمیانی کوردستان .

# شێخ رەئوفی خانەقا

## ١٨٩٦ - ١٩٧٣ ز



شێخ رەئووف کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ موحەممەدە. ساڵی ١٨٩٦ز لە شاری کەرکوك چاوی ئاشنای ژیان بووە.
شێخ رەئووف لە بنەماڵەی سەیید ئەحمەدی خانەقایە ، کە بنەماڵەیکی ئاینی و کۆمەڵایەتی ناوداری شاری کەرکوکن .
‹‹ شێخ رەئووفی خانەقا ›› پەروەردەی نێو ئەو بنەماڵە سەروەرە بووە و بە ئاداب و نەریتی خانەقای سەیید ئەحمەد ئاشنا بووە و لەو کەش و هەوایەدا و لە نێو مەجلیسی خانەقای سەیید ئەحمەددا نەش ونمای کردووە بۆیە کەسایەتیەکی رۆشنبیر و بە توانا و ناوداری لێ بەرهەم هاتووە .
ئەم کەسایەتیە رۆشنبیر و ناودارە سەرەتای خوێندنی حوجرەی لەسایە و سەرپەرشتی کەسایەتی ناودار ‹‹سەیید ئەحمەدی››ی خاڵیدا دەستپێکردووە

تا تەمەنی ١٨ساڵی لەسەر دەستی ماموەستایانی بەتوانای ئەوسەردەمە بابەتە ئایینیەکانی خوێندووە .
‹‹ شێخ رەئووفی خانەقا ›› بێجگە لەزمانی کوردی دایك ، زمانەکانی فارسی ، تورکی ، عەرەبی .. بەباشی زانیوە .
ساڵی ١٩٣٣ز ، وەك فەرمانبەر دەسبەکاربووە ، ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان لە درێژەی تەمەنیدا، خزمەت بە گەلەکەی پیرۆزترین دروشمی ژیانی بووە ، لە ساڵی ١٩٤٨دا بە هۆی تێوەگلانییەوە بە کاروباری سیاسەتەوە ، دوورخراوەتەوە بۆ شاری هەولێر ، ساڵی ١٩٥٧ کراوەتە بەڕێوەبەری کتێبخانی گشتی کەرکوك ، ساڵی ١٩٦٦خانەنشین کراوە .
‹‹ شێخ رەئووفی خانەقا ›› شۆڕەسوایکی جاپك و ئەستێرەیەکی گەشاوەی مەیدانی بابەتەکانی کلاسیکی و رۆمانسی ئەدەبی کوردی بووە.
بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم کەسایەتیە رۆشنبیروناودارە ئەمانەن: دیوانی شیعرەکانی خۆی - کورتەباسێکی مێژوویی دەربارەی نەژادی هەندێك لە هۆزە کوردەکان - فەرهەنگێکی کوردی .
مخابن..ئەم ڕۆشنبیرە ناودارەی دەڤەری گەرمیان ، شەوی یەکشممە ڕێکەوتی ٢٧/ ٢٨ - ٥ - ١٩٧٣دڵی پڕسۆزی نەتەوایەتی لە لێدان کەوت و گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشا .

# شێخ عەبدولقادری گوڵەنەبڕ

١٣٥٤کۆ- ١٩٣٥زاین



شێخ عەبدولقادری گۆپتەپە کوڕی شێخ حەمەساڵحی گۆپتەپەیە ، ساڵی ١٩٣٥ز لە دێی ‹‹گۆپتەپە››ی سەنگاو چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون. ئەم کەڵەپیاوە ناودارەی گەرمیان وەك هەموو گەنجانی ئەوسەردەمەی بەرزنجیەکان، قۆناغەکانی خوێندنی حوجرەی بڕیوە و وەك کەسایەتیەکی زانا و سەرکردە ، لە دەڤەری گەرمیان و زۆر لەناوچەکانی دیکەی کوردستاندا ناسراوە .

﴿شێخ عبدالقادری گوڵـەنەبڕ﴾ لە سەرەتای لاوییەوە خولیای وڵاتپارێزی لە دەروونیا گڵاڵە بووە ، ئەم کەڵەپیاوە ساڵی ١٩١٦ لە ناوچەی مەیدانی سەربە شاری خانەقین بە خۆی و جەنگاوەرەکانیەوە رووبەڕووی هێرشی سوپای روسەکان بووەتەوە .

ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان سەرکردەیەکی ئازا و بەجەرگی لەشکری شۆڕشگێڕی شێخ مەحمودی نەمر بووە ، و بەشداری زۆربەی ئەو جەنگانەی کردووە کە دژ بە سوپای داگیرکاری ئینگلیزەکان کراوە .

لە بەهاری ساڵی ١٩١٩دا لە‹‹ دەشتی کچان ››ی سەنگاو دا ، شێخ عەبدولقادری گوڵـەنەبڕ خۆی و دەستەیەك لە شۆڕشگێڕانی ناوچەکە شێرئاسا رووبەڕووی هێزیکی زەبەلاحی ئینگلیزەکان بوونەوە و ئەو هێزەیان تێکوپێك شکاند و فەرماندەی هێزەکەیان بەدیل گرت .

# ﴿ شێخ بابارەسولی تۆران ﴾

----- / ١٩٧٨



﴿ شێخ بابارەسولی ﴾ ، كوڕی شێخ قادری زرێپۆش ، كوڕی شێخ عەلي یەگردە ، كوڕی شێخ حەسەنی ‹‹ كێلەكەوە ››یە .
ئەم كەسایەتیە ناودارەی گەرمیان لە شێخانی بەرزنجییە ، كە دەچێتەوە سەر نەوەكانی شێخ ‹‹ عەلي كۆستە ››ی دۆڵپەمووە .
لە تەمەنی پێویست بە خوێندندا ، حوجرەنشین كراوە ، و بە بێ دابڕان قورئانی پیرۆز و كتێبەكانی دیكەی سەردەمی حوجرەی خوێندوە . پاشان بۆ وەدەسهێنانی زانستە ئایننیەكانی پێویست بۆ مامۆستای ئاینی رووی لە شاری ‹‹ مەریوان ››كردوە ، تالەوێدا سەرجەمی بابەتەكانی زانستی ئاینی لەسەر دەستی گەورە مامۆستایان ناوداری ئەو دەڤەرە بەدەسهێناوە.
﴿ شێخ بابارەسولی ﴾، یەكێك بووە لەو نیشتمانپەروەرانەی لەدژی توركانی عوسمانی جەنگاون.!كاتێك خاكی كوردستانیان داگیر كردوە.

ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان یەکێك بووە لەو گیانفیدا قارەمانانەی نێو لەشکری‹‹ شێخ محمودی نەمر ››دا، کە دژبە سوپای ئینگلز بەشداری شەڕی ‹‹ بەردەقارەمان ››ی کردووە .
شێخ بابارەسول:لەپاڵ ئەو هەموو نیشتمانپەروەریەدا، رابەرێکی ناوداری رێچکەی سۆفیگەری قادری بووە ، و لە نێو خەڵکی باشووری کوردستان وخەڵکی رۆژ هەڵاتی کوردستاندا، سەدان موریدی هەبوە و لەسەردەستی ئەو کەسایەتیە خواناس وناودارەی گەرمیان ، پەیمانی ڕاست و دروستی پەرستشی پەروەردگاریان نوێ کردۆتەوە . سەرەتا هاونشینی ئێڵەکانی جاف بووە ، و رۆژگاری ژیانی لە هەڵ هۆزی ‹‹ تەرخانی ››دا بەسەر بردووە ، کاتێکیش بڕیاری ژیانی نیشتەجێبوونی داوە و دەسبەرداری ژیانی هەوارنشینی بووە ، دێی ‹‹ توران ››ی دەڤەری گەرمیانی کردۆتە مەکۆی خۆی و خێزانی ولەوێدا تەکێ و بارەگا بونیاد ناوە .
تا کۆتایی ساڵانی تەمەنی وەك رابەرێکی پاکڕەوشتی رێبازی تەریقەتی قادری ، لە ناوچەکانی دەڤەری گەرمیان و دەوروبەریدا خزمەتی بە ئاین وکۆمەڵگەی کوردەواری کردووە .
﴿ شێخ بابارەسولی ﴾ لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا ، هەواری گواستۆتەوە بۆ دێی ‹‹ گرێزە ››ی دەوروبەری ‹‹ سەییدسادق ››، و لەنێو دەروێشان و موریدانی خۆیدا لە هۆزی ‹‹ شێخ سمایلی ›› جاف ، کە تیرەیەکن لە ئێڵی جافی مورادی ، نیشتەجێ بووە ، و لەوێوە درێژەی بە رابەرایەتیکردنی موریدانی داوە . ئەو کەسایەتییە ناودارە لە ٢ - ٧ - ١٩٧٨ دا گیانی پاکی بەرو ئاسمان هەڵکشاو لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی شێخ محمدی تەڕاتەوەن ، لە تەنیشت مەزاری پیرۆزی باوکییەوە ئەسپەردەی خاکی کوردستان کراوە . ناوی ئەم کەسایەتیە دڵسۆزەی دەڤەری گەرمیان لەسەر لاپەرەکانی مێژوو نەخشی گرتووە .

# پیری قەرەچێوار

# ١٢٦٤ـ ١٣٢٤



ناوی ئەم کەسایەتییە مەزنەی باسی دەکەین ، شێخ حەسەن کوڕی شێخ عبدالکریم ، ساڵی١٢٦٤کۆچی ، لە شاری کەرکوك لەدایکبووە .
ئەم کەسایەتیە ناودارو پیرۆزە یەکێك بووە لە رابەرە مەزنەکانی ڕێچکەی سۆفیگەری قادری ، چەندین نازناوی لەخۆ گرتووە کە خەڵکی دەڤەری گەرمیان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان پێیان بەخشیوە لەوانە : شمس الدین ، پیری رۆخانە ، پیری قەرەچێوار ...کە زیاتر لە ناو موریدان ئەهلی ڕێچکەی سۆفیگەریدا ، بەم نازناوەی دوایی دەناسرێت.
{ مامۆستا مەلاعبدالکریمی مودەریس} و { شێخ محمدی خاڵ } دەڵێن: شێخ حەسەن ‹ پیری قەرەچێوار › لە ساڵی١٢٦٤ی کۆچیدا هاتووەتە دونیاوە و٦٣ شەست وسێ ساڵ ژیاوە ، وەك بیستراوە ئەو زاتە پیرۆزە نزای لە پەروەردگار کردووە کە لە حەزرەتی پێغەمبەر[د.خ]زیاتر نەژێت.
پیری قەرەچێوار لە سەیدەکانی بەرزنجەیە ، بەرزنجییان بە پایەبەرزی و زانست و خواناسی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان و زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا ناسراون ، سەدان کەسایەتی ناوداریان تیدا هەڵکەوتوون ، لە سەرووی هەموویانەوە سەیید شێخ موسا ، و سەیید شێخ عیسای بەرزنجی

كە باپیری گەورەی بەرزنجییەكانە ، لە نەوەكانی سەیید شێخ عیسای بەرزنجی سەدان كەسایەتی دیكەی ناودار كە لە نەوەكانی ئەو عەشیرەتە ناوداره هەڵكەوتوون.
‹‹ پیری قەرەچێوار ›› لە تەمەنی ٦ ساڵیدا نێردراوەتە بەر خوێندن و لە تەكیەكەی شێخ عبدالكریمی باوكیدا كە دەكەوێتە گەرەكی دێرینی ‹ ئیمام قاسم ›ی شاری كەركوكەوە...دەستی بە خوێندن كردووە ، قورئانی پیرۆز و وردە كتێبەكانی كە لەحوجرەدا خوێندراون ، لەوێدا تەواوكردووە بۆ وەدەسهێنانی زانستە ئایینیەكان ژیانی فەقێیەتی هەڵدەبژێرێت ڕوو لە ماموەستایانی ناودار و بەتوانا دەكات لەهەركوێیەك بووبن .
‹‹ پیری قەرەچێوار ››زۆر زیرەك و هۆشمەند و بیرتیژ بووە ، سەرەڕای ئەمانە قوتابیەكی رەوشتبەرز و ئاینپەروەر بووە.
ئەو بابەتە زانستانەی كە پیری قەرەچێوار لە ماوەی ژیانی فەقێیەتیدا خوێندوویەتی ئەمانەن:‹ فیقهـ›،‹ نەحو ›،‹ سەرف ›،‹ بەیان ›،‹ زمان ›-‹ مێژوو ›...هتد... لە هەموو ئەو زانستانەدا شارەزا بووە ، بە تایبەت لە زانستەكانی تەفسیر و حەدیسدا دەستێكی باڵای هەبووە .
‹‹ پیری قەرەچێوار ››بێجگە لە زمانی كوردی ، عەرەبی و فارسی بە چاكی بە نووسین وخوێندنەوە زانیبووە.
ئەم كەسایەتیە ناودارەی گەرمیان ، ئیجازەی زانستە شەرعییەكان و رێبازی سۆفیگەری قادری ، لە زانای گەروە وخواناس كاك ئەحمەدی شێخ وەرگتووە ، لە بواری پەرستشدا ، شاسواری نێو بەندە خواناسەكانی سەردەمی خۆی بووە.
پەیوەندی پتەو لە نێوان‹‹ پیری قەرەچێوار ›› و‹‹شێخ عومەری بیارە››دا هەبووە ، لە نامەیەكی‹‹ پیر››دا بۆ شێخ عومەری بیارە ئەم دوو رستەیە بە زمانی عەرەبی هاتووە،كە دەڵێت:{أری من الأفضل أن تأخذوا إجازة ذكر القادریة علاوة لأذكاركم النقشبندیه ، فیكون ذلك نور علی نور} ،واتە وای دەبینم كە باشترە بەسەر زیكرەكانی نەقشبەندییەوە مۆڵەتی زیكربۆ قادریش وەربگرن ، ئەوەیش دەبێتە نوور لەسەر نوور .
‹‹شێخ عومەر››یش بەم رستە شیرینە وەڵامی نامەكەی‹‹ پیر›› دەداتەوە:

{روى الحسن عن الحسن ، أبا الحسن جد الحسن من احسن الخلق الحسن}.
ئەم وەڵامەیش ئاماژەیە کە ئەو حال ومەقام و رەوشتەی‹‹ پیر ››
لەسەریەتی ، چاکترینە.
‹‹پیری قەرەچێوار››کەسایەتیەکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بووە هەروەها زۆر لێبوردە بووە ، خەڵکی دەڤەری گەرمیان بە گشتی خۆشیان ویستووە و بە ڕابەری راستەقینەی سۆفیگەری ناسراوە .
لە وتە پیرۆزەکانی ‹‹پیری قەرەچێوار›› :
١- { كونوا مع الله وان لم تكونوا مع الله فكونوا مع من هومع الله } ، یانی لەگەڵ خودا بن ، گەر ناشتوانن لەگەڵ خودا بن ، لە گەڵ ئەو کەسانەدا بن کە لەگەڵ خودادان .
٢-{ صحبة ساعة مع أولياء الله خير من عبادة ستين او مائة سنة مع غيرهم }. یانی سەعاتێك هاوڕێیەتی لە گەڵ ئەولیاکانی خودا ، باشترە لە شەست یان سەد ساڵ هاوڕێتی خەڵکی دیکە .
٣-{الأرض التي يخطوا عليها أولياءالله يفتخر على بقية بقاع الأرض}.
یانی ئەو خاکەی ئەولیاکانی خودا هەنگاوی لەسەر دەنێن، شانازی بەسەر سەرجەمی پارچەکانی دیکەی زەوی‌دا دەکات.
‹‹پیری قەرەچێوار››ساڵی١٣٢٤کۆچی ، پاش تەمەنێکی پر لە خزمەت بە کۆمەڵگەی کوردەواری لە بوارەکانی شەریعەت و تەریقەتدا ، گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشاوە و جەستەی پیرۆزی لە شارۆچکەی قادرکەرەم بە خاکی گەرمیانی کوردستان سپێردراوە.
دروودوستایش بۆ گیانی پاکی پیری قەرەچێوار ەرجەم پیرانی طەریقەت.

# شێخ مارف بەرزنجی ــ پشکۆ

## ۱۹۲۱ ـ ۱۹٦۳ز



گەورە رۆشنبیر و شاعیر و ئەدیب و تێکۆشەر ، شەهیدی رێگەی ئازادی نەتەوەی کورد‹‹ شێخ مارف بەرزنجی- پشکۆ›› ، کوڕی شێخ عەبدولکەریم ، کوڕی شێخ حوسێنی بەرزنجییە .

پشکۆ: لە مانگی شووباتی ساڵی ۱۹۲۱ز لە شارۆچکەی قادرکەرەم لە بنەماڵەیەکی ئایینی سەربە ڕایەڵەی ڕێبازی سۆفیگەری قادری چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون ، بنەچەی ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان دەچێتەوە سەر زانای بەناوبانگ وکەسایەتی ناوداری گەرمیان وکوردستان ، شێخ حەسەنی قەرەچێوار کە بە ‹‹ پیری قەرەچێوار›› ناسراوە و پۆستنشینی کاك ئەحمەدی شێخ بووە.

‹‹ شێخ مارف ›› خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەمی لە قادرکەرەم تەواو کردووە ، پاشان چووەتە شاری کەرکووك و پۆلی پێنجەم و شەشەم وقۆناغی ناوەندی لەوێ تەواو کردووە .
لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی‹‹ هیوا ››دا ساڵی ١٩٣٧، پەیوەندی سیاسی بە ریزەکانی حیزبەوە گرێداوە ، ساڵی ١٩٣٩دا بووەتە ئەندامێکی چالاکی چەپڕەوی نێو ئەو حیزبە نەتەوەییە ، ساڵی١٩٤٠، بووەتە باوەڕ پێکراوی قوتابیانی شاری کەرکوك.
ساڵی١٩٤٠ز دەستی بە خوێندنی ئامادەیی کردووە ، ساڵی ١٩٤٣ پاش تەواوکردنی ئامادەیی ، لە فەرمانگەی تەموین لە شاری کەرکوك بووەتە فەرمانبەر ، بەڵام پاش ساڵێك دەستی لە کارکێشاوەتەوە.
ساڵی١٩٤٤چووەتە بەغداد و لە کۆلیجی ماف وەرگیراوە ، لە ساڵی ١٩٤٨دا بڕوانامەی‹‹ مافپەروەر››ی وەرگرتووە و گەراوەتەوە بۆ شاری کەرکوك ودەستی بە پارێزەری کردووە .
‹‹ شێخ مارف ›› ماوەی دوو ساڵ سەرقاڵی پارێزەری بووە ، بەڵام بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە تووشی ڕاوەدوونانی دەسگا سیخوڕییەکانی دەسەڵات بووە و ساڵی ١٩٥٠ناچار کراوە روو لە شاخ بکات.
چەندین مانگ بە شاخەکانی سەنگاو و قەرەداغ و شارباژێڕەوە ئاوارە بووە ، نزیکەی چوار مانگ لە دێی ‹‹ داریکەلی ›› لای شێخ مەحموودی نەمر ماوەتەوە و مانگێکیش لە دێی‹‹ سیتەك ››لای شێخ لەتیفی شێخ مەحموود ماوەتەوە.
‹‹ شێخ مارف ›› لە بواری ئەدەب دا ئەستێرەگەشەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی بووە و بە نازناوی‹‹ پشکۆ ››بابەتە ئەدەبیەکانی بڵاو کردۆتەوە .
ئەو کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان هەردەم بە گیانێکی شۆرشگێرانەوە لە مەیدانی خەباتدا کاری کردووە ، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقی لە

ساڵی١٩٥٤دا ، یەكێك بووە لە پاڵێوراوانی بەرەی نیشتمانی یەكگرتوو- لە شاری سلێمانی دەرئەنجام دەنگێكی زۆری هێناوە ، بەڵام ڕژێم بوواری نەداوە ببێتە نوێنەری گەلی كورد لە پەرلەماندا.

لە ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٥٥دا بووەتە پارێزەری جوتیارانی كوردستان دژبە دەرەبەگ وخاوەن موڵكە و دەسەڵاتداران لە دەڤەری ‹‹ گەرمیان ››دا وبە پارێزەری هەژاران ناسراوە . دواى شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ئەو تێكۆشەرە پێشكەوتنخوازە بەسكرتێری ئاشتیخوازانی پارێزگەی كەركووك وئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئاشتیخوازانی عیراق هەڵبژێردراوە ، وپاشتر لەسەر داخوازی جەماوەری كەركووك و دەوروبەری ، بە سەرۆكی شارەوانی ئەو شارە دێرینەی كوردستان هەڵبژێردراوە.

ژیانی ئەدەبی ‹‹ پشكۆ ›› ، لەساڵی ١٩٣٧ەوە درێژەی هەیە ، لەو ساڵەدا یەكەم هۆنراوەی نەتەوەیی داناوە .

یەكەم هەوڵیشی بۆ بڵاوكردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەكانی كۆمەڵە هۆنراوەیەك بووە كە لە ساڵی١٩٤٢دا لە گۆڤاری دەستنووسی‹باسـەرە›ی مامۆستای خوالێخۆشبوو‹ شاكرفەتاح ›دا بڵاوكراوەتەوە.

یەكەم چیرۆكیشی لە ساڵی ١٩٤٧دا نووسیوە .

لە ساڵی ١٩٥٥دا لەسەر شێوازی نوێ درێژەی بە چیرۆك نووسین داوە. ‹سەرلەبەیانیەنەورۆزێك›سەردێڕی چیرۆكێكە كە لەو ساڵەدانووسیویەتی بەدەرچوونی ژمارە‹‹ ١ ››ی گۆڤاری ‹‹ شەفەق ›› لە ١٥-١-١٩٥٨دا لە شاری كەركووك ، شێخ مارف لە نووسەرە ناسراو و سەركەوتوەكانی ئەو سەردەمە ، وچەندین چیرۆكی لەو گۆڤارە و لە گۆڤاری دیكەدا بڵاوكراوەتەوە ، لەوانە : چیرۆكی{ ئاواز و كەباب } ، هەروەها چیرۆكی{ گای پیرۆز } و چیرۆكی { نامەی سەرسنوور }كە لە

گۆڤاری‹‹ ڕووناهی››دا بڵاوکراوەتەوە ، چیرۆکی { شەتڵ } لە گۆڤاری ‹‹ هیوا ››دا بڵاوکراوەتەوە.
‹‹ پشکۆ ›› لە نێو زیندانەوە و لەژووری سێدارەدا ، جوانترین هۆنراوەی نووسیوە کە لە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی ساڵی١٩٦١دا بڵاوکراوەتەوە.
ئەم ئەدیب و نووسەرە هەڵکەوتووە لە بواری نووسینی شانۆ و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی شانۆییشدا بە توانا بووە ، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بابەتێکی نووسیوە کە تێیدا شرۆڤەی هۆنراوەی نوێی کوردی دەکات .
‹‹پشکۆ››ویستوویەتی ئەو ڕێنووسانەی لە بابەتی ڕەخنەی دروستکردندا نووسیویەتی ، لە چەمکی وێژەی هاوچەرخی کوردیدا پەیڕەو بکرێت و بکرێن بە پێوەرێکی دروست بۆ شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی کوردی .
یەکەم پرۆژەی کە بۆ لێکدانەوەی ڕەخنەی ئەدەبی هەڵبژاردووە ، دیوانی شیعری‹‹ دیاری ››ی کامەران موکری بووە ، لە بارەی ئەم شاعیرەوە دەڵێت: کامەران شاعیرێکی سەربەست و تەڕو شیرین گوفتارە شاگردێکی پێشکەوتووی مامۆستا گۆرانە ، کەمێکیش پەیڕەوی شێوازی هەردی بە شیعرەکانییەوە دیارە .
لە بارەی هەڵسەنگاندنیەوە بۆکتێبی‹‹ مەم وزین ››ی ئەحمەدی خانی کە هەژاری شاعیر گۆڕیویەتییە سەر شێوەزاری موکریانی دەڵێت: ئەگەر شەرەفنامە بەڵگەیەکی خۆماڵی مێژوویی نەتەوەکەمان بێت ئەوە چیرۆکی ‹‹ مەم وزین ››ی خانیش شاکارێکی خۆماڵی کوردە و خشڵ و زێڕێ نەخواستراوی میللەتەکەمانە و کورد خاوەنی ڕاستەقینەیەتی .
‹‹ پشکۆ ›› لە بواری ڕەخنەی شانۆیشدا رەخنەگرێکی باڵادەست بووە. توانای رەخنەگری ئەم کەسایەتییە لە هەڵسەنگاندنی هەردوو شانۆگەری ‹‹ بووکی پەردە ›› و‹‹ کوردستان ››ی عبدالرزاق بیماردا دەردەکەوێت.

‹‹ پشكۆ ›› لە كارە ڕەخنەییەكانیدا دەڵێت: لە لێكۆڵینەوەی وێژەییدا بە پلەی یەكەم دەبێ سەرنجی ‹‹ ئایدیۆلۆژییایی وهونەری ›› بدرێت كە ناوەڕك و ڕووخساری پێدەڵێن ، نووسراوی پەسەند وبەكەڵكیش ئەوەیە كە ، زۆر بژیت و خۆشی بەگەل ببەخشیت ..!
شێخ مارف بەرزنجی ، مەشخەڵێكی گڕبوو لەبواری ئەدەبی شۆڕشگێڕی هاوچەرخدا ، بۆ ڕووناككردنەوەی ڕێچكە تاریكەكانی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دەگڕا ، ئەو بوێر و بە جەرگ و چاونەترس بووە ، زیندان و ئەشكەنجە و فەرمانی لەسێدارەدانی ، لەداهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەكانی پاشگەز نەكردۆتەوە و لە نێو بەندیخانەیشەوە وتار وهۆنراوە و چیرۆك و ڕەخنە ولێكۆڵینەوەی بەپێزی لە گۆڤارە كوردییەكاندا بڵاوكراوەتەوە .
دوای چەند مانگێك لە ڕوودانی ئاژاوەكەی ڕۆژانی١٤و١٥ی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٥٩دا ، لە كەركوك ‹‹ شێخ مارف ›› وپۆلێك لە نیشتمانپەروەرانی كوردی كەركووك دەسگیردەكرێن ودەدرێنە دادگای سەربازی و فەرمانی لەسێدارەدانیان دەردكرێت .
سەد مخابن لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٣-٦-١٩٦٣دا فەرمانەكە جێبەجێ دەكرێت ، ولەو ڕۆژە شوومەدا گیانی پاكی ‹‹ پشكۆ ››وهاوڕێیانی بەرەو بەهەشتی بەرینی پەروەرین هەڵدەكشێن ، دروود بۆ ڕەوانی پاكیان .

# دایکەڕەزێ



خاتوڕەزێ،یان...دایکەڕەزێ،ناوی تەواوی[رضیة کچی شێخ کەریم]ی کەسنەزانە ، کە باوکی بە ‹‹ شاهی کەسنەزان ››ناسراوە .
خاتوڕەزێ کەسایەتییەکی ناسراو و ناوداری ناوچەی زەنگنەی دەڤەری گەرمیانە.لە سەردەمی ناکۆکی نێوان هۆزەکانی‹‹زەنگنە››و‹‹جاف››دا کە شەڕ و ئاژاوەی نێوانیان دەگاتە لوتکە ، ئاغاکان وپیاوماقوڵانی هۆزی زەنگنە دەچنە لای شێخ قادری شێخ کەریمی کەسنەزان، وداوای لێدەکەن کە ئاگری شەڕ ودوژمنایەتی نێوان زەنگنە و جاف خامۆشکاتەوە ، شێخ قادر بەدەنگیانەوە دەچێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو هۆزە ، خاتو ڕەزێی خوشکی بە خۆی و خێزانەکەیەوە دەنێرێت بۆ نێو هۆزی زەنگنە ، ناودارترین کەسی ئەو خێزانە کە کوڕی گەورەی خاتوڕەزێ بووە ‹‹ شێخ ئیسماعیلی شێخ محمد ››ە .

سەرەتا ئەو خانەوادە ناودارە لە دێی‹‹ مشكيبان ››ی دەڤەری گەرميان نيشتەجێ دەبن ، بە گەيشتنيان بە گەرمی لە لايەن ‹‹ كەرەم ››ی أحمد سەفەر - ناسراو بە ‹‹ كەرەم ئاغا ›› و خەڵكی ناوچەكەوە پێشوازيان لێدەكرێت و پاش ماوەيەك شوێنی نيشتەجێبوونيان بۆ دياری دەكرێت كە دێی ‹‹ گۆلباخ ››ی ناوچەی زەنگنە بووە ، و هەموو پێويستييەكانيان بۆ دابين دەكرێت ، و لەوێيشدا تەكێ وبارەگايان بۆ ساز دەكرێت .
بە گەيشتنی كەسايەتی ناودار و خواناس ‹‹ دايكەڕەزێ ››.. شەڕی نێوان ‹‹ جاف و زەنگنە ››كۆتايی پێدێت و تەبايی لە نێوانياندا بەرقەرار دەبێت.
دايكە ڕەزێ كەسايەتييەكی خۆشەويستی خەڵكی گەرميان بووە و هەردەم شانازيان پێوەكردووە ، چونكە ئەو مايەی ئاشتەوايی نێوان خێڵەكان بووە وخەڵكی دەڤەرەكە بەگشتی بەشكۆوە ڕوانيويانەتە ئەو كەسايەتييەی گەرميان .
‹‹ دايكە ڕەزێ ››: لەسەردەمی ژيانی باوكيدا ، رازگری ئەو زاتە پاكە بووە ، و خاوەن توانايەكی مەعريفی و حەقيقی زۆر بەرفراوان بووە .
پاش هاتنی بۆ ناوچەی زەنگنەی دەڤەری گەرميان و نيشتەجێبوونی لە دێی‹‹ گۆلباخ ›› ، ئەو بووەتە جێی هانا و هاواری خەڵكی ناوچەكە و موريدانی .
مخابن خاتوڕەزێ لە تەمەنی خۆيدا گيانی پاكی ئاوێتەی ليقای پەروەردگار بووە و بەرەو ژيانی بەرزەخی هەڵكشاوە، جەستەی پيرۆزی لە دێی ‹‹ گۆلباخ ›› ئەسپەردەی خاكی كوردستان كراوە.



# شێخ ئیسماعیلی دایکەڕەزێ

‹‹ شێخ ئیسماعیل کوڕی شێخ محمد ››ی بەرزنجی کەسنەزانییە ، لە دەڤەری گەرمیاندا بە ‹‹ شێخ ئیسماعیل ی دایکەڕەزێ ›› ناسراوە .
لە ناوچەی زەنگنەدا بە‹‹ شێخ ئیسماعیلی گۆلباخ ››یش ناوزەد دەکرێت .
خوالێخۆشبوو بەدەر لەوەی کە کەسایەتیەکی ناسراوی ئاینی دەڤەری گەرمیان بووە ، کەسایەتیەکی خۆشەویستی نێو جەماوەر بووە و هەموو دەمێك دڵسۆز و خەمخۆری خەڵکی ناوچەکە بووە ، هەمیشە بەدەم چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە چووە .
خوالێخۆشبوو‹‹ شێخ ئیسماعیلی›› ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی شۆریجەی شاری کەرکوك بیناغەی تەکیی دامەزراندووە ، و لە هەمان ساڵدا و پاش تەواو بوونی کاری بیناسازی هەواری گواستۆتەوە بۆ تەکیی تازەی .
ساڵی ١٩٥٤ لە هاوشانی تەکییەکەیدا بیناغەی مزگەوتیشی دەسپێکردووە ئیدی تەکێ و مزگەوتی ‹‹ شێخ ئیسماعیل ی دایکە ڕەزێ ›› ، بووەتە بارەگا و پەناگەیەکی بەرچاوی ڕابەرایەتی ڕێچکەی سۆفیگەری قادری وسەدان مورید وعەودالانی ئەو ڕێچکەیە بۆ پەرستش و ئەنجامدانی زیکر و بە مەبەستی پاککردنەوەی ڕووح و دەروون لە گەردی گوناە و ستەمەکانی ڕۆژگاری ژیان و ستایشی پەروەردگار و قاڵبوونیان لەنێو بۆتەی ئیکسیری بێخەوشی تەریقەتدا و بۆ گەیشتن بە راستییەکان،ڕویان لەو شوێنە پیرۆزەکردووە ، لەوێدا موریدانی ڕێگای ڕاستی لە گەڵ سۆزی شێخ ئیسماعیل دا،ئاوێتەی جۆش وخرۆشی‹‹تەسـەوف››بوونەو لەبەر تیشکی ڕووناکی چرای تەریقەتی‹‹ محمدی ››دا،قۆناغیان بڕییوە.
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو کەسایەتییە ناودارە و تەکێ وبارەگاکەی لە پەرەسەندابووە و لە نێو خەڵکی ناوچەی گەرمیاندا ناسراوە .

ساڵی١٩٦٣ز، گیانی پاکی ئەو کەسایەتییە ناودارەی دەڤەری گەرمیان بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشاوە و جەستەی پیرۆزی براوەتەوە بۆ کەسنەزان و لەوێدا ئەسپەردەی خاکی کوردستان کراوە .



# شێخ شاكيرى زۆرەبەگزادە

١٨٩٥ـ ١٩٧٧



[ شێخ شاكير ، كوڕي شێخ محمد ، كوڕى شێخ حسن ]ى بەرزنجييە،ئەم كەسايەتييە ناودارە ، لە سالي ١٨٩٥دا لە دێى ‹‹ زۆرەبەگزادە ››ى دەڤەرى گەرميان چاوەكانى ئاشناى ژيان بوون ، شێخ شاكير پياوێكى ئازا و لێهاتوو بووە ، لە حكوومەتى كوردستانى جنوبيدا بە فەرمانى شێخ محمودى نەمر،كراوەتە فەرماندەى هێزى گيانفيداى مەليك محمود .

لە شەڕى [ ئاوباريك ]دا رۆڵێكى قارەمانانەى بينيوە لە شكاندنى ئابڵوقەى هێزەكانى ئينگليز و بەكرێگيراوەكاندا لە دەورى لەشكرى مەليك محمود و هێزى گيانفيداى ئەو.

لەسەرزارى خەڵكى كفربيوە باس دەكرێت كە ئەو پياوە چاونەترسە لە سەردەمى رژێم‌دا و لە نێو بازارى شارى كفري‌دا بەبێ ترس وتويەتي :

چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم بچمە سەر کۆنە ڕەبایەکانی بەعس و تف لە مۆڵگا و شوێنەواری سەربازگەکاني ئەم حکومەتە دیکتاتورە بکەم .
شیخ شاکیر: بە ئاشکرا و جوامێرانە جنیوي بە جاش و سیخور و خۆفرۆشان داوە وکورەکاني خوي ناردووە بۆ ریزی پێشمەرگایەتی و بە سەربەرزی وتوویەتی : من و کورە کانم فیداي خاکي کوردستانین .
چەندین جار قایموقامی قەزای کفری < عصام طلعت > شیخ شاکیری گرتووە ، بەڵام لە ترسی ورووژانی نارەزایی خەڵکی شاری کفری ئازادیان کردووە..!چونکە شێخ شاکیر خۆشەویستی خەڵکی شاری کفری و دەڤەری گەرمیان بووە .
لە ساڵی ١٩٧٦دا ، کە هەواڵی هەڵایسانی مەشخەڵێ شورشي نوێ بیستووە..شیرني بەسەر خەڵکیدا بەخشیوە .
شایاني باسە کە دەڵێین:هەموو براکانی شیخ شاکیر لە شەڕی [ئاوباریك]دا بەشداربوون ، شیخ صالح ی شیخ محمد براي بجوکي شیخ شاکیر پاسەواني تایبەتي مەلیك محمودی نەمر بووە .
مخابن شێخ شاکر لە ٤- ٥ - ١٩٧٧گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشا .
هەزاران سڵاو بۆ رۆژگاری خەباتی پڕ لە سەروەری و رەوانی پاکیان.

# ﴿ شێخ قادری شانەزەر ﴾

﴿ شێخ قادر ﴾ کوڕی شێخ مصطفی ، کوڕی شیخ محمدی کوڕی شێخ حسێنی بەرزنجی کەسنەزانیە،لەدێی‹‹ شانەزەر ››ی سەر بە شارۆچکەی کەلاری دەڤەری گەرمیان...چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون .

﴿ شێخ قادر ﴾ فەرماندەیەکی ناوداری سوپای مەلیك محمودی نەمر بووە.

شێخ قادر و براکانی : شێخ سعید - شێخ محمود - شیخ محمدغەریب - لە سەرتای دامەزراندنی لەشکری شۆڕشگێڕی حکومەتی کوردستانی جنوبییەوە ، چوونەتە ریزەکانی لەشکرەوە .

مەلا ئەحمەدی ژاڵە کە سەربازێکی سوپای شێخی نەمر بووە ، و لە هێزەکەی شێخ قادردا فەرمانی بەجێهێناوە ، دەگێڕێتەوە و دەڵێ :-

لە شەڕی‹‹ ئاوباریك ›› دا ،وکاتێك کە لەگەرمەی شەڕدابووین ، و گوولە وەك ڕێژنەی باران بەسەرماندا دەباری و فڕۆکەکانی دوژمن بە بۆمبی ناپاڵم مەیدانی شەڕیان کردبوە ژیلەمۆ..! وکەم جەنگاوەر دەیتوانی خۆی ڕابگرێت ..! بەڵام شێخی نەمر و دەستەی گیانفیدایانی تایبەتی خۆی ، کە شێخ قادری شێخ مصطفی - شێخ صالح شێخ محمد - شێخ شاکیری زۆرەبەگزادە - شێخ عەلی شێخ محمد و چەندین گیانفیدای گیان لەسەردەستی دیکە بوون ، ئەوان قارەمانانە و شێرئاسا دەجەنگان و بێ خۆشاردەوە لەڕووی دوژمندا سەنگەریان گرتبوو و گولەیان بە خەسار نەدەچوو.

هەزاران سڵاو بۆ رۆژگاری خەباتی پڕ لە سەروەری وگیانی پاکیان.

# شێخ حسێنی هەزارکانی

١٩٥٦ - ئەنفال..!



‹‹ شێخ حسێن ›› کوڕی شێخ کاکە حەمەی [هەزارکانی]یە ، ساڵی ١٩٥٦ لە دێی هەزارکانی ناوچەی گەرمیان چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون . خوێندنی قورئانی پیرۆز و کتێبە سەرەتاییە ئاینییەکانی لە خزمەت باوکیدا خوێندووە . هاوکات قاڵبووی نێو بۆتەی پڕلە جۆشی تەصەوف بووە و پوختەی زانستەکانی ڕێچکەکانی سۆفیگەری وەرگرتووە و لە قوڵایی دەروونی کڵپە گرتوویدا ، هاوتەرب بە ریشاڵەکانی رووحەوە گرێبەستی کردوون و ئەودەمە وەك ماموەستایەکی حەقیقەتناس رابەرایەتی موریدانی گرتۆتە ئەستۆ بۆ ناساندنی ریچکەی حەقیقەت بەوان.

شێخ حسێن. بێجگە لە زمانی کوردی ، زمانەکانی عەرەبی و فارسی بە باشی زانیوە لە رووی رێنووس و ئاخافتنەوە.

هەزاران جار...مخابن کە ئەو خانەوادە خوداناس و کوردپەروەرە وەك هەزاران خێزانی دیکەی کورد...لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا کە رژێمی بەعسی فاشست بەچڕی لە گەرمیاندا ئەنجامیدا لە نێوان بران و شەهید کران.هەرچەندە بەهەوڵی چەند کەسانێك نزیك لە رژێمی سەدام بڕیاری ئازادکردنی بنەماڵەی شێخ حسێنی هەزارکانی و بنەماڵەی شێخ کاکە حمەی شانەزەر دەرکرابوو..! بەڵام ئەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە قایل نەبووە بێ ئازادکردنی خەڵکی دەڤەرەکە بەگشتی ئەوان ئازاد بکرێن بۆیە ئازادکردنی خۆیان ڕەتکردۆتەوە و ژیانی خۆی وخانەوادەکەی بە ژیانی خەڵکەکەوە گرێداوە .

لەساڵی ٢٠٠٦ دا ،وەك وەفایەك بۆ ڕۆحی پاکی ئەو زاتە ، لە شوێنەواری مەزارگە و تەکیی تەختکراوی شێخ دا لە هەزارکانی وەك سەردەمی پێش ئەنفال ، تەکییەکەی سەرلەنوێ بونیادنرا و دروست کرایەوە . تەکیی شەهید شێخ حسێنی هەزارکانی...هەمیشە لە لایەن خەڵکی ناوچەکە و موریدان و دڵسۆزانی رێچکەی قادریەوە خزمەت دەکرێت و لە بۆنە ئاینییەکاندا بەیادی ڕۆژانی ڕابردووی سەردەمی شێخی شەهیدەوە ، موریدان و دڵسۆزانی ئەو کوانووە ، سەردانی هەوارە خالییەکەی شێخیان دەکەن و بە سۆزی دەروێشانە وگەرووی پڕ لە گریانەوە یادەکانیان لەگەڵ شێخ حسێنی نەمردا زیندو ڕادەگرن ولە یادەوەریاندا بە نەمری دەیهێڵنەوە. گۆڕت پڕ لە نوور و رووحت بە فیردەوسی بەرین شادبێت ، ئەی شێخی شەهیدان .



# شێخ کاکەحەمەی بنەکە*شانەزەر

## ١٩٢٦ـ ٢٠٠٥



‹‹ شێخ کاکەحەمە ››ی بەرزنجی ، کوڕی شێخ محمود بەرزنجی کوڕی شێخ مصطفی بەرزنجی یە .

ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان دانیشتووی دێی بنەکە بووە ، ئەم دێیە بە‹‹ شانەزەر ››یش دەناسرێت .

‹‹شێخ کاکەحەمە›› بە کەسایەتییەکی خواناس ناسراوە ، لە رۆژگارەکانی ژیانیدا خزمەتی زۆری بە خەڵکی دەڤەری گەرمیان گەیاندووە..جا گەر لە رێگەی‹‹ تەکیّ وبارەگا ››کەیەوە بووبێت یان ڕاستەوخۆ رێنمایی خەلکی کردوە بۆ تەبایی نێوانیان .

دێی‹‹ شانەزەر ››نزیکەی ٦٠ماڵی تێدا بوو ، هەمووئێوارەیەك خەڵکی ئەودێیە لە ماڵی شێخ کاکەحمە کۆدەبوونەوە ، و بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەمووئیش وکارێکیان لەوێدا بڕیارئەدرا .
تەکێ وبارەگای‹‹ شێخ کاکەحەمە ››،جێگەی حەوانەوەی پێشمەرگە و لێقەوماوان بووە . ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان ، پێنج کوڕی هەبوو : شێخ عزیز - شێخ علی - شێخ حسین - شێخ قادر- شێخ کریم . شێخ عزیزی کوڕی شێخ کاکە حەمە ، کەسایەتیەکی زیرەك وبەناوبانگ بووە ، لە نێو جەماوەری گەرمیاندا رێزی زۆری لێگیراوە ، ئاواش لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە و بەرپرسان و رێکخستنەکانی شۆڕشەوە . شێخ قادریش بێجگە لەوەی کەسایەتیەکی زیرەك بوو ،لە سەخاوەتدا بەناوبانگ بوو .
بێگومان کەسایەتیەکی وەك‹‹ شێخ کاکەحەمە ››، نەوەکانیشی ئاوا پەروەردە دەبن . ئەو داخ و کەسەرەی کە هەرگیز بیر ناچێتەوە ئەوەیە کە لە کۆی ٣٧ کەس لە بنەماڵەی ئەم کەسایەتیە ناودارە ، تەنها ٣ کەسیان لە ئەنفالی بەدناودا رزگاریان بووە ، هەرچەندە بەهەوڵی چەند کەسانێك نزیك لە رژێمی سەدام بریاری ئازادکردنی بنەماڵەی شێخ کاکە حمە و بنەماڵەی شێخ حسێنی هەزارکانی دەرکراوە..!! بەڵام ئەو دوو بنەماڵە نیشتمانپەروەر و میللەت پەروەرە قایل نەبوون بێ ئازادکردنی خەڵکی دەڤەرەکە بەگشتی ئەمان ئازاد بکرێن ، بۆیە ئازادکردنی خۆیان رەتکردۆتەوە و ژیانی خۆیان بە ژیانی خەڵکەکەوە گرێداوە،هەزاران جار مخابن لەو جینۆسایدەی گەلەکەماندا سەرجەمی ئەوان لەنێوبراون .
شێخ کاکە حمە لە مانگی / ٤ / ٢٠٠٥ دا گیانی بەرە و ئاسمان هەڵکشا، و بەهەشتی پەروەردگاری کردە دوامەزڵگەی خۆی .



# لەتیف حامد بەرزنجی

١٩٤٠  ١٩٧٤

خوالێخۆشبوو ماموەستا لەتیف کوڕی شێخ حامد ، لە ساڵی ١٩٤٠دا چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون ، ساڵی ١٩٦٢ کۆلێژی ئادابی لەبەغدا تەواوکردووە ، لە ماوەی ژیانیدا لە بواری ئەدەبی کوردیدا کاری کردوە ، لە ماوەی کارکردنیدا توانیویەتی زۆر کاری باش و نەوازە بکات . ئەم کەڵە نوسەرە یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری رادیۆی دەنگی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٣دا . ئەم رۆشنبیرە ناودارەی گەرمیان رێبەری راستەقینەی ئەدەبی نوێخوازی کوردی بوو، و لەو بوارەشدا چەندین کاری دانسقەی ئەنجامداوە . شایانی باسە کە تائێستە چەندین ماستەرنامە لەسەر بابەتەکانی ئەم کەڵەرۆشنبیرە نوسراونەتەوە. مایەی خۆشحاڵییە کە بەشێك لە بەرهەمەکانی کۆکراوەتەوە و ئومێد دەکرێت زووتر کاری چاپکردنی ئەنجام بدرێت و بگاتە بەردیدی خوێنەران . هەزاران جار مخابن ئەم نوسەر و رۆشنبیرە ناودارەی گەرمیانی کوردستان ، لە ٢٨ - ٢ - ١٩٧٤دا لە ئەنجامی نەخۆشییەکی کوتوپڕ و کوشندەدا ، گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشا.

# مصطفی بەرزنجی *نەریمان



‹‹ موستەفا كوڕی سەید ئەحمەد بەرزنجی ››یە ، رۆژی ٢٨/ ٦ / ١٩٢٥ لە شاری كفری لە دایك بووە ، ولە ئامێزی باوكیدا پێگەیشتوە ، خوێندنی سەرەتایی لە كفری تەواو كردووە ، موستەفا لە مندالّیەوە فێری چوار زمان بووە{ كوردی - عەرەبی - فارسی - توركی}.

بۆ خوێندنی ناوەندی چووەتە كەركوك و لەو شارە دێرینەی گەرمیانی كوردستاندا،ئامادەییشی تەواو كردووە . پاشتر چووەتە شاری بەغداد و لەوێ خانەی ماموەستایانی تەواوكردووە.

لە سەردەمی خانەی ماموەستایاندا ، هاوڕێیانی موستەفا ، هەردوو ئەدیبی هاوریی : كەریم زەند و موحەممەد تەوفیق وردی یەوە ، بە مصطفی نەریمان ناساندوویانە . پاش دەرچوونی لە خانەی ماموەستایان لە سالّی ١٩٤٤ دا لە قوتابخانەی كەلار بە ماموەستا دامەزراوە.لە كوت و باغداد و خانەقین،وەك ماموەستا وانەی وتۆتەوە ، لە سالّی ١٩٦٧دا بە بڕیارێكی فەرمی لە كەركوكەوە گوازراوەتەوە بۆ باغداد .

لە سالّی ١٩٤٢وەوە دەستی دایە كاری ئەدەبیەوە و زۆر لە گۆڤار و رۆژنامەكانی بە نووسینە ئەدەبییەكانی دەولّەمەند كرد .

﴿ مصطفى نەریمان ﴾ بە یەکەم کەس دادەنرێ کە ڕۆژژمێری کوردی دەرکردووە ، ئەویش لە ساڵی ۱۹۵۷ دا بووە . لە ساڵی ۱۹۵۸دا و پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز ، ڕۆژژمێرێکی بەناوی‹‹ کوردستان ››ەوە دەرکردووە و پاشتریش بەناوی ‹‹ پیرەمێرد ››ەوە ، بێجگە لەو کارانە ‹‹ بیلۆگرافیا بۆ کتێبی کوردی ›› دەرکردووە . سەردەمێك سکرتێری گۆڤاری ‹‹ بەیان ›› و دواتر سەرنووسەری گۆڤاری ‹‹ ڕەنگین ››بووە ئەدیبانی کورد [ پیرەمێرد - ڕەفیق حیلمی و عەلائەدین سوجادی ].. هاوکاری و یارمەتییەکی زۆری مصطفى نەریمان یان کردووە ، کتێبی زۆری داناوە کە بە ، ‹‹۱۹›› کتێبی بە نرخ مەزەندە دەکرێت ، یەکەم کتێبی ‹‹ هاواری لاوان ›› بوو، کە لە ساڵی ۱۹۵۳دا نووسیویەتی ، دوا کتێبیشی ‹‹ یادەوەرێکانم ›› بوو کە لە ساڵی ۱۹۹٤ دا گەیاندیە چاپ .

﴿ مصطفى نەریمان ﴾ ی ئەدیب لە ساڵانی ٤٥ و٥٧ و ٦١ و٦٣ و٦٦ دا چەندین جار تووشی گرتن و زیندان و ئەشکەنجە بووە. زیندانەکانی ‹‹ کەرکوك - بەغداد - جەلەولا - نوگرەسەلمان - کوت و رومادی ›› یادەوەرییەکانی مصطفى نریمان- یان گرتۆتەخۆ . درێژەی ڕێبازی ژیانی پڕ لە ئازاری ئەو وابەستەبووە بە[گرتن ودەرکردنەوە] بە هۆی خەباتیەوە لە پێناو بیروباوەڕەی شکۆمەندیدا. مخابن﴿ نەریمان ﴾ ڕۆژی هەینی ۲۷ / ٥ / ۱۹۹٤ گیانی پاکی ئەم کەڵە نووسەرە بەرەو لای پەروەردگار هەڵکشا .

# مەلاى جەبارى

١٨٠٦ ـ ١٨٧٦



شاعير و مامۆستاى مەزن ، مەلاى جەبارى ، لە ڕۆژگارى خۆيدا بە زمانى شيرينى كوردى نوسيويەتى وشيعرەكانى ئەوەندە بە تام وچێژن كە مرۆڤ هەميشە ئارەزووى خوێندنەوەيان دەكات .
مەلاى جەبارى..ناوى[فەتاح كوڕى سەييد موستەفا كوڕى سەييد ئيسماعيل]ـە ، وبنەچەى دەگەڕێتەوە بۆ عەشيرەتى‹‹جەبارى›› ، ساڵى ١٩٠٦ز لە ئاوايى ‹‹ بانگۆل ›› چاوەكانى ئاشناى ژيان بوون .
دێى ‹‹ بانگۆل ›› يەكێكە لەو ٢٨ دێيەى كە سەربە عەشيرەتى جەباريە ناوچەى ‹‹جەبارى ›› دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتى شارى كەركوكەوە .
مەلاى جەبارى گەلێك شيعرى جوان و شيرين و پڕماناى بە زمانى كوردى نووسيوە ، ئەو ماموەستا مەزنە لە ساڵى ١٩٧٦دا ماڵئاوايى لە گەل ونيشتمان كردووە و بۆ هەميشە سەرى ناوەتەوە ، وا لێرەدا پارچە

هۆزانێکی ئەو ماموەستا مەزنە دەخەینە بەر دیدی خوێنەری ئازیز ، کە بە شێوە زاراوەی هەورامی وتوویەتی ، بەو هیوایەی توانیبێتمان ئەستێرە گەشەیەکی دیکەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی و کەسایەتیەکی ناوداری گەرمیان ئاشنای هزری خوێنەران بکەین :

میرزام یە وادەی نەووەهـــارانەن
ســـەرەتای تەلمیت خــاتـردارانەن
فەسل وەسل دۆست سەیر هەردانەن
لەرەی لەرزانەی زەنەخ زەردانەن
زەمزەمەی بولبول دەبدەبەی گوڵەن
سزارەی هۆزان ، دەروون پڕچڵەن
نەقـاڕەی مینقار تەیرانی سوبخێز
بێزەنان نەغمەی نەکیسای پەروێز
چریکەیچەکاوس چۆن حەنجەری عود
مەڕدەنگ چل چەنگ پەنجەی بارەبوود
هوهووی بایەقوش شـــەو وەهەردەوە
زامی دێرینان تـــازە کـــەردەوە
دەنگ قێڕەی قاز،سوبـ لەسەحرای سوس
مەرموزیقەی مەشق،شەهەنشایعەروس
تیپ تیپ قـورینـــگان قەتارەی قازان
میرزام تا وەڕۆژ ئـــــاوات مەوازان
جەرەس وە ئاهـــەنگ خۆش قانوونەوە
زەنگ وە ســـەدای ساز ئەرغەنوونەوە
قومری وە قـــانوون قوقوی وێشـــەوە
مل وە تەوق و زەوق وەفـــــا ڕێژەوە
قـەواقـووی قـــەتار قوڵنگی تیــژپەڕ
کەردەن هۆش و گوش ، کەوربیان کەڕ

فەرش فەرەح بەش ، سەوزەی قەدەمخێر
فەرشەنەن وە موڵك سەحرای گەرمەسێر
دەی ساجەی دەمدا ، هەركەس دڵش بۆ
چۆن بولبول هەوای سەودای گوڵش بۆ
یاخـــود چون فەرهـــاد ، دڵ ئاهیرین بۆ
مـــــەزەی مەزاقش نـــام شـــــیرین بۆ
مەبۆ عەزم سەیر.. سەوزە و سار وكۆ
دامانش نەهـــوون وە روون داوان كۆ
ئەو فـــــەیزی فتــــوح نەو وەهارەوە
بەو بیـــــزای ئەنـــوار كۆی دڵدارەوە
سەیری سەحرا ودەشت ، سەردیارانەن
ناڵـەی مورغ و زار ، مێرگوزارانـــەن
دۆســــــت جە بەهانەی دڵســــــتانی بۆ
‹‹لاقەید››لە جەواب ‹‹ لەن ترانی ››بۆ
شەو ســـەرگەردانەن ، سەر ئازاد كەرۆ
شوانان وە ‹‹ وادی ئەیمەن›› شاد كەرۆ
مەر.. مەلایش نیشۆ شەو دە دەیجوردا
ئەو تیـــــر تاریك ســـــیای بێ نوردا

# سەید محمدی جەبار

**١٢٩٧ز - ١٣٥٤کۆچی**



‹‹ سەید موحەممەد ، کوڕی سەید سەمەد ، کوڕی سەید عەبدولقادر››ە.
ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی لە دێی‹‹ مەحمود پەریزا ››ی ناوچەی جەباری دەڤەری گەرمیان چاوی بە ژیان هەڵهێناوە .
‹‹ سەید موحەممەدی جەباری ›› لە تەمەنی ‹‹١٠›› ساڵیدا چووەتە حوجرە و دەستی بە خوێندن کردووە ، بابەتەکانی ئەوسەردەمەی حوجرە ی تەواو کردووە ، و پاشان لای گەورە ماموەستایانی دەڤەری گەرمیان

زانستەکانی ئایینی تەواوکردووە،لە ماوەی تەواوکردنی خوێندندا زمانەکانی عەرەبی - تورکی – فارسی - بەباشی فێربووە . پاش ئەوەی سەید موحەممە خوێندن تەواو دەکات ، سەید ‹‹ صمد ›› ی باوکی جڵەوگیری هەموو کاروبارێکی خانەوادە و عەشیرەتەکەی پێدەسپێرێت .

‹‹ سەید موحەممەدی جەباری ›› کەسایەتیەکی رەوشت بەرز و خواناس و بە بەزەیی بووە ، هەمیشە دڵنەوایی خەڵکی کردووە و هاوکاری جوتیاران و وەرزێرەکانی خێڵەکەی کردووە .

لێهاتوویی ‹‹سەید موحەممەدی جەباری ›› کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لە نێو بنەماڵەکانی هۆزی ‹‹ جەباری ››دا بەرجەستە کردووە کە بە گەورە و خۆشەویستی عەشیرەتەکەیان داناوە.

‹‹ سەید موحەممەد ››سەرکردەیەکی بە توانا و فەرماندەیەکی لێهاتووی لەشکری شێخ مەحمودی نەمر بووە. ئەو کەسایەتیە یەکێك بوولە نیشتمانپەروەران وگەورەپیاوانی دەڤەری گەرمیان .

‹‹سەید موحەممەدی جەباری›› ساڵی ١٣٥٤ کۆچی ، ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان کردوە و گیانی پاکی پەپوولە ئاسا بەرە و بەهەشتی خودا هەڵکشاوە و جەستەی پیرۆزی لە گۆرستانی زەلاوی ناوچەی جەباری دەڤەری گەرمیان ، ئەسپەردەی خاکی کوردستان کراوە.



# فەتحیە خانی سەید سەمەد

١٨٩٠- ١٩٦٢ زاینی



زۆرن ئەو کەسایەتیە ناودارانەی کە لە درێژەی مێژوودا ناوباگی جوامێری و جوانمەردی و قارەمانێتیان لێدەگێڕنەوە . لەو سەردەمانەدا کە هۆزو تیرە کوردەکان پەیوەستبوون بە ناتەبایی و دوژمنایەتی نێوانیانەوە هەمیشە سوارچاکان و جەنگاوەرانی مەیدانی کێبەرکێی عەشیرەتگەری لە پیاوان و لە ژنان ، هەوڵی دەرخستنی رەوشت و رەفتاری جوان و کرداری جوامێرانەیان لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە پێویست زانیوە وهەرکەسەشیان هەوڵ و تەقەللای زۆریان داوە لە بواری پیاوەتی و لاوچاکی و کرداری جوامێریدا ، لە نەحەزەکانیان براوەتر بن ، هەوڵی هەمیشەییان هەڵنجانی کردار و ڕەفتارە جوان و شیرینەکانی کلتووری

کوردەواریمان بووە. بۆیە تا ئێستە ناوبانگیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا وەك ئەستێرەگەشە دەدرەوشێتەوە.
فەتحیەخان کچی سەید سەمەدی جەباری و خوشکی کەسایەتی ناوداری گەرمیان و کوردستان، سەرکردە و سوارچاکی لەشکری شێخ مەحموودی نەمر- سەید محمدی جەباری- یە.
{ فەتحیەخان } لەدایکبووی دێی « بانگۆل »ی ناوچەی جەباریە ، کە دەکەوێتە سەر زنجیرە چیای « سەڵباتو »وە ، ئەم کەسایەتییە یەکێك بووە لەو چەندین ئافرەتە ناودارانەی کۆمەڵگەی کوردەواریمان ، کە لە ئەژمار نایەن.
لە سەرەتای لاویەوە ، سەرفرازی وجوامێری وسوارچاکی و چاونەترسی لە کەسایەتی ئەو خانمەدا بەدیکراوە .
لە سەردەمی مەترسی عەشرەتگەریدا ، شەوانە لە تەك براکانیدا دەستی داوەتە چەك و نۆبەتی ئێشکگری پاراستنی سەروماڵی خانەوادە وخێڵی کردوە ، لە بواری خانەدانی ومیوانپەزێریدا ، خانمە ناوداری ناوچەی گەرمیانی سەرو بووە .. چـ لە کاتی ژیانی نێو خانەوادەگی باوانیدا ، یان لە سەردەمی ژیانی هاوسەرگیریدا .
فەتحیەخان ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسایەتی ناوداری گەرمیان،شێخ موحێدینی شۆریجەدا پێکهێناوە ، ئیدی نیشتەجێی دێی« شۆریجە »ی ناوچیی قەرەحەسەن بووە .
خاتو فەتحییە خان ، دایکی کەسایەتی ناوداری گەرمیان «فەخری» شێخ ئەحمەدی شۆریجەیە ، پاش وەفاتی{ شێخ موحێدین }ی هاوسەری بەرەوی بە تەکێ و دیوەخانەکەی داوە و نەیهێشتوە خامۆشبێتەوە .
{فەتحیەخان}درێژەی خزمەتگوزاری ومیوانپەزێریە داوە کە لەسەردەمی شێخ موحێدینی هاوسەریدا بەرجەستەبووە ، و شانبەشانی شێخ ئەحمەدی کوڕی « فەخری» ئەو مەقامەی پاراستوە .

خانمی ناودار { فەتحیەخانی سەید سەمەد} لە هاوینی ساڵی ١٩٦١دا کۆچی دوایی کردوە و گیانی پاکی بەرەو لیقای پەروەردگار هەڵکشاوە و لە دێی« زەوج »ی ناوچەی جەباری ئەسپەردەی خاکی گەرمیانی کوردستان کراوە .

# شێخ جەبارجەباری

١٩٠٤ ـ ١٩٦٩



‹‹ شێخ جەبارجەباری ، کوڕی سەید موحەممەد کوڕی سەید سەمەد››ـە.
ساڵی ١٩٠٤ز لە دێی‹‹ بانگۆل ››ی ناوچەی جەباری چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون ، خوێندنی قورئانی پیرۆز و وەردە کتێبەکانی حوجرەی لە خزمەت باوکی ناوداری سەیید محمدی جەباری ومەلاکانی ناوچەی جەباریدا تەواوکردووە ، پاشتر لە حوجرەدا سەرقاڵی خوێندنی بابەتە ئاینییەکانی دیکە بووە .

ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان لە سەرەتای تەمەنی لاویدا تێکەڵ بەسیاسەت بووە و چووەتە ڕیزەکانی حیزبی ‹‹ هیوا ››وە ، چەند جارێك زیندان کراوە . لە بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولەوە بەشداری کردووە و یەکێك بووە لە بەرپرسانی شۆڕشی ئەیلول لە دەڤەری گەرمیاندا .



لەو سەردەمەدا رژێم زۆر مەترسی لە دەوری ئەو کەسایەتیە ناودارە هەبووە وهەوڵی زۆری داوە بۆ زیان گەیاندن بە خۆی وخانەوادە وعەشیرەتەکەی تەنانەت لە میدیاکانیدا باسی دەوری ئەو کەڵەپیاوەی کردوە و چەندین پلانی بۆ لەناوبردنی داناوە . ئەم کەسایەتییە ناودارەی دەڤەری گەرمیانی کوردستان تا دواهەناسەی نەفرەتی لە رژێمی دەسەڵاتدار کردووە و بۆ ساتێکیش لە خەبات دانەبڕاوە و دیوەخانەکانی خۆی و عەشیرەتەکەی سفرەی خوانی کراوە بووە ، لە رووی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا.

مخابن ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان لە ١٩٦٤/١٢/٢٤دا ماڵئاوایی لە گەلی کورد و خاکی گەرمیانی کوردستان کرد و رەوانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشا .

# شێخ حسین جەباری * عصری

١٩١٤ـ ١٩٩٢ز



شێخ حوسەینی جەبباری ، کوڕی سەیید محمد ، کوڕی سەیید سەمەدە . باوکی کەسایەتییەکی ناوداری دەڤەری گەرمیان و کوردستان بووە و یەکێك بووە لە فەرماندە ناودارەکانی لەشکری مەلیك مەحمودی نەمروحکوومەتی کوردستانی جنووبی .

ساڵی ١٩١٤ز لە دێی ‹‹ بانگۆل››ی ناوچەی جەبباری چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون ، خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی ‹‹ قادرکەرەم ›› تەواو کردووە ، هاوکات لە حوجرەدا سەرقاڵی خوێندنی بابەتە ئاینێکان بووە لە هەردوو بوارەکەدا سەرکەوتو بووە .

لە سەرەتای لاویەوە خولیای شیعر و ئەدەب بووە ، و چەندین پارچە شیعری داناوە ، شیعرەکانی لەژێر نازناوی{عەصری}داهۆنیوەتەوە . لە پەنجاکانەوە پەیوەندی کردووە بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە .

ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمییان ، هەوڵێکی زۆری داوە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانی بە شێوەیەکی شارستانی ، و زۆریان بوارەکانی خوێندنیان بڕیوە ، هەمیشە گیانی نیشتمانپەروەری لە ناخیاندا چاندووە . نمونەی ئەو پەروەردە ئازادە لە نێو خێزانی شێخ حسێنی جەبباریدا..! مامۆستای شەهید شێرزاد جەبباری شۆڕشگێرە .

‹‹ عەسری ›› لە بواری هونەری گۆرانیدا یەکێك بووە لە مامۆستایانی مەقامە کوردییەکانی دەڤەری ‹‹ گەرمیان ››، بە تایبەت مەقامەکانی : قەتار - ئەڵڵاوەیسی ( ئالیاوەسی ۩ ئالیاوەیی ) - خاوکەر - خورشیدی و زۆری تر لە مەقام و بەستە کوردییەکانی سەردەمی لاوی خۆی .

مایەی خۆشحاڵیە کە بەدەنگی عەسری هەندێك لەو مەقامە کوردییە ڕەسەنانەم لە کاسێتێکدا وەك دیاریەکی پیرۆز لە خانەوادەی بەرێزی ئەو پیاوە ناودارەوە پێگەیشتووە ، کە بە سەرچاوە دادەنرێت بۆناسینی مەقامە کوردییەکانی ناوچەی گەرمیان. لەپەنجاکانەوە نیشتەجێی شاری کەرکوك بووە ، لەهەموو بۆنەکاندا لە ڕیزی پێشەوەی خەڵکی ناوچەکەدا بووە .

مخابن عەسری لەساڵی ١٩٩٢دا کۆچی دوایی کردووە و جەستەی پیرۆزی لە شاری کەرکوکی گەرمیانی کوردستان بە خاك سپێردراوە .

---

۩‹‹ ئالیاوەسی ›› وشەیەکی تورکی عوسمانییە بە واتای ئالیاوەیی هاتووە ، و دەرئەنجامی ئاخافتن لە سەرزاری خەڵکی دەڤەری گەرمیان ، وشەکە گۆڕاوە بە ‹‹ ئەڵڵاوەیسی ›› ئەم وشەیە لەلایەن بەرپرسی عوسمانی شارۆچکەی ‹‹ قادرکەرەم ››ەوە ، هاتووەتە ئاخافتن . ئەو بەرپرسە کە زۆر ئارەزووی لە گوێگرتنی مەقامی ‹‹ ئەڵڵاوەیسی ›› بووە و شەوانە لە مەجلیسی شێخاندا ، داوای وتنەوەی مەقامەکەی کردووە و وتوویەتی : ئالیاوەسی سۆیلەینن ، یانی ئالیاوەیی بڵێن .

# شێخ محمدی شێخ جەبار



{ شێخ محمد کوڕی شێخ جەببار کوڕی شێخ قادری جەباری } یە. ساڵی ١٩٢١ز لە دێی ‹‹ شێردەرە ››ی ناوچەی جەبباری چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون ، ساڵی ١٩٢٣ز ... باوکی بەدەستی لەشکری رژێمی ئەو دەمەی عیراق بە فەرمانی داگیرکارانی ئینگلیز شەهید کراوە ، ئیدی شێخ محمدی تەمەن دوو ساڵ بێ باوك و لە ژێر سەرپەرشتی دایکیدا پەروەردە بووە . شایانی باسە کە دایکی هەموو هەوڵ و تەقللایەکی یەکخستووە بۆ پێگەیاندنی رۆڵە تاقانەکەی ، ئەو شێرەژنە لە دەمێکدا تەمەنی شێخ محمدی کوڕی دەگاتە ١٠ ساڵان وهەرەتی خوێندن ، بیر لەوە دەکاتەوە کە کوڕە تاقانەکەی بنێرێتە بەر خوێندن ، بۆیە ساڵی ١٩٣٠ز ، لای مامۆستای دێکەی خۆیان دەس بە خوێندن دەکات .

شێخ محمد ، ئەلف و بێ و قورئانی پیرۆز لە خزمەت مامۆستای دێی شێردەرە دا تەواو دەکات ، پاشتر و لە ساڵی ١٩٣٢ زاییینیدا چووەتە شاری کەرکووك و لەوێ لە قوتابخانەدا درێژەی بە خوێندن داوە ، ساڵی ١٩٣٥ز

پۆلی - سێ -ی سەرەتایی تەواو کردووە ، بەڵام بەهۆی دەستکورتی وماندوبوونی دایکیەوە لە راپەڕاندنی کاروباری کشتوکاڵ و ماڵداریدا شێخ محمد ناچار دەبێت کە دەسبەرداری خوێندن بێت و بگەڕێتەوە بۆ گوندی‹‹ شێردەرە ›› تاسەرپەرشتی کاروباری کشتوکاڵ و بژێوی ژیانی خۆی و شێرەژنەکەی دایکی بکات و ماندوێتی ئەو دەربکات کە تا ئەو دەمە دیوەخانەکەی شێخ جەباری باوکی شێخ محمدی گرتووەتە ئەستۆ .
بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ، هیچ کاتێك شێخ محمد خوێندنەوەی فەرامۆش نەکردووە و هەمیشە بەدوای سەرچاوەی ئەدەبیدا گەڕاوە . وەك خۆی وتوویەتی: لەو دەمەوەی گۆڤاری گەلاوێژ هاتۆتە دەرچوون ، یانی لەسەرەتای دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژەوە ، شێخ محمد خوێنەرێکی بەردەوامی ئەو گۆڤارە بووە و چێژی لە سەرجەم بابەتەکانی وەرگرتووە. ئەوەیش بووەتە هۆی ئەوەی ئارەزووی نووسینی شیعر لەناخیدا چەکەرە بکات . لە ساڵی ١٩٤٥ز دا شێخ محمد چووەتە ناو دونیای شیعرەوە . [رازونیاز] بەرهەمێکی چاپکراوی ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیانە کە لە کۆمەڵە شیعرێکی بە چێژ پێکهاتووە . شێخ محمد ، بێجگە لەوەی لە بواری ئەدەبدا ناسراوە و کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خاوەن دیوەخان و میوانپەزێر بووە . لە بواری نیشتمان پەروەریشدا لە ڕیزی پێشەوەی دڵسۆزانی گەل ونیشتماندا بووە ، ئەو کادیرێکی پێشکەوتوو وکارای رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بووە ، و یەکێك بووە لە کەسایەتیە ناودارەکانی دەڤەری گەرمیان وئەستێرەیەکی گەش و پرشنگداری ناوچەی جەبباری ودەڤەری گەرمیان بووە . مخابن شێخ محمدی شێخ جەباری لە / / ١٩٨ز دا ماڵئاوایی لە خاك و نیشتمان کردووە و گیانی پاکی بەرە و لیقای پەروەردگار هەڵکشاوە.

# سەید عزیزی جەباری
## ١٩٠٠ - ١٩٨٣



سەیید عزیزی جەباری ، ناسراو بە ‹‹ سەیید عزیزی نەورۆز ››، کوڕی سەیید ساڵح ، کوڕی سەیید عبداللە ، کوڕی سەیید قادر ، کوڕی سەیید موستەفای جەببارییە . ساڵی ١٩٠٠ لە گوندی قشڵاخ ی ناوچەی جەبباری چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون .

ئەم کەسایەتییە ناودارەی دەڤەری گەرمیان لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا لەگەڵ خاتو [ماهییەحسێن]دا هاوسەرگیری دەکات ، و پاشان پرۆسەی بنەڕەتی گوندی نەورۆز دادەنێت و بە تەواوکردنی خانوو بەرە و پاشخانی پێویستی نیشتەجێبوون لەوێدا ، هەوار دەگوێزێتەوە بۆ گوندی ﴿ نەورۆز ﴾ ، کە

دەکەوێتە خوارووی گوندی قشڵاخەوە ، ئەم دوو گوندە دەکەونە سەر ڕۆخی چەپی ڕۆخانەی [باسەڕە ]وە ، لە دەڤەری کەرمیان .
سەیید ساڵحی باوکی سەیید عەزیز ، لە شەڕێکی خێڵەکی نێوان هەردوو عەشیرەتی جەباری و تاڵەبانیدا..لە نێو دوند و دۆڵەکانی﴿جەبەڵناساز﴾دا دەکژرێت . دەرئەنجامی ژیانی هاوسەرگیری پێنج کوڕ و پێنج کچی دەبێت .
سەیید عەزیز: کەسایەتییەکی ناودار و خۆشەویست و میوانپەزێر بووە . هەموودەمێك کاتەکانی خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەت گەیاندن بە دانیشتووانی سنووری ناوچەکەی خۆی ، و هەمیشە دەرگای دیوەخانەکەی لە ڕووی میوانانی دۆست و غەریبدا کراوە بووە .
ناوبانگی سەخاوەتی سەیید عەزیزی نەورۆز لە ناوچەی جەباری و دەڤەری گەرمیاندا ، بەگوێی هەمووان ئاشنا بووە .
سەیید عەزیزی جەباری: پەیوەندی پتەوی هەبووە لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییە ناودارەکان و کاربەدەستانی کەرکوك دەڤەری گەرمیاندا .
بۆیە .. سەیید عەزیز خۆشەویست و بەڕێز بووە لە نێو خەڵکی دەڤەرەکەدا بە گشتی . ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان کوردستان هەمیشە میحوەری پرسوڕا و چاوگی کۆڕ و مەجلیسی ناوداران بووە .
مخابن سەیید عەزیزی جەباری لە تەمەنی[٨٣]ساڵیدا لە ٣/ ٧ / ١٩٨٣دا کۆچی دووایی کردووە ، و ڕەوانی پاکی بەرەو بارەگای خوداوەندی هەڵکشاوە ، و جەستەی پیرۆزی لە مەراسیمێکی شکۆداردا لە گەندی نەورۆز ، ئەسپەردەی خاکی گەرمیانی کوردستان کراوە
دروود بۆ ڕەوانی پاکی سەیید عەزیزی جەباری ناودارانی گەرمیان .

# سەید رشید جەباری

٩١١١ - ١٩٨٤ز



سەیید ڕەشیدی جەبباری سالی ١٩١١دا،لەگوندی[ بانگۆل]ی ناوچەی جەبباری ، سەربە ناحیەی قادرکەرەم چاوی بەژیان هەڵهێناوە. سەیید ڕەشید لە هەڕەتی لاویدا لە گوندی[ بانگۆل] ، کە دەکەوێتە بناری چیای {سەڵباتو}لە ناوچەی جەبباری گەرمیاندا سەرقاڵی کاری کشتوکاڵ بووە تاوەکو سالی ١٩٤٨ . لەسالی ١٩٤٩دا دەڤەری گەرمیان بە هۆی هێرشی بەربڵاوی < کوللـەزەرد>ەوە هەرچی بەروبوومی ئەودەڤەرە هەبووە لەناوچووە و گرانی و قاتوقڕی تەنگی بە خەڵکی دەڤەرەکە هەڵچنیوە و ژیان سەختی بەخۆوە بینیوە .

لەودەمەدا شێخ مەحمودی مەلیك کە بارەگای لە گوندی داریکەلی بووە ناردوویەتی بە شوێن سەیید رەشید دا و لە [بەکرەجۆ] کردوویەتی بە سەرپەرشتیاری باخی {ئەژدیهابان} کە موڵکی شێخی نەمر بووە .

لەودەمەوە سەیید رەشید وەك سەرکار لە باغی -ئەژدیهابان- دا دامەزراوە و لە دێی - بەکرەجۆ - دا نیشتەجێ کراوە .

پاش ئەوەی حکوومەتی عیراق ئەو زەوییانەی بەکرەجۆ ئیستیملاك دەکات سەیید ڕەشید وەك کارمەندێك بە فەرمی لە فەرمانگەی کشتوکالێ دادەمەزرێنن .

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول دا چەند کورێکی سەیید رەشید بوونەتە پێشمەرگە و بەشداری شۆڕشیان کردووە ، ئەوە بووەتە مایەی ناڕەزایی رژێم لە سەیید رەشید و بەو هۆیەوە لە کارەکەی دەرکراوە .

لەسالی ١٩٧٠دا جارێکی تر گەراوەتەوە سەرکارەکەی و پاشترخانەنشین کراوە . سەیید رەشیدی جەبباری لە سنووری گەرمیان و بەکرەجۆدا بە پیاوێکی خواناس ناسراوە ، لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکدا بەدەنگی خەلکەوە هاتووە.

سالی ١٩٨٤دا کۆچی دوایی کردووە و لە دێی[ بانگۆل ]ی ناوچەی جەباری بە خاکی گەرمیانی کوردستان سپێردراوە .

---

**۩ بەکرەجۆ/ ئەودەمە گوندێکی گەورە بووە ، و دەکەوێتە سەر روباری قلیاسانەوە و هاوسنووری گوندەکانی عەواڵ و کۆستەیچەم بووە . بەڵام ئێستا بەکرەجۆگەڕەکێکی گرنگی شاری سلێمانیە .**

# سەید کەریمی جەباری

« سەید کەریمی جەباری » ، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە دا لە دێی ئالیاوەی ناوچەی جەباری چاوی ئاشنای ژیان بووە ، و لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە . ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان پیاوێکی بەڕێز و خۆشەویستی جەماوەی دەڤەرەکە بووە .
«سەید کەریمی جەباری» بە دانەری مەقامەکانی قەتارو «ئەڵڵاوەیسی - ئالیاوەسی » وخاوکەر ناسراوە ، هەرواش ماموەستای سەرجەمی مەقامە کوردییەکانی گەرمیان بووە .
زۆر لە مەقامبێژە دێرینەکانی دەڤەری گەرمیان..کە لە سەردەمی سەید کەریم ولە دوای ئەو ژیاون ، قوتابی ئەو ماموەستا گەورەیە بوون .
خەڵکی ناوچەی جەباری وچەمی باسەڕە هەمیشە باسیان لە توانای ئەو کەسایەتیە کردووە ، ئەو..مەقامبێژێکی بێهاوتا بووە لە دەڤەری گەرمیاندا.
مەلا خالدی کەرکوکی کە بە وەستا خالیدی کەوشدوور ناسراوە - حەمەی کۆترمل - مەلا تەها - خدری بارام چاوش - و چەندین مەقامبێژی دیکەی گەرمیان ، قوتابی خوالێخۆشبوو[ سەید کەریمی جەباری ] بوون .
زۆرجارم لە خوالێخۆشبووان ناوداران و مەقام زانانی سەدەی بیست: شێخ ئەحمەدی شۆریجە و شێخ عبدالعزیزی قادرکەرەم و شێخ حسینێ جەباری ، بیستووە...کە[ سەید کەریمی جەباری ] گەر دانەری مەقامەکانی چەمی ئالیاوەی گەرمیان نەبێت..!ئەوە یەکەم ماموەستای مەقامەکانی قەتار - ئەڵڵاوەیسی - خاوکەر« نیوەشەوی » بووە .

# جەبار جەباری

## ١٩٤٥ - ١٩٨٥



نووسەری شەهید (عبدالجبار محمد حسن) ساڵی ١٩٤٥دا لەدێی [حەمك] چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون ، نازناوی ( جەبار جەباری ) دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کەسایەتییە ناودارەی هۆزی ‹‹ جەباری ›› دەڤەری گەرمیان , خانەوادەکەی لە ساڵانی پەنجاکاندا لە دێی[حەمك]ەوە گواستویانەتەوە بۆ شاری کەرکوکی کوردان ، ولەوێدا خوێندنی سەرەتایی وناوەندی وئامادەیی تەواو کردووە ، پاشان لە پەیمانگەی ماموەستایان وەرگیراوە ساڵی ١٩٦٨ لە پەیمانگە دەرچووە ،پاشتر ولە ساڵی ١٩٧٩دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبەشی سیاسی زانکۆی موستەنسرییەی بەغداد وەرگرتووە لەسەر بیرۆکەی ئەم نووسەرە ناودارە ساڵی ١٩٦٩ بەشی زمانی کوردی لە تەلەڤیزیۆنی کەرکوکدا کراوەتەوە ، وخۆیشی وەك بێژەر لەو بەشەدا دەسبەکاربووە .

جەبار جەباری: لە سەرەتای لاوییەوە شەیدای ئەدەب ورۆشنبیری بووە ئەو شەیدابییە چارەنووسی گرێدابوو بە چارەنووسی گەلەکەیەوە ، کە لەژێر باری تەنگەژەی دابڕان لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و زمانەوانیدا

دەینالاند ، ئەو هەموو پاڵەپەستۆ دەروونییە ، باهۆزێکی فیکری نەتەوەیی لە دەروونی شەهید جەباری دا بەرجەستەکردووە و ئاراستەی دونیای ئەدەب و ڕەخنەگری و رۆژنامەگەری کردووە ، لە ماوەیەکی کەمدا توانیویەتی دەس بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی بکات ، هەرچەند لەو دەمەدا کاری بڵاوکردنەوە زۆر سەخت بوو و فرسەت کەم بوو ، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر بیرۆکەی نووسینی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی و دەرئەنجام لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا،ولە ساڵی١٩٦٧دا کتێبی[مێژووی رۆژنامەگەری کوردی] بە زمانی کوردی بنووسێت و لە ساڵی١٩٧٠ دا لە چاپدرا، چاپە عەرەبییەکەیشی لە ساڵی١٩٧٥دا بڵاو کرایەوە .

لەساڵی ١٩٦٩دا کتێبی[ئافرەتانی ناوداری کورد]ی نووسیوە ، هەروا پاش ماندووبوون و کۆششێکی زۆر و پەیوەندی چڕ لەگەڵ شارەزایانی شیعر و ئەدەب دۆستاندا ، توانی دیوانی شاعیری ناودار< مەلای جەباری > کۆ بکاتەوە ، و لە ساڵێ ١٩٦٨دا بەچاپی گەیاند.

بە هاوکاری توێژەر ونووسەر[ کەریم شارزا]،لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی شاعیری گەرمیانی کوردستان {ئەسیری} ئامادە کرد ، لەژێر سەردێڕی [ ئەسیری شاعیری شۆرشگێری پاش سەدەی حاجی قادری کۆیی ] بابەتەکە لەساڵێ ١٩٧٤دا لە چاپدراوە . مخابن زۆر بابەت و کتێبی دەسنووسی نووسەری شەهید جبارجەباري پاش لەسێدارەدانی لەلایەن رژێمی دیکتاتۆرییەوە لەناوبرا.

ئەم کەسایەتییە ناودارە توانیویەتی لە ماوەیەکی کەمی ژیانی رۆشنبیریدا کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانەوە ، زۆر بابەتی بەنرخ لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاو بکاتەوە.

مخابن ساڵی ١٩٨٥بە هۆی بیری نیشتمانپەروەرییەوە ، لەسەر دەستی رژێمی بەعسی فاشست لە سێدارە دراو گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی پەروەردگار هەڵکشا.

# مامۆستا ڕەفیق حیلمی

١٨٩٨ ـ ١٩٦٠



مامۆستا رەفیق حیلمی لە ساڵی ١٨٩٨دا لە شاری کەرکووك لە دایك بووە ، و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکووك و سلێمانی و ئامادەیی لە بەغدا، وپەیمانگای ئەندازیاری لە ئەستەمبۆڵ تەواوکردووە لە ساڵی ١٩٢٠دا گەڕاوەتەوە کوردستان و بووەتە مامۆستایەکی پسپۆڕی ئەندازە و بیرکاری لەماوەی خوێندنیدا لە ئەستەمبۆڵ فێری زمانی تورکی و فەڕەنسی بووە جگە لە کوردی کە زمانی زگماکی خۆی بووە .
کاتێك شێخ مەحموودی حەفید بۆ جاری دووەم لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ دا کابینەیەکی تازەی پێکهێناوە و بووە بە مەلیکی کوردستان و مامۆستا ڕەفیق حیلمی کردووەتە ڕاوێژکاری سیاسی خۆی .
ئەم ناودارە لە ڕۆژنامەی [ ڕۆژی کوردستان ] زمانحاڵی حکومەتی کوردستانی جنوبی بە رابەرایەتی مەلیك مەحموود.
مامۆستا رەفیق حیلمی لەو رۆژنامەیەدا گەلێك وتاری سیاسی نووسیوە .
پاش ئەودەمەی حکومەتی کوردستانی جنووبی بە پیلانی دوژمنانی کورد

وموبارەکە وبەشداری ئینگلیزەکان، بەزەبری هێزی چەکداری لەناوبرا..!
بە بڕیارێکی حکومەتی بریتانیا مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە ناوچەی کوردستان دوورخرایەوە .
بەڵام ئەم کەسایەتیە دڵسۆزەی گەل و نیشتمانەکەی دەستی لە کوردایەتی هەڵنەگرت و پتر لەسەر گەیشتنی گەلی کورد بە مافی چارەنووسی خۆی سور بووە لە هەوڵ و خەباتیدا بێ وچان بووە .
ئەو تێکۆشەرە یەکێك بووە لە ڕێکخارانی خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٣٠ بەردەرکی سەرای سلێمانی ، کە بەو هۆیەوە بۆ ماوەیەك زیندانکراوە .
مامۆستا ڕەفیق حیلمی ، لەگەڵ دەستەیەك لە قوتابیان و لاوانی کوردی کەرکووك وکفری وهەولێر وسلێمانی و کۆیەدا..ڕێکخراوی« دارکەر »-یان دامەزراند ، لە ساڵی ١٩٣٩دا مامۆستا ڕەفیق حیلمی کرایە سەرۆکی ڕێکخراوی « دارکەر» . ئامانجی ئەم ڕێکخراوە ڕزگاری گەلی کورد و خاکی کوردستان بوو ، بەڵام تەنگەژەی ئەودەمەی سەر گروپە سیاسیەکان بوواری ئەوەی نەدا ڕێکخراوەکە ببێتە حیزبێکی جەماوەری.
پاشتر لەسەر داخوازی ئەو کەسایەتیە ناودارە ناوی ڕێکخراوەکە گۆڕا بۆ « حیزبی هیوا » . بە هەوڵ و کۆششی بێوچانی ئەو سەرکردە نەتەوەییە لێهاتووە ، زۆر لە ئەفسەرانی کوردپەروەر و کاسبکاران و ڕووناکبیران بوونەتە ئەندامی کارای ئەو ڕێکخراوە سیاسیە لە باشووری کوردستاندا ، چالاکێکانی حیزبی هیوا لەو سەردەمەدا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە بە هەوڵ وهیمەتی ئەندامانی« مەلا مستەفای بارزانی » کەدەسبەسەر بووە ، لە سلێمانییەوە بە ناو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بۆ ناوچەی بارزان دەرباز بکرێت . لە ٢ـ ٧ ـ ١٩٤٣دا بە هاوکاری حیزبی هیوا..بارزانی گەیشتۆتەوە ناوچەی بارزان و ئیدی دەستی بە ئامادەکاری بەرپاکردنی شۆڕشی بارزانی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥ی کردووە .
« حیزبی هیوا » تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٤ لە مەیدانی سیاسەتدا حیزبێکی بەهێز وناسراوی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بووە ، و یارمەتیدەری شۆڕشی « بارزان » بووە .

پاشتر کە «حیزبی هیوا» ماڵئاوایی لە ساحەی سیاسی کرد ومیراتگری ئەو حیزبە « پارتی شۆڕش » بوو . پاش ئەویش « پارتی ڕزگاری » دروست بوون و هاتە مەیدانی خەباتەوە . بەڵام ڕێچکەی خەباتی ئەو دوو حیزبە کورتخایەن بوو ، لە ١٦- ٨ - ١٩٤٦دا بە دروستبوونی" پارتی دیموکراتی کوردستان" هەردوو پارتی « هیوا » و « ڕزگاری »، چوونە نێو ریزەکانی ئەم پارتەوە .

مامۆستا "ڕەفیق حیلمی"یش وەك ناودارێکی ڕامیاریی گەورەی کورد لە دەستەی دامەزرێنەری پارتیدا بوو . مخابن ئەو تێکۆشەرە ناودارەی کورد ڕۆڵەی خەباتگێڕی گەرمیان لە ٤ - ٨ - ١٩٦٠دا ماموەستا ڕەفیق حیلمی کۆچیدوایی کردوو گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی بەرین هەڵکشا . مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەگەڵ ئەوەی ناودارێکی ڕامیاری گەورەی کورد بووە..لە هەمان کاتیشدا شاعیر ومێژوونووس وڕەخنەگر وەرگێڕێکی لێهاتووی ئەدەبی کوردی بووە. لەبەر هەمەکانی:

١- کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ١٩٢٠ ، بە زمانی عەرەبی .

٢- خولاسەی مەسەلەی کورد (لەفەڕەنسیەوە) کردوویەتی بە کوردی

٣- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی - بەرگی یەکەم ، لە ١٩٤١ دا و بەرگی دووەم لە ١٩٥٦ دا بەچاپ گەیشتووە .

٤- یادداشت " کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود " کە شەش ٦ بەرگە و هەموویان چاپکراون .

٦- دیوانێکی شیعری بەناوی "پاش تەمووز "

جگە لەمانەش بەدەیان وتار ولێکۆڵینەوەی بەپێزی لە گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمەدا ، وەك گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە .

# رۆستەم ئاغای زەنگنە

١٩ / ١٩



خوالێخۆشبوو رۆستەم ئاغا ، کوڕی حەمە ئاغا ، کوڕی کەریم ئاغای زەنگنەیە ، بنەماڵەکەیان بە« بنەماڵەی حەمەی کەریم ئاغا » ناسراون. ئەم کەڵەپیاوە بە خانەدانترین وناودارترین کەسایەتی نێو سەرۆکەکانی هۆزی زەنگەنە دێتە ئەژمار لە سەدەی بیست دا.

﴿ رۆستەم ئاغا ﴾: نیشتەجێی گوندی « خان » بووە ، بۆیە ئەو گوندە بە « خانی رۆستەم ئاغا » ناوزەد کراوە . گوندی خان نزیکی گوندی « مەلائۆمەر »ە ، ئەو دوو گوندە دەکەونە بەشی باشووری ناوچەی زەنگەنەوە ، زنجیرە چیبای سەرکەش و دێرینی « سەڵباتو » کە لە باکووری گەرمیاندا هەڵکەوتووە ، ناوچەکانی زەنگەنە دەکاتە دوو بەشەوە ، کە بە زەنگەی ئەم دیو و ئەودیو پێناسە دەکرێت.

رۆستەم ئاغا ، کەسایەتیەکی لێهاتوو و ئازا و بەجەرگ و میوان پەزێر بووە ، لە سەخێتیدا کەم ووێنە بووە ، هەمیشە لە خەمی تییرە وبنەماڵەکانی هۆزی زەنگنەدا بووە ، و هەردەم کێشەکانیانی مەیسەرکردووە .

رۆستەم ئاغا ، هەرگیز سەری لە ئاستی دوژمنانی گەلەکەیدا نەوی نەکردووە ، هیچ کاتێك و لە ڕێبازی نیشتمانپەروەری لای نەداوە . هەرچەندە رژێمەکانیی دەسەڵاتدار لەعیراقدا هەوڵی زۆریان داوە بۆ قایلکردنی رۆستەم ئاغا ، بۆ هاوکاریکردنی رژێم دژ بە شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان ، بەڵام رۆستەم ئاغا هیچ کاتێك بۆ پارە و پووڵ پشتی لە گەلی کورد نەکردووە .

ئەو کەڵەپیاوە هەڵۆئاسا ، بەرز فڕیوە وعیزەتی نەفسی خۆی پاراستووە وهەموو ئەشکەنجە ودەردی سەرییەکی قوبووڵ کردووە ، لە ئاست ڕاگرتنی سیفەتی پاکی نیشتمانپەروەریدا .

ئەو کەسایەتیە ناودار و سەرفرازەی کە پەروەردەی داب ونەریت و ئاو وهەوای گەرمیانی کوردستان بووە..! سەربەرزانە لە ئامێزی دەڤەرە ئازیزەکەیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و رەوانی پاکێ بەرو بارەگای پەروەرینی بەخشندە هەڵکشاوە و لەنێو دڵی خاکی گەرمیانی کوردستاندا ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی کوردستان کراوە .



# عەبدولکەریم ئاغای زەنگنە

خوالێخۆشبوو عبدالكريم ئاغا ، كوڕی حەمەی كەريم ئاغای زەنگنەيە بنەماڵەكەيان بە بنەماڵەی « حەمەی كەريم ئاغا » ناسراوە.
ئەم كەسايەتيە ناودارەی گەرميان دانيشتووی دێی « مەلائۆمەر »ی ناوچەی زەنگنە بووە ، و لە ئامێزی ئەو « دێ » يەی گەرميانەوە سەروكايەتی هۆزی زەنگنەی ئەنجامداوە.
عبدالكريم ئاغا كەسايەتيەكی سوارچاكی كەم هاوتا و بوێر و نيشتمان پەروەرێكی كەم وێنەی نێو زەنگەنەكان بووە.
لەسەردەمی مەليكی كوردستان« شێخ محمودی نەمر»دا سەركردەيەكی لێهاتوو و بەتواناى لەشكری حكومەتی كوردستانی جنوبی بووە.
ئەم سەركردە ناودارە بۆ بەرگری لە گەلی كورد وخاكی كوردستان ، لە شەڕی «ئاوباريك»دا ، دەورێكی باڵا و قارەمانانەی بينيوە ، لە كاتێكدا كە هێزی زەبەلاحی داگيركەری ئينگليز و هێزەكانی چاشە خۆفرۆشەكان گەمارۆی شێخی نەمر و دەستەی گيانفيداياني ئەويان داوە ، عبدالكريم ئاغا دەوريكی سەرەكی بينيوە لە شكاندی ئابلۆقەی سەر مەليك محمودا.
عبدالكريم ئاغا:لە مەيدانی خەبات و شۆڕشگێڕی و نيشتمانپەروەريدا هەميشە ناوبانگی زيندوو دەمێنێتەوە .
هەزاران سڵاو بۆ گيانی ئاوا كەسايەتييەك كە گەل ونيشتمان شايەتحاڵی گەورەيی ئەون .

# رەشید ئاغای زەنگنە

رەشید ئاغا كوڕی جاسم ئاغای زەنگنەیە ، دانیشتووی دێی «گۆلباخ» بووە. ئەم كەسایەتیەی گەرمیان خوێندەوارێكی بەسەلیقە و شاعیرێكی بە توانا بووە ، مرۆڤێكی پڕ بەزەیی و جێی هانا و هاواری خەلكی ناوچەكە بووە ، زۆر بەزەیی بەهەژاران و لێقەوماواندا هاتووە ، تەنانەت خۆراكی ماڵ ومنداڵی خۆی لەگەڵ داماواندا بەشكردووە .

بەهەڵكەوت جارێك « رەشید ئاغا » لە بازاری « قەیسەری » كەركوك لە دوكانی « حەمەسەعیدی حاجی قادر » برای كەسایەتی ناسراوی زەنگنە « حەمەساڵحی حاجی قادر » دائەنیشێت ، لەودەمەدا سوالكەرێك دەچێتە بەردوكانەكەی و داوای یارمەتی لە حەمەسەعید دەكات ، ئەویش بە زمانی توركمانی پێی دەڵێت: « گێت ئەڵڵاە وێرسن » ، یانی.. بڕۆ خوا بتداتێ ، بێگومان ئەو رەفتارە..كاردانەوەیەكی زۆر دەخاتە سەر دڵ و دەروونی رەشید ئاغای شاعیری هەست ناسك و دەست ودڵ فراوان، بۆیە لە هەمان كاتدا بەم كۆپلە شیعرە بەڕووی حەمەسەعیددا دێت و دەڵێت:

دەوڵەمەنەكەی دڵ وێنەی ئاسن *** وەفەقیرماچی: گێت ئەڵڵاە وێرسن

رەشید ئاغا هەرچەندە پیاوێكی بەتوانا و بەدەسەڵات بووە ، بەڵام هیچ كاتێك ئەزیەتی كەسی نەداوە و هەردەم لەگەڵ چینی چەوساوەدا بووە.

# ﴿ مەلا كەریمی باوا ﴾

وەك لە نامەیەكی خوالێخۆشبوو زانای گەورەی كورد ماموەستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانیدا هاتووە..كە باس لە كەسایەتی مەلا كەریمی باوە دەكات ، و لە ساڵی ١٩٤١ دا ، ئەو نامەیەی بۆ كەسایەتی ناوداری گەرمیان شێخ نجم‌الدینی باوا ناردووە ، واهاتووە كە دەڵێت:ناوی تەواوی مەلا كەریمی باوە [ عبدالكریم كوڕی گورون ]ـە .

مەلا كەریم لە دێی{باوە}ی دەڤەری گەرمیان لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە ، سەرەتای خوێندنی حوجرەی لە لای [مەلای دێ] دەسپێكردووە . پاش تەواوكردنی خویندنی قورئانی پیرۆز وئەو كتێبانەی كە لەو سەردەمەدا لە حوجرەدا خوێندراوون ، بۆ خوێندنی زانستە ئاینییە گرنگەكان...دەچێتە خزمەت زانای بەتوانا و كەم هاوتا ماموەستا مەلا { ئەحمەدی رۆژبەیانی } لە دێی [ فەرقان ] ، ئیدی بەكامی دڵ سەرجەمی زانستەكانی ئاینی لە خزمەت ئەو زاتەدا وەرگرتووە .

كەواتە..!﴿ مەلا كەریمی باوا ﴾قوتابییەكی زیرەك و بلیمەتی دەرچووی قوتابخانەكەی ماموەستای گەورە...مەلا ئەحمەدی رۆژبەیانییە .

ئەم كەسایەتییە ، لە نێو كۆمەڵگەی كوردەواری دەڤەری گەرمیان ولەنێو رۆشنبیرانی ناوچەكانی كوردستاندا ، وەك ئەستێرەیەكی پرشنگدار لە دووررونزیك تیشكی بەرچاوان كەوتووە.

مەلا كەریمی باوا..!! نەك وەك زانایەكی ئایینی بە توانا ، بەڵكو وەك شاعیرێك و سیاسەتمەداریكیش ناسراوە ، ئەو یەكێك بووە لە ئەندامانی حیزبی هیوا كە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ریزەكانی رێكخستنیئەو حیزبەدا دەسبەكاری بووە و ئەندامێكی كارای رێكخستن بووە .

ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و دڵۆزی گەل و خاکی کوردستان بووە .

بۆ زیاتر ناساندنی کەسایەتی مەلا کەریمی باوا..!! بواری زۆرترو لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی دەوێت تابتوانرێت باس لە کەسایەتی ئەوە ناوداره بکرێت.

مخابن مەلا کەریمی باوا...لە حەفتاکاندا دڵە نیشتمان پەروەرەکەی لە لێدان کەوت و گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی پەروەرین هەڵکشا .



# ﴿ مەلا وەیسی ﴾

## ١٨٤٤ - ١٩٦٢ز



ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییە « وەیسی ئەحمەد ئیبراهیم زەنگنە » یە . ساڵی ١٨٤٤ز لە دێی« یایچی » سەر بە شاری کەرکوك ، چاوی ئاشنای ژیان بووە،بنەچەی ئەم کەسایەتییە ناودارە دەگەڕێتەوە بۆ عەشیرەتی زەنگنە.

مەلا وەیسي ، لە تەمەنی ٦ ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن . لەسەردەمی حوجرەدا،ناوبانگی زیرەکی لەنێو خوێندکاراندا بڵاوبووتەوە.

یەکێك لە هاوڕێیان وهاودەمی فەقێیەتی ، خوالێخۆشبوو مەلا وەیسی خوالێخۆشبوو سەید ئەحمەدی خانەقا بووە .

ئەوان دواپلەکانی خوێندنیان لەسەردەستی مامۆستای بە تواناو بەناوبانگی گەلەکەمان[مەلا موستەفای ژێ] تەواوکردووە .

دەگێڕنەوە:کە لە کۆتایی خوێندندا پۆلێك فەقێی هاودەمی﴿مەلا وەیسی﴾ کە لە١٠کەس پێکهاتوون ، دەمی ئیجازەوەرگرتنیان دەبێت..!رۆژێك لە

خزمەت ماموەستا ﴿مەلا موستەفای ژێ﴾دا دادەنیێشن ، ماموەستا پێیان دەڵێت:فەقێیینە لە نێو ئێوەدا چاوەڕوانی پاشەڕۆژی باش وزانایی لە دووکەستان دەکرێت..! بەڵام ناویان ناهێنێت و بێدەنگ دەبێت..! بۆیە فەقێکان تکای لێدەکەن کە بیانناسێنێت ، ئەو دەمە ماموەستا دەڵێت: وەیسی و سەید ئەحمەدی خانەقا . هەرلەوێیشدا ، لە مزگەوتی خانەقای باوکی« سەید ئەحمەد »دا ، ئیجازەی زانستی ١٢ عیلمی مەلایەتی بە فەقێ وەیسی وسەید ئەحمەد دەبەخشێت .

پاش بەدسهێنانی ئیجازەی مەلایەتی..﴿ مەلاوەیسی ﴾ بە پێشنوێژ و ووتارخوێن ، لە تەکیی تاڵەبانی لە کەرکوك دادەمەزرێت.

لێهاتوویی﴿مەلا وەیسی﴾ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر خوالێخۆشبوو کەسایەتی ناوداری گەرمیان شێخ[علي گەورە]تاڵەبانی دەبێت وئەوەندە لای خۆشەویست بووە کە لەسەر ئەرکی خۆی هاوسەرگیری بۆ ئەنجامداوە.

﴿ مەلاوەیسی﴾ لە زۆر ناوچەی گەڤەری گەرمیاندا وەکو پێشنوێژ و ووتارخوێن خزمەتی موسوڵمانانی کۆمەڵگەی کوردەواری کردووە .
ماوەیەکی زۆر لە ناوچەی[بناری گل]وەك ڕابەرێکی ئاینی خزمەتی خەڵکی ئەو بنارەی کردووە .
لەسەردەمی شێخ«حەمیدی تاڵەبانی»دا کە سەرپەرشتی « بناری گل »ی کردووە ، مەلا وەیسی نیشتەجێی بناری گل بووە .
وەك ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا باسی دەکات : کاتێك کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هەردوو خێڵی« جاف وزەنگنە »وە ، لە سەردەمی دەسەڵاتی

عوسمانییەکاندا به بڕیاری [ باب‌العالي ] له ئەستەمبوڵ ، والی كەركوك [عبدالله كازمی] تەكلیف دەكرێت بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەیه .

ناوبراو به ئۆردوویەكی بەهێزەوه دەچێته بناری گل بۆ لای شێخ حەمید و داوای لێدەكات كه وەرگێڕ و ڕاوێژكارێكی به توانای بۆ دابین بكات له چارەسەری قەیرانی نێوان ئەو دوو خێڵەدا ، شێخ حەمیدیش بۆ ئەو مەبەسته ﴿ مەلا وەیسی ﴾دەسنیشان دەكات ، به عبداللهكازمی دەڵێت: مەلا وەیسی پیاوێكی ژیر و زمانزانه ، چوار زمانی [ كوردی- توركی- عەرەبی و فارسی ] به نووسین وئاخافتن بەباشی دەزانێت.

ئیدی عبدالله كازمی..مەلا وەیسی به یاوەری خۆی دادەنێت ، و دەچن بۆ ماڵی{حەمەی كەریم ئاغای زەنگنه}كه باوكی ڕۆستەم ئاغا وعبدالكریم ئاغا وعەزیز ئاغا بووه . پاش وتووێژی پێویست عبدالله كازمی و مەلا وەیسی وحەمەی كەریم ئاغا ، چەند سوارێك لەگەڵ خۆیان دەبەن و دەچن بۆ ماڵی{ڕۆستەم حسن حاجی قادر}ی جاف و لەوێ كێشەكه چارەسەر دەكەن و سنووری نێوانیان دەسنیشان دەكەن .

پاشتر عبدالله كازمی والی كەركوك ، مەلا وەیسی لەگەڵ خۆی دەباتەوه بۆ كەركوك و ڕێزی تایبەتی لێدەگرێت .

پێش هەڵگیرسانی شەڕی بەناوبانگی[ئاوباریك]له نیسانی ساڵی ۱۹۳۱دا شێخ طالب شێخ حەمید تاڵەبانی و دارا بەگی داوودە و شێخ فیض‌الله تاڵەبانی ، مەلا وەیسی وەكو نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن و دەینێرن بۆ لای شێخ محمودی مەلیك ، بۆ دەربڕینی لایەنگری ئەوان بۆ شێخی نەمر ، كه مەلا وەیسی دەگاته بارەگای شێخ محمودی نەمر پێی دەڵێت: جەنابی شێخ...هەرچەنده ئەو پیاوانه سوێندیان بۆ من خواردووه كه خیانەت له

جەنابت ناکەن..! بەڵام من بڕوام بە سوێندەکەیان نییە..! ئیتر جەنابیشت کەیفی خۆتە..!!

لە کاتی هەڵایسانی شەڕی ‹‹ ئاوباریك ››دا بۆچوونەکەی مەلا وەیسی ڕاست دەردەچێت ، شێخ طالب تاڵەبانی و دارا بەگی داوودە و شێخ فیض‌الله تاڵەبانی ، خیانەتیان لە شێخ محمود و حکوومەتی کوردستانی جنووبی دەکەن و هاوکاری حکومەتی ئینگلیزەکان دەکەن .

لەوسەردەمەدا کە شێخی نەمر نەفی کرابوو بۆ بەغداد ، مەلا وەیسی دەچێت بۆ سەردانی ، شێخ محمود لایخۆی گلیدەداتەوە ، شەو لە کاتی لێدواندا شێخی نەمر پێی دەڵێت : مەلا وەیسی..لەبییرتە نوێنەری شێخ حەمیدی تاڵەبانی و هاوڕێکانی بویت..؟ مەلا وەیسی دەڵێت: بەڵێ لە بییرمە قوربان..! ئەی جەنابت لەبیرتە پێم وتی: یاشێخ بڕوام بە پەیمانەکانیان نیە..؟ شێخ دەڵێت : بەڵێ وابوو .

پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ ، مەلا وەیسی دەگوێزێتەوە بۆ شاری کەرکوك بەڵام بە هۆی تەمەن درێژیەوە دەس لە کاروباری مەلایەتی هەڵدەگرێت. مخابن ساڵی ١٩٦٢ لە تەمنی ١١٨ ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان دەکات و گیانی پیرۆزی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵدەکشێت.

# مەلا عەلي فتح الله

١٩١٠ - ٢٠٠١



{ مەلا علي فتح‌الله }ساڵی ١٩١٠ لە دێی [کۆشك]ی سەربە ناحییەی قادرکەرەم ، لە بنەماڵەیەکی ئایینی عەشیرەتی زەنگنە چاوی ئاشنای ژیان بووە . تا تەمەنی گەیشتووەتە ١٠ ساڵان خوێندنی بنەڕەتی ئاینی لای باوکی و مامی دەسپێکردووە . لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا دەچێتە شاری کەرکووك و لە تەکییەی شێخ عبدالکریمی قادرکەرەم دەسبەخوێندنی بابەتەکانی حوجرە دەکات . پاش ماوەیەك ... بۆ زیاتر وەدەسهێنانی زانستەکان ، دەچێتە مزگەوتی [دەدەشقڵی] ئیدی بەردەوامی خوێندن دەبێت، تا لە ساڵی ١٩٣٩دا ، لەسەر دەستی ماموەستای خوالێخۆشبوو [ مەلا ناصح ئەفەندی ] سەرۆکی زانایانی ئاینی کەرکووك لەو سەردەمەدا... بڕوانامەی زانستی لە بوارەکانی [فیقە و شەریعەت]دا بەدەسهێناوە ، پاشان لە مزگەوتی [حسن مەکی] لە قەڵای کەرکووك بووە بە پێشنوێژ و وتارخوێن. ساڵێ ١٩٤٨ گوازراوەتەوە بۆ مزگەوتی <

نائب > لە گەرەكی < سەید سەروەر > . ساڵی ١٩٥٣ گوازراوەتەوە بۆ مزگەوتی [عەلی بەگ] لە گەڕەكی شاترلو .
شایانی باسە كە مامۆستای ناودار خالێخۆشبوو مەلا عەلی فتح‌الله بهسەر ئەوەوە كە بە فەرمی وەك مامۆستا لە پەیمانگەی ئیسلامی كەركووك دامەزرابوو ، بەبێ بەرامبەر و بەبەردەوامی دەرسی بە فەقێیانی دەوتەوە . زۆرێك لە قوتابیانی ئەم مامۆستا ناودارەی دەڤەرەكانی گەرمیان ، خوێندنی باڵایان تەواوكردووە و بڕوانامەی دكتۆرایان بەدەسهێناوە .
مامۆستا ﴿ مەلاعەلی فتح‌الله ﴾ ، لەدرێژەی تەمەنیدا خێرخوازێكی دڵ ئارام و ئاسوودە دەروون بووە..لە خزمەت بە ئاین وكۆمەڵگەكەی. مخابن...ئەو ئەستێرەگەشەی ئاسمانی و كوردەواریان و كەسایەتی ناودارەی گەرمیان، لە بەرەبەیانی رۆژی ٢١/ ١ /٢٠٠١ دا ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان كرد وگیانی پاكی بەرەو بارەگای پەروەرین هەڵكشا.



# ﴿ مەلا ئەحمەدی فەیلەسووف ﴾



ناوی تەواوی مەلا سەید ئەحمەد ، کوڕی سەیید ئەمین ، کوری سەیید موحەممەد ، کوری سەیید ئەمین ، کوری سەیید خدر کوری سەیید باوان کوری سەیید [ خانعەلي ] یە .

مەلا سەید ئەحمەد : فەیلەسوف و زانایەکی پایەبەرزی کوردە و بە ماموّستا مەلا سەیید ئەحمەدی فەیلەسوف ناسراوە ، چون بلیمەت و زیرەك و شارەزایەکی کەم هاوتا بووە .
مەلا سەید ئەحمەدی فەیلەسوف : شارەزایەکی کەم وێنە بووە ، لە زانستەکانی شەریعەت ، و فەلسەفە ، و عەقیدەی ئیسلامی ، و بەلاغە ـ و مەنتیق ، و عیلمی کەلام ، و سەرف ، و نەحوی عەرەبی ، و فەلەك ـ و ئسترلاب ، و جوغرافیا ، و مێژوودا.
هەروەها زۆر شارەزای زانستی زەوی ناسی بووە .
لە بوواری مێژووی گەلی کورد و مێژوی گەلانی عەرەبی و ئیسلامی وتەنانەت لە مێژوی گەلانی ئەوروبا و ئەمریکاشدا شارەزا بووە .
ماموەستا فەیلەسوف لە نەوەی ( بابا شێخ ئەحمەدی باینچۆ )یە ئەویش کوری سەید مەحمودی سەبزەواری یە ، ولە سەیدەکانی ( پیرخدری) یە و دەچنەوە سەر( ئیمام رەزای مەشهەد) د.خ .
ساڵی١٩١١ز بەرانبەر بە( ١٣٢٩ کۆ ) لە پارێزگای کرکوك لەدایکبووە.
ماموەستا فەیلەسوف تەمەنی چوار ساڵ بووە ، باوکی گواستۆیەتیەوە بۆ شاری بەغداد و لەوێ نیشتەجێ بووە .
ماموّستا فەیلەسوف : زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی لە بەغداد فێربووە . سەرەتا لە بەغداد دەچێتە حوجرە بۆ فێربوونی ئەلف و بێی عەرەبی ، و دواتر قورئانی پیرۆز دەخوێنێت ، پاشان دەچێتە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و لەوێدا بابەتی حەدیسی خوێندووە ، دواتر دیوانی خواجە حافزی شیرازی و گولستان و بوستانی شێخی سەعدی و چوار دەروێش و پەندعەتار و هەندێك بابەتی دیکەی فارسی خوێندووە پاشان هەندێك کتێبی تورکی و ئینگلیزی دەخوێنێّت .
دواتر ماموّستا فەیلەسوف دەچێتەوە بۆ شاری کەرکوك و لە مزگەوت ومەدرەسەکانی ئەو شارەدا دەست بەخوێندن دەکات.

پاشتر بۆ تەواوکردنی بابەتە زانستییە ئاینییەکانی خوێندنی ئەوسەردەمە رووی کردووەتە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك وەك :
لەیلان - باوا - فەرقان - چەمچەماڵ – خانەقین - زەهاو ...هتد .
بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن زۆر شوێنی دیکەی کوردستان گەراوە وەك : سولەیمانی - هەولێر ، ماوەیەکیش هەواری گواستووەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا ژیانی گوزەراندووە .
مامۆستا فەیلەسوف جارێکی دی گەراوەتەوە بۆ شاری کەرکوك ، و لە شاری دایکدا درێژەی بە خوێندن داوە ، لەم جارەیان لە (مەدرەسەی ئەوقافی ئایینی کەرکوك)وەرگیراوە ، مامۆستا خوێندنی ئەم مەدرەسەیەی بە پلەیەکی زۆر باش تەواوکردووە .
ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە کە لەوکاتەدا چوار مەدرەسەی ئایینی سەربە وەزارەتی ئەوقاف لە عیراقدا هەبووە کە لە شارەکانی کەرکوك و بەغداد و بەسرە و موسڵدا بووە .
ئەومەدرەسانە نمونەی پەیمانگە وکۆلێژە ئاینییەکانی ئەم سەردەمە بووە و دەرچوانی زۆر شارەزا بوون لە بووارەکانی زانستە ئایینیەکاندا و بروانامەی دەرچوونیان پێدراوە .
دواتر مامۆستا فەیلەسوف ، روودەکاتە شاری سلێمانی و سەرەتا لە خانەقای مەولاناخالید دادەمەزرێت .
پاش ماوەیەك لە خانەقای مەحوی جێگیردەبێت و ئیدی لە خزمەت مامۆستا ئەسعەد مەحوی دا زانست فێردەبێت .
پاشتر دەگەرێتەوە بۆ شاری کەرکوك ، و لە خانەقای مامۆستا مەلا عومەری گوممەتی جێگیر دەبێت .

لە ساڵی ١٩٣٧دا ئیجازەی مەلایەتی لە خزمەت ئەو مامۆستا بەرێزەدا وەردەگرێت ، ئیدی وەك مامۆستایەکی شارەزا و ناوداری شاری کەرکوك دەست بە تەدریس و خزمەت کردنی فەقێیان دەکات .
لەسەر دەستی ئەو زانا ناودارەی گەرمیانی کوردستاندا ، سەدان قوتابی کورد خوێندنیان تەواو کردووە و بوون بە مامۆستای بەتوانا .
مامۆستا سەیید ئەحمەدی فەیلەسوف : بابەتی زۆری لەسەر زانستە شەرعییەکان نووسیوە ، بەڵام زۆربەیان بەرتاڵان و سوتان کەوتوون و فەوتاون ، تەنها چەند نوسراوێکی کەمی نەبێت کە تائێستا ماونەتەوە ، بە چاپ نەگەیێنراون .
ئەو زاتە توانا و ئارەزویەکی زۆر فراوانی لە خوێندنەوەدا هەبووە تەنانەت لە تەمەنی پیریشیدا رۆژانە نزیکەی ١٠ کاتژمێری لە خوێندنەوەدا بەسەربردووە .
ئەدەب دۆست وشیعر دۆست و رەوانبێژێکی کەم هاوتا بووە ، زۆر شارەزا بووە لە شرۆڤەکردنی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسی دا . حەزەکانی بۆ ئەدەبییات زیاتر لە شیعرەکانی حافز و خەیام و بابا تاهیر و مەحوی و نالی و سالم و مەولەوی دا چڕبوونەتەوە .
بێجگە لەو هەموو سیفەتە جوانانەی ، مامۆستا فەیلەسووف ، ئەو مرۆڤێکی دەست پاك و دەروون پاك راستگۆ بووە ، کەسێکی شیرین گوفتار و واتازان و هەمیشە لێوبەخەندە بووە ، کەسایەتییەکی سادە و سەخی تەبیعەت و مێوان پەزێر و هێمن و لەسەرخۆ بووە .
لە کاتی لێدووان و گفتووگۆدا هەوڵیداوە ئاستی زانیاری کەسی بەرامبەری بۆ دەرکەوێت ، تا بە گوێرەی توانا و بۆچوونی بەرامبەرەکەی بیدوێنێت زۆرجاریش بەڵگەی بۆ پشتڕاسکردنەوەی وتەکانی خۆی هێناوەتەوە .
مامۆستا فەیلەسوف : نزیکەی شەست ساڵ خزمەتی بە ئاین و فەلسەفەی زانستی کردووە .

ئەو زانا ئاینییە زۆر شارەزا لێهاتوو و باڵادەستە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هەمیشە هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بەرپەرچدانەوەی ئەو فەلسەفە بیانیانە و ئەو بۆچونانەی کە دژی فەلسەفەو بیرو بۆچونی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوون،هەوڵەکانیشی زیاتر لە کاتی وانەووتنەوەکانیدا بۆ قوتابییەکانی ئەنجامداوە .

لە رۆژگاری ژیانیدا بەهۆی ستەمی رژێمەکانی عیراقەوە مامۆستا فەیلەسووف نەهامەتی زۆری تووشبووە ، زۆربەی نوسینەکانی و کتێب و پەرتووکە شیعرییەکانی فەوتاون و لە نێوچوون .

لە ساڵی ١٩٦٣دا کتێبخانەکەی بەر شاڵاوی تاڵانکردن کەوتوە و چەند کتێبێکی کەم نەبێت هیچی بۆ نەماوەتەوە .

ماموەستا سەید ئەحمەدی فەیلەسوف : لە ساڵی ١٩٧٤دا بەشداری شۆرشی ئازادیخوازی گەلەکەمانی کردووە و وەك دادوەر لە دادگای تەمییزی شەرعی کوردستاندا کاریکردووە .

مخابن مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەیلەسووف : رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٤ / ٤ /٢٠٠٤ ، لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا گیان پاکی بەرەو عەرشی خوداوەندی هەڵکشاوە و ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کردووە .

جەستەی پیرۆزی ئەو کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان ، گوێزراوەتەوە بۆ شاری کەرکوکی کوردان و لەوێدا ئەسپەردەی خاکی گەرمیانی کوردستان کراوە .

دروود بۆ گیانی پاکی ماموەستا فەیلەسووف و ناودارانی گەلەکەمان .

# مەلا عەلی زالوواو

١٨٩٠ - ١٩٨٩



مەلا علی کوڕی مەلا محمدی کوڕی مەلا فەقێ کریم کوڕی کویخا شاسواری کوڕی محمد خانی گەورەی زەنگنەیە ، ساڵی (١٨٩٠) لە گوندی زالواوی سەر بە ناحیەی سەنگاو لە دایك بووە ، بنەماڵەکەیان بە ئەشرافی (ئال عبدالرحمن ئاغای زەنگنە) ناسراون ، پشتاوپشت دەچنەوە سەر ئاغاکانی زەنگنە ، دایکی لە بنەچەدا (میسریە)وناوی( ئامینە - کچی کویخا قادر ، کوڕی مەلا محمد ، کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی مەلا حسێن)ـە کە (خلیفە) بۆ کاروباری ئاینی ناردویەتی بۆ کوردستانی عێراق و هەر لەوی ماوەتەوە .

مەلا حسێن زانایەکی ئاینی گەورە بووە ئێستا گوندێك بە ناوی ئەوەوە هەیە لە سنوری قەزای چەمچەماڵ ئەویش گوندی (مەلا حسین)ە . مەلا علی

زالواو وەك لە یاداشتەکانی خۆیدا هاتوە...ئەڵێ : باپیرە گەورەی ئێمە (کویخا شاسوار) لە گوندی زالواو مزگەوت و مەلا ومەدرەسەی هەبووە ئەو مزگەوت و مەدرەسەیە تاکو ساڵی هەشتاکان مابوو ، بەڵام بەداخەوە رژێمی بەعس روخاندی .

زالواوی لە نووسینەکەیدا دەڵێت: لە تەمەنی ( ٧ ) ساڵیدا لە مزگەوت و مەدرەسەی خۆمان لە گوندی زالواو لەلای باوکم (مەلا محمد) خوێندومە.

زالواوی زمانەکانی (عەرەبی و تورکی و فارسی) زۆر بە باشی زانیوە و لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا خەریکی هونەری خۆشنوسی بووە و دەیان دەست خەتی لێ بەجێماوە .

زالواوی خوێندنی ئاینی لە شاری سلێمانی لە مزگەوت و خانەقای کاك ئەحمەدی شێخ تەواو کردوە ، هاوڕێکانی ئەم کەسایەتیە ناودارە لەسەردەمی خوێندندا ئەم ناودارانە بوون: سەرکردەی نەمر مەلا مستەفای بارزانی - شاعیری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا قانیع - مەلا عبدالوهاب جاف - ومەلا عبدالله ... ئال خەلیفە .

دوای تەواو کردنی خوێندن مەلا عەلي زالواوی...دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان و لەوی دەبێتە پێشنوێژ و وتارخوێنی و قازی گوندی زالواو و ناحیەی سەنگاو بە گشتی ، لە هەموو گوندەکانی ناوچەکە و دەوروبەرەوە بۆ وەڵامی پرسیاری ئاینی فتوا شەرعییەکان ، خەڵکی روویان تێکردووە.

زالواوی: خاوەن دەیان کتێبی ئاینیە کە زۆربەی ئەو کتێبانەی لە زمانی بیانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ، لەوانە: تنبیه الغافلین- قصص الانبیاء - طب الرحمة - وخەونامەی ، إبن سیرین .

زالوواوی:کتێبیکی مێژووی دەربارەی بنەماڵەکەی خۆیان لەژێر سەردێڕی

[ مێژووی بنەماڵەکەمان لە سەنگاودا] نووسیوە ، بەڵام زۆربەی فەوتاوە تەنها (١٢) لاپەڕەی لێماوەتەوە ، ئەم کتێبە باس لە مێژووی هۆزی

زەنگنە دەکات ، وشەجەرەیەکی لقی ناوچەی سەنگاوی عەشیرەتی زەنگنەی لەخۆگرتووە.
شایانی باسە کە بڵێین مامۆستا زالواوی لە بواری هۆنراوەدا دەستێکی باڵای هەبووە.
زالوواوی : کاریگەری زۆری ڕێچکەکانی سۆفیگەری لەسەر بووە بۆیە پەیوەندیەکی روحی پڕ لە خۆشەویستی ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیانی بە تەسەوفەوە پەیوەست کردووە ، وپەیوەندی چڕی بە ڕابەرانی ناوداری سۆفیگەری دەڤەری گەرمیانەوە هەبووە . لەوزاتانە : شێخ ئیسماعیلی گۆلباخ - شێخ عبدالرحمنی شۆریجە - شێخ ئیبراهیمی قادرکەرەم - شێخ عەلي تاڵەبانی - شێخ عبدالکریمی کەسنەزانی ..هتد .
مخا بن زالواوی لە بەرەبەیانی رۆژی ١٨/ ٣ / ١٩٨٩دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ‹‹ غەریبان ››کە دەکەوێتە باکوری گەڕەکی شۆرجەی شاری کەرکوکەوە،بە خاکی گەرمیانی کوردستان سپێردراوە.

# مەلا ئەحمەدی کنگربان

١٩١٢ ـ ٢٠٠٦



ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییە ناوداره : مەلا ئەحمەد ، کوڕی مەلا محمد کوری مەلا رەشید ، کوری ‹ مەلا وەسمان › کوڕی مەلا ئۆمەرە .
ساڵی ١٩١٢ لە دێی‹‹ مەلا ئۆمەر ››ی ناوچەی زەنگنە چاوەکانی ئاشنای ژیان بووە . مەلا ئۆمەر ، کە بونیادنەری ئەو دێیەیە...دەکاتە باپیرە گەورەی ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان . هەرچەندە لە نێو خەڵکی دەڤەرەکەدا بە زەنگنە ناسراوە ، بەڵام وەك لە ناسنامەکەیدا هاتووە و لەسەر زاری ئیسماعیلی کوڕی ماموەستا کنگربانییشەوە گوێمان لێبوو، بنەچەی ئەم کەسایەتییەی گەرمیان لە نەوەکانی پیرخدری شاهۆیە. نازناوی‹‹کنگربانی››دەگەڕێتەوە بۆ ناوی گوندی‹‹کنگربان››ی ناوچەی کفری دەڤەری گەرمیان.ئەم گوندە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری ‹ کفری ›یەوە بە دووری < ٤ > کیلۆمەتر.

ئەم کەسایەتیە ناودارەی گەرمیان ، کاتێك کە تەمەنی دەگاتە هەرەتی خوێندن ، لە خزمەت باوکی زانایدا حوجرەنشین کراوە ، پاش خوێندنی بابەتەکانی بنەرەتی حوجرە و قورئانی پیرۆز ، دەس بە خوێندنی زانستەکانی ئاینی دەکات لەسەر دەستی زانایانی ناوچەکانی‹ گەرمیان ›.
بۆ تەواوکردنی کۆتا بابەتەکانی ئایینی روویکردۆتە شارەکانی کوردستان و بە عەودالّی بە دوای زانایانی ناوداردا گەراوە..تابتوانێت بە باشترین شێوە شارەزایی لە زانستدا بەدەس بێنێت . پاش تەواوکردنی پلەکانی خوێندن و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی سەرەتا لە دێی کانی ماسی ناوچەی خانەقین بە پێشنوێژو وتارخوێند دامەزراوە ، لە هەمان ئاواییدا هاوسەرگیری کردووە .
پاش چەند سالّێك گواستوویەتییەوە بۆ دێی ‹ چوارشاخ ›لە ناوچەی کفری لەوێیشدا وەك پێشنوێژ و وتارخوێند ئەرکەکانی خۆی ئەنجام داوە . پاشتر بە هەمان ئەرك گواستوویەتییەوە بۆ دێی‹‹ کنگربان ››ولەوێدا درێژەی بە خزمەتکردنی خەلّکی ناوچەکە داوە ئیدی



لەوێوە و لە نێو کۆمەلّگەی گەرمیاندا بە ‹‹ مەلا ئەحمەدی کنگربان ›› ناوزەد کراوە. ‹‹ماموەستاکنگربانی›› وەك مەلایەکی شارەزا وڕابەرێکی بە ئەزموون لە ناوچەکانی گەرمیاندا خزمەتێکی زۆری خەلکی کردووە لە رووی ئاینپەروەری و نەتەوەگەریەوە .
سالّی ١٩٥٦دا ، بە فەرمانی موتەسەریفی لیوای کەرکوك کراوە بە ‹‹ مورشیدی ئاینی جوال ›› لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکوکدا ئیدی وەك پێویست ئەرکی خۆی بەجێهێناوە لە سالّی ١٩٥٩دا بە تومەی سیاسی دەسگیرکراوە و لە شاری کفری خراوەتە زیندانەوە ، پاشتر گواستراوەتەوە بۆ بەندیخانەی کەرکوك و پاش١١مانگ لە

زیندانی..رووبەرووی دادگای عورفی کراوەتەوە ولەوێدا ئازادکراوە ، پاش ئازادبوونی لەزیندان هەواری گواستووەتەوە بۆ دێی ‹ زەرداوی ›ی ناوچەی کفری .
لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا ، وەك دادوەرێکی بە ئەزموون بۆ ئەنجامدانی کاروباری خەڵکی کوردستان ، چووەتە ریزی شۆڕشەوە و یەکێك بووە لەو دادوەرانەی کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شەرعی و یاسایی ناوچەکانی کوردستان دەسنیشانی کردبوون ، و بارەگای کارکردنی لە دێی ژاڵەی رەبات بووە.
پاشتر کراوە بە پشکنەری شۆرش لە گەڵ مەلا جەمیل رۆژبەیانیدا .
ماموەستا کنگربانی:کەسایەتییەکی خۆشەویستی نێو جەماوەری دەڤەری گەرمیان بووە ، لە ساڵی ١٩٧٤دا ولە هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلولدا رووی لە ئێران کردووە . پاش گەرانەوەی لە ئێران ، چووەتە کەرکوك و لە مزگەوتی بەیرەقدار بووە بە پێشنوێژ و وتارخوێند .
‹‹ ماموەستاکنگربانی ››تا کۆتایی نەوەتەکان بەردەوام بووە لە خزمەت بەکۆمەڵگەی کوردەواریدا،بەڵام ئیدی بە هۆی تەمەنەوە خانەنشین بووە.
مخابن ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان ، پاش تەمەنێکی پڕ لەسەروەری لە شەوی ٦ / ٢ /٢٠٠٦دا ، گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشا و ماڵئاوایی لە گەل ونیشتمان کرد ، هەزاران سڵاو بۆ رِەوانی پاکتان ئەی رابەرانی جەماوەری گەرمیانی مەیدانی خەبات و بەرخۆدان.

---

**مەلا وەسمان یەکێك بووە لە ماموەستاکانی کاك ئەحمەدی شێخ .**

# مەلا جەمیل رۆژبەیانی

١٩١٣ - ٢٠٠١



مەلا جەمیل رۆژبەیانی

گەورە نووسەر و رۆشنبیر و سیاسەتمەداری ناوداری کوردپەروەر محەمەد جەمیل رۆژبەیانی (مەلا جەمیل) ، ساڵی١٩١٣لە دێی فەرقان - ی ناوچەی ( قەرەحەسەن )ی دەڤەری گەرمیان لە خێزانێکی ئاین پەروەری بەناوبانگ چاوی ئاشنای ژیان بووە .

مەلا جەمیل لە سایەی سێبەری زانای گەورە وناوداری گەرمیانی کوردستان « مەلا ئەحمەدی رۆژبەیانی » باوکیدا ، پەروەردە بووەو لەسەر دەستی ئەو زاتەدا قورئانی پیرۆزی بەشرۆڤەکردنەوە خوێندووە .
پاشان ماڵیان گواستۆتەوە بۆ گوندی [ باوە ] ، و لەوێدا و لەسەردەستی ماموەستا ( مەلا سەیید عبدالوهاب ) بابەتەکانی ئەو سەردەمەی حوجرەی خوێندوە و فێری نووسین بووە ، پاشتر و دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی حەفید لە ساڵی ١٩٢٢ز ، مەلا ئەحمەدی باوکی لە یەکێك لە مزگەوتە گەورەکانی شاری ‹‹ سلێمانی ››دا بووەتە مامۆستای حوجرەو وەك یەکێك لە خوێندکارەکانی خۆی سەرپەرشتی فێرکردن و خوێندنی ماموەستا جەمیل رۆژبەیانی کردووە .
ساڵی ١٩٢٣ز، چووەتە شاری هەولێر و لای زانای بەناوبانگی ئەو سەردەمە [ مەلا عەبدوڵا بێتواتەیی ] بۆ چەند مانگێك خوێندوویەتی ، لە ساڵی ١٩٣٤دا چووەتە گوندی[ عەوینە ] و لای مەلا عوسمان دەرسی خوێندووە ، دواتر گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆیان [فەرقان] .
ساڵی ١٩٣٥ز، چۆتە شارۆچکەی کفری و لەوێ لە یەکێك لە حوجرە گەورەکانی ئەو شارەدا لای محەمەد سەعید ئەفەندی موفتی ، کە لە گەورە زاناکانی ئەو سەردەمە بووە ، درێژەی بە خوێندن داوە .
لە ساڵی١٩٣٧دا و بەهۆی ئیدانەکردنییەوە بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی عیراق لە کوشتنی(بەکرسدقی)دا ، رۆژبەیانی بۆ ماوەی ٢ ساڵ زیندانی کراوە ، ساڵی ١٩٣٩ز ئازادکراوە . لە ساڵی ١٩٤٢دا ، بە نهێنی لە لایەن[ مەلا رەزای واعیز ]ەوە ،لە مزگەوتی [ موراد ] مۆڵەتی وانەوتنەوەی پێدراوە.ساڵی ١٩٤٢ جارێکی دی دەستگیرکراوە و رەوانەی[ نوگرە سەلمان ] کراوە،پاشتر گواستراوەتەوە بۆ بەندیخانەیەك لە شاری عیمارە .

رۆژبەیانی لەماوەی زیندانکردنیدا ، هەردوو کتێبی[مێژووی سلێمانی]ی ‹ محەمەد ئەمین زەکی بەگ › و[شەرەفنامە]ی ‹ شەرەفخانی بەتلیسی› وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی .

پاش ٣١ مانگ زیندانی ، ئازادکراوە و چۆتە گوندی[ مەتارە ]ی گەرمیان و لەوێ بێ بەرامبەر ، بە ڕۆژ منداڵان و بە شەوانیش گەورەکانی فێری خوێندن ونووسین کردووە .

ساڵی ١٩٥٠کتێبی [ دەروێش لە کوردستاندا ]ی نووسیوە و لەو دەمەدا بەشێکی لە رۆژنامەی [ ژین ]دا بڵاوکراوەتەوە ، هەر لەو ماوەیەشدا دوو کتێبە وەرگێڕاوەکەی بەناوی [ مێژووی سلێمانی ، و شەرەفنامە ]ی لە چاپداوە .

ساڵی ١٩٥٣ ، رۆژبەیانی هەواری گواستووەتەوە بۆ داقوق و لەوێ کتێبی[ داقوق لە مێژوودا ]ی نووسیوە ، هەروا لە چەند رۆژنامەیەکی ئەهلیدا وتاری بڵاوکردووەتەوە ، کتێبی [ ئاینی کۆنی کورد ]ی تۆفیق وەهەبی ، لە هەمان ساڵدا وەرگێراَوەتە سەر زمانی عەرەبی .

ساڵی ١٩٥٧ هەواری گواستووەتەوە شاری بۆ شارۆچکەی مەندەلی ، و دوو ساڵ لەوێ ماوەتەوە ، لەو ماوەیەدا کتێبی [ دەفتەری حسێن نازم ]ی لە تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .

ساڵی١٩٦٣،رۆژبەیانی پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە و کراوەتە [ موفەتیش عام - پشکنەری گشتی ] کە پێگەیەکی بەرزبوو لە نێو شۆرشدا ، بەرلەوەی لەگەڵ ژمارەیەك شۆڕشگێری دیکەدا ، روو لە ئێران بکات .

ساڵی ١٩٧٩وەك وەرگێڕی زمانی کوردی لە وەزارەتی راگەیاندنی ئێران دەستبەکاربووە ، دوای سەر هەڵدانی شۆرشی ئیسلامی- ئێران سەروتاری بۆ رادیۆی کوردی ئێران نووسیوە ، دواتر بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێکی ناڕەزایی دژبە هەڵمەتی حکومەتی تاران بۆسەر خەڵکی شاری

سنە ، رژێمی ئێران هەوڵی دەسگیرکردنی داوە ، بەڵام رۆژبەیانی پاش خۆحەشاردانی توانویەتی لەو وڵاتە دەرباز ببێت و بگەڕێتەوە بۆعێراق.
دواتر لە بەغدا نیشتەجێ بووە و لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و نووسیندا درێژەی بە کارە ئەدەبیەکانی داوە ، پاشان کراوە بە ئەندامی کارای[ کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد ] و ژمارەیەکی بەرچاوی بەرهەمەکانی تایبەت بە مێژوو و کولتوور و رۆشنبیری کورد ، چاپ و بڵاوکردووەتەوە .
‹‹ مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانی ›› چەندین جار خەڵاتکراوە ، لە ساڵی ۱۹۹٤دا ویسامی ئاڵتونی یەکێتی مێژوونووسانی عەرەبی خەڵاتکراوە .
ئەم گەورە نووسەرە ناودارەی کورد کە هەموو تەمەنی بە دەربەدەری بەسەربردووە،لە بوارەکانی ئەدەب و مێژووی کورد و گەلانی ناوچەکەدا گەلێك بەرهەمی گرنگ و لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاوکردۆتەوە .
ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان شارەزاییەکی تەواوی لە زمانەکانی کوردی - فارسی - عەرەبی - و تورکیدا هەبووە ، و بە زیاتر لە[ ٦۰ ] بەرهەمی هەمەجۆری لە چاپکراو ، و چاپنەکراو ، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووە.
مخابن رۆژی ۲۷- ۳ - ۲۰۰۱ دا، گەورە نووسەر و رۆشنبیری ناوداری کورد لە گەرمیانی کوردستاندا‹‹ مەلا جەمیل رۆژبەیانی ››، لە شاری بەغداد و لەماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا و گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵکشا.

# ئەسیری

١٨٩٠ - ١٩٦٢



شاعیری نەتەوەیی ناوداری کورد عەبدولخالق حوسێنی بەرزنجی ناسراو بە ‹‹ ئەسیری ››، لە ساڵی ١٨٩٠دا لە شاری کەرکوك چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون .
ئەسیری لە باوەشی بنەماڵەیەکی ئاینی ، زانست پەروەردەدا هەڵکەوتووە لە ماوەی خوێندنی بابەتەکانی ئاینیدا ، گەلێك شار و شارۆچکەی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات گەڕاوە ، کۆتایی خوێندنی لە کەرکووك تەواو کردووە و ئیجازەی مەلایەتی لە سەر دەستی مەلاعەلی حیکمەت سیامەسووری وەرگرتووە.
لە ساڵی ١٩٢٠دا چووەتە ئەستەمبوڵ و لەو گەشتەیدا چاوی بە نەجمەدین ئەفەندی برا بچووکی و شێخ عبدالقادری شەمزینی کەوتووە، ئەوان لەوێدا سەرقاڵی خەباتی کوردایەتی بوون ، لەوێوە بیری خەباتی نەتەوەیی لە هزری‹‹ ئەسیری ››دا چەکەرەی کردووە،بۆیە بە گەڕانەوەی بۆ کەرکوك

لە ساڵی١٩٢١دا، دەستی بە كوردایەتی كردووە وشیعرەكانی هێای نەتەوایەتییان بە خۆوە گرتووە ، تاكو بووتە شاعیرێكی ناوداری كورد و لەگەڵ شاعیرانی وەك ئەحمەد موختار جاف و فایەق بێكەس و مەلای گەورەی كۆیە ، جێی حاجی قادری كۆییان لە هۆنینەوەی شیعری نەتەوەی گرتۆتەوە.
‹‹ ئەسیری ›› لە شیعری پیاهەڵداندا زۆر بە سەلیقە بووە ، بەڵگەش بۆ ئەو هۆنراوە سەركەوتووەیەتی كە لەسەر وەسفی كوردستانی دایناوە و لە سەرەتاكەیدا دەڵێ :

بێرە كوردستان عەزیزم گەرتـۆ سەیرانت دەوێ
بتبەمە قەندیل ئەگەر گۆڵزاری كوێستانت دەوێ!

ئەم شاعیرە نەتەوەییە بە جەرگەی كورد لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا لە ڕۆژی ١٨ / ٠٦/ ١٩٦٢دا كۆچی دوایی كرد و لە گۆڕستانی شێخ میحەدین لە كەركوك بە خاكی گەرمیانی كوردستان سپێردرا.

# ئیبراهیم خانی دەلۆ



گەلی کورد،لە دوای رووخانی دەوڵەتی[ماد]ەوە،کە بە دەستی کۆرش و فارسە ئەخمینیەکان لەناوچوو و سەرنگون بوو ، تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوام و بێپسانەوە لە خەبات و کۆشش کردندا بووە ، هەمیشە سەنگەر و مەتەرەلێزی مقاومەت و بەرخودانی ئاوەدان کردووەتەوە و بەردەوام بەگژ هەموو داگیرکار و زۆردارێکدا چووتەوە ، بە هیوا و مەرام و مەبەستی بەدەستهێنانی مافە مرۆیی و نەتەوایەتییەکانی خۆی ، بۆیە بۆ هەرشوێن و شارو شاخێکی ئەم کوردستانە بچین دەبینین بیرەوەریەکانی تەژەییە لە نەبەردی و قوربانیدان ، هەر دار و دەوەن و شار و شاخێکی ئەم نیشتمانە لە توێشەبەرەکانیاندا ڕاز و بەسەرهات و سەر بووردەیەکی

مێژوویان لە خۆگرتووە ، هەر دوند و لوتکە و سەنگەرێك داستان و چەلەنگی و نەبەردیەکی مێژوویان لە دڵ و یادەوەری خۆیاندا حەشار داوە و تراژیدیای ماجەرایەکمان بۆ دەگێڕنەوە و شایەتحاڵی بەسەرهاتەکانن لاپەڕە و رۆژگارەکانی مێژوو پڕاوپڕ گەواهیدەرن بۆ ئازایەتی و خۆڕاگری و بەرخۆدانی ئەم نەتەوە تێکۆشەر و قارەمان و کۆڵنەدەرە.
کورد ئەو نەتەوە دێرینەیە کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە خوێن و ئێسك و پروسکی ئاوێتەی خاك و خۆڵی ئەم نیشتمانە بووە ، سنگی پیاوانی دوێنێی مێژوو ، قەڵغانی پاراستنی ئەم نەتەوە و نیشتمانە بووە لە بەرامبەر شەپۆلی لەشکرکێشی و داگیرکاری فرە و زۆروزەبەندا بۆ سەر گەل و نیشتمانمان ، زۆرن ئەوانەی سەربەرزانە چوونەتەوە ئامێزی خاك و ئاسودە سەریان ناوەتەوە ، چونکە ویستوویان سەربەرزانە بژێن و جوامێرانە بمرن لەپێناو بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەیاندا .
پیرەشاری[ کفری ] گەرمیانی هەڵقرچاو و خەڵتانی خوێن رۆڵەیەکی قارەمانی تیدا هاتە ژیانەوە کە شەهیدی سەرکردە ئیبراهیم خانی دەلۆ بووە . ئەو رۆڵە قارەمانەی گەرمیان لە ٢٢ی ئابدا مەشخەڵی گڕی شۆڕشی گەرمیانی لەسەر چیای باوەشاسوار و لە نێودڵی دوژمناندا هەڵگیرسان .
لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا هێزەکانی وڵاتانی هاوپەیمان هێرشیان هێنایە سەر[ وڵاتی نێوان دووزێ ] ، تاوەکو ئاخر و ئۆخری شەڕەکە بەشێکی خاکی ویلایەتی [ موسڵ ]ی ئەو سەردەمەیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە ، بە پێی ریکەوتننامەکانی [سایکس بیکۆ] کە لە نێوان نمایندەی وڵاتانی براوەی جەنگدا هاتبووە واژۆکردن ، بڕیاردرا خاك و خەڵکی عیراق بە هەرسێ ویلایەتەکانی [ بەسرە و بەغداد و موسڵ ] کە عیراقی ئەمڕۆیان لێ پێکهێنا ، بەشە پشکی ئینگلیزەکان بێت و بکەوێتە ژێر نمایندایەتی بەریتانیاوە ، ‹‹ ولایەتی موسڵ›› کە سەرلەبەری خاکی باشوری کوردستان دەگرێتەوە ، بووە جێگەی سەرنجی وڵاتە زلهێز و داگیرکارەکانی دونیا ، چونکە لە رووی جیۆپۆلیتیکییەوە شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی بوو ، هەروا دەوڵەمەند بوو بەکانزا و سامانە سروشتییەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی .

لەوسەردەمەدا‹‹ کفری ››سەربە سەنجەقی‹‹ شارەزوور- کەرکوك ››ی ویلایەتی موسڵ بووە،لە سەردەمی فەرمانڕەواییەتی عوسمانییەکاندا ‹‹ کەمەرخانی دەلۆ ››چەند جارێك دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان ڕاپەڕیوە و دەرئەنجامی ئەو راپەڕینانە بە دەستی عوسمانییەکان شەهیدکراوە کەمەرخان ، ئەو روح و پەیامە شۆڕشگێرییەی بە خانەوادە و خەڵکی دەڤەرەکە سپاردووە . ئینگلیزەکان لەسەردەمی داگیرکردنی کوردستاندا، شاری‹‹ کفری ››یان کردووەتە مەڵبەندی چەوساندنەوە و داپڵۆسین و ئازاردانی خەڵکەکەیی و سەرانە و باج و بێگارێکی بێشومار و زۆریان خستووەتە سەر خەڵکی ناوچەکە ، وئەوەندی دیکە خەڵکەکەیان بێدەرتان و بەشمەینەت و نەدارتر کردووە ، بۆیە داد و بێدادیان بووە لە ستەم و زۆرداری ئینگلیزەکان ، ناچار خەڵکی ناوچەکە لە حەیبەتا هانا و سکاڵای خۆیان بردووەتە لای‹‹ ئیبراهیم خانی دەلۆ ›› ، بۆ سەرزنشت کردن و ئامۆژگاری کردنی جێگری حاکمی سیاسی بریتانیا و دەست و پەیوەندەکانی لە ناوچەکەدا ، چەند جارێك دەنگی نارەزای وتووڕەیی خەڵکی لەلایەن سەرکردە‹‹ برایم خانی دەلۆ›› ، بە [سالمون]ی جێگری فەرمانڕەوای سیاسی بریتانیا لە شاری کفری راگەیەندرا ، بەڵام بێهودە بوو ، چونکە ئەوان بۆ مژینی خوێنی خەڵکی و دزینی سەروەت و سامانی کوردستان وبرسیکردن ورووت و رەجاڵکردنی دانیشتوانی کوردستان هاتبوون ، بۆیە بێبەزەیانە دەهاتنە وێزەی دانیشتوانی ناوچەکە و دەستیان لە گەرووی خەڵکی مەینەتباری کورد رۆژ لە دوای رۆژ توندتر دەکردەوە ، هاوکات داپڵۆسین وزەبر وزەنگ ، کار وبەرنامەی رۆژانەی ئەوان بوو ، کەڵەکەبوونی ئەو هەموو غەدر وستەمانە لە لایەك و گرتنی ‹‹ شێخ مەحمودی حەفید ›› لە شەڕی‹‹ دەربەندبازیان ››دا لەلایەکی دیکەوە، و هاوکات لووانی بوواری چارەنوسسازانە بۆ میللەتانی ژێردەست و ماف خوراو ، بووە هەوێن وهۆکار وفاکتەری هەڵایسان و بەرپا بوونی شۆڕش.

بەرلە بەرپابوونی شۆڕشی گەرمیان‹‹برایم خانی دەلۆ›› پەیوەندی دەکات بە کەسایەتی ناودار‹‹رەفعەت سمایل بەگی داودە››وە لە شاری خورماتوو

و بە‹‹ خورشيد بەگى دەلۆ ››وە لە شارى خانقين ، تاكو هەريەك لە ناوچەكەى خۆياندا دوژمن لە خاكەكەيان دەرپەڕێنن و هاوكات فشارێك بخەنە سەر كاربەدەستانى ئينگليزبۆ ئازادكردنى‹‹شێخ مەحمودى حەفيد›› لە دەستبەسەرى .

بەر لە ‹ ٨٧ › ساڵ و لە رۆژى ٢٢ ئاب دا و لە درێژەى ئەو زنجيرە شۆڕشەى كە گەلانى عيراق لە فوراتى ناوەڕاست و سەرانسەرى عيراق دژ بە داگيركەران بەرپا كرابوو‹‹ برايم خانى دەلۆ››سەركردەى شۆڕش دەڤەرى گەرميان ، لەگەڵ تيكڕاى هۆزى( دەلۆ )دا و بە پاڵپشتى زۆربەى هۆزەكانى ديكەى ناوچەكە لە دژى دەسەڵاتدارانى داگيركەر راپەرين و شۆڕشێكيان بەرپاكرد. ئامانجى شۆڕشەكە لەو سەردەمە هەستيار و چارەنوسسازەدا بەدەسهێنانى مافە مرۆيى و نەتەوايەتييەكانى نەتەوەى كورد بوو. لوتكەى چياى باوەشاسوار، شاسەنگەرى شۆڕشگێڕان بووە ، كە يەكەم گوللـەى لێوە ئاراستەى سنگى داگيركەرانى كوردستان كراوە ، وبووەتە مەشخەڵى هەڵايسانى ئاگرى شۆڕشى گەرميان و ترس و بيمێكى زۆرى خستووەتە دڵى دوژمنانەوە.

( سالمون ) جێگرى حاكمى سياسى بريتانياى ناچاربووە كە بە پێى خۆى بچێتە خزمەت سەركردە برايم خانى دەلۆ، بۆ پاشگەزبوونەوە لە شۆڕش و ڕابوون ، وهەرچى پيويستى خۆشى ژيان هەبووە خستوويەتييە بەرديدى برايم خانى سەركردە ، لە بەرامبەر دەسهەڵگرتنى لەو شۆڕشە ، بەڵام ماڵ و دەسكەوتەكانى دونيا وپلە و پايە نەيتوانيوە هەڵوێستى ئەم كەسايەتييە ناودارەى گەرميان بگۆڕێت وسازش لەسەر كێشەى نەتەوەكەى ونيشتمانەكەى بكات ، چونكە ئەو كەسايەتييە قرەمانە بڕواى بە پەيمان و بەڵێنەكانى ئەوان نەبووە ولەهەمان كاتدا گفت و بەڵێنى رزگاركردنى شار و ناوچەكانى بە جەماوەر دابوو .

بەرەبەيانى رۆژى٢٢ى ئابى ١٩٢٠ برايم خانى دەلۆ وهاوكارانى لە ديووى پشتەوە لە هێرشێكى شێرانەدا سەركەوتوونەتە سەر لوتكەى شاخى( باوە شاسوار) كە دەڕوانێتە سەر شارى كفريدا و دەستيان بەسەر محكەمترين مەترەلۆزى بنكەى ئينگليزەكاندا گرتووە و لەوێەوە كەوتنە

گوللـەباران كردنی مەركەزی دەرەك( پۆلیسخانە )، بەم كارەش شارەكە لە خەو راپەروین و ئافرەتان لە سەربانی ماڵەكانیانەوە هەڵهەڵەیان لێدەدا و پیاوان لە كوچە وكۆڵانەكانی شاردا لەچاوەڕوانی ژوانی رزگاركردنی شاردا بوون ، ( سالمون ) هەر زوو كەوتووەتە خۆی و ناردوویەتی بەشوێن هەندێك لە پیاو ماقوڵانی شاردا تاوەكو چارەسەرێك بۆ خامۆشكردنەوە ودامركاندنەوەی شۆڕشەكە بدۆزنەوە،وداوای لێكردوون بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵیا سەردانی برایم خان بكەن، هەرچەندە ئامۆژگاری سالمون كراوە كە هەنگاوی وا نەنێت ، بەڵام بێهودە بووە ، دەرئەنجامی ئەو ملهوڕییەی ، سالمون لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە بە دیلی گیراوە و لەو رۆژەدا شاری كفری لە چەكمەی داگیركەران رزگاردەكرێت وحكومەتێكی كاتی بە سەرۆكایەتی{ برایم خانی دەلۆ }دادەمەزرێت ، كە ئەندامەكانی بریتی بوون لە ( ئەكبر خان - وەیسی بەگی دەلۆ - حەمید عبدالرحمن كارێزی - حەمەجانی روغزایی - حاجی محەمەد تەرخانی- وكاكەمەند ئەمین درویش ) ، داموو دەزگاكانی بەڕێوەبردنی كاروباری هاووڵاتیان وەكو شارەوانی وپۆلیس ودارایی و خۆراكی خەڵكی و...هتد رێكخراوەتەوە و كڕین و فرۆشتن بە رووپیەی هندی لە بازاڕدا قەدەغە كراوە و بە شێوەیەكی كاتی دراوی عوسمانی بەگڕ خراوەتەوە ، وئەو دانەوێڵە و خۆراكانەی كە لە كۆگاندا هەبوون ، دەست بەسەریاندا گیراوە و بە پێی ژمارەی خێزان و بە بێ بەرامبەر و بە یەكسانی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشكراوە . مەشخەڵی شۆڕش تەنها شاری كفری روناك نەكردۆتەوە ، بەڵكو لە ماوەی هەفتەیەكدا شارۆچكەكانی [خانەقین- خورماتو]یش لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە ئازاد كران .

دوای ئەوەی ئینگلیزەكان بۆیان دەركەوت كە بەهێز و بە لولەی تفەنگ ناتوانن زاڵبن و سەركەوتن مسۆگەر بكەن ، ناچار بوون زمانی گفتوگۆ و دانوسان دەست پێبەكەن بۆیە لە رێگەی دانووسانەكانەوە داگیركەران بۆیان ئاشكرابووە،كە ئەوشۆڕشە ناوەرۆك ورەهەند وئامانجی نەتەوایەتی بەدواوەیە ، چونكە یەكەم داوایان ئازادكردنی شێخ مەحمودی نەمر بووە بۆیە ناچاربوون هەموو هێزەكانی خۆیان لە كەركوك وناوچەكانی دیكە

کۆبکەنەوە تاوەکو ئەو شۆڕشە خامۆش و سەرکوت بکەن . پاش ئەوەی کە شاری کفری ماوەیەك لەلایەن شۆرشگێڕانەوە بەڕێوە براوە ، بەڵام لە ئاکامی ئەو هێرشە بەرفراوانە و دوای بەرگریەکی قارەمانانە و شەهید بوونی چەندین شۆرشگێر کە لەپێناوی کاروانی سەرفەرازی نەتەوەکەیاندا گیانیان پێشکەش کرد ، داگیرکاران جارێکی تر شارە ئازادکراوەکانی [خورماتو و خانەقین و کفری]یان خستوەتەوە ژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوە و رقی خۆیان بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا رشتوە .

مخابن ..! پاش شەهیدبوونی ، جەستەی پیرۆزی ‹‹ برایم خانی دەلۆ ›› لەسەر گردی (سنێدج)ی چیای حەمرین ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی گەرمیانی کوردستان کراوە .



# نامیق ئاغای داوودی

## ١٨٧٥-١٩١٤زاینی



نامیق ئاغا ، کوڕی عەلی ئاغای گەورە ، کوڕی محەمەد بەگ ، کوڕی ئیسماعیل بەگ ، کوری حەقی بەگ ، باپیرە گەورەی بنەماڵەی بەگ و ئاغاکانی داوودەیە ، پاش کۆچی دوایی باوکی سەرۆکایەتی هۆزی داوودەی گرتووەتە ئەستۆ ، ئەم کەسایەتییە ناودارەی دەڤەری گەرمیان لە ناودارترین کەسایەتییەکانی هۆزی داوودە بووە .

‹ نامیق ئاغا › خاوەن دەسەڵات و دیوەخاندار میوانپەزێر و لەخۆبوردوو بووە و هەمیشە لە هۆڵی خەڵکی هۆزەکەیدا بووە ، و لە بارەی ژیان و گوزەران وتەندروستییانەوە هەواڵپرس بووە ولەکاتی پێویستدا هاریکاری کردوون.

دکتۆر غالب داوودی لە کتێبی [ الداودیە ، ماضیها وحاضرها ]کە ساڵی ١٩٥٠ لەچاپدراوە ، باسی نامیق ئاغا دەکات ودەڵێت: نامق ئاغا بە کەسایەتییەکی بیرتیژ ناسرابوو،هیچ بابەتە رووداوێکی لەبیر نەچووەتەوە لەئاست رووداونی خراپەکاری وتاواندا بە توندی سزای بەسەر تاوانبار اندا

سەپاندووە ، بۆیە لەسەردەمی ئەو کەسایەتییەی داوودەدا ئاسایش و ئارامی لە نێو هۆزەکەیدا بەرقەرار بووە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی ئەم کەسایەتییەی گەرمیان دەستکەوتوون ، ئەوە دەردەخات کە نامق ئاغا کەسایەتیەکی ئازا و بەجەرگ و بوێر بووە ، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداری چەندین شەڕی کردووە ، گرنگترینیان جەنگی‹ شعێبە ›ی ساڵی ١٩١٤بووە کە دژ بە داگیرکەرانی ئینگلیز بەرپاکرا ، نامیق ئاغا فەرماندەی هێزی جەنگاوەرانی شاری کەرکوك بووە، لە سوپاکەی شێخ مەحمودی نەمردا. مخابن ئەو ڕۆڵە گیانبازەی گەرمیانی کوردستان لەو شەڕەدا شەهیدکراوە و گیانی پاکی بەرە و بەهەشتی بەرینی پەروەردگار هەڵکشاوە و سەروەری بۆ هۆز و گەل و گەرمیانی کورستانەکەی بە خوێنی پاکی تۆمار کردووە .

# رەفعەت بەگی داوودی



ڕەفعەت بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ کوری‹ حەقی بەگ ›ە ، هەرچەندە ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان لە هۆزی داوودە سەرۆکایەتی هۆزەکەی نەکردووە..! بەڵام ڕۆڵی زۆرگرنگی هەبووە لە وەرچەرخانە مێژووییەکانی ناوچەکانی گەرمیاندا و چەند لاپەڕەیەکی پرشنگداری لە مێژووی دەڤەری گەرمیانی کوردستاندا تۆمار کردووە .

‹ ڕەفعەت بەگ › لە ساڵی ١٩٢٠دا ، و لە شۆڕشە مەزنەکەی دەڤەری گەرمیاندا کە هەموو ناوچەکانی کفری وخورماتوو و دەوروبەری گرتبووەوە ، بۆ پشتگیریکردن لەشانشینی بۆتان بەرباکرابوو ، ڕەفعەت بەگ سەرۆدردایەتی هێزێکی تۆکمەی کردووە و بەتوندی بەرەنگاری سوپای ئینگلیز بوەتەوە و بۆماوەیەکی زۆر ئەو ناوچانەی دەڤەری گەرمیان ئازاد بووە ئەم کەسایەتییە ناودارە و جەنگاوەرەکانی تونیویانە بەرگری لە ناوچەکە بکەن ، و زیاتر لە١٠٠سەربازی ئینگلیز لەو شەڕانەدا کوژراون و سەدانی دیکەیش بەدیل گیران ، بەڵام دوواتر

سوپای ئینگلیز توانییان بە هێنانی هێزی سەربازی زۆر لە ناوچەکانی باشووری عێراقەوە و بۆردومانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە رێگەی فڕۆکەوە شۆڕشەکە دامرکێننەوە ، و ئاکام پەرتوبڵاوە بوونی شۆڕشگێران بوو.

سڵاو لە گیانی پاکی ڕەفعەت بەگ و هاوەڵانی.

# مەلا محمودی زەنگنە

مەلا محمودی زەنگنە ، کوڕی روستەم ئاغا و لە نەوەی یوسف ئاغا لە دایکبووی ساڵی ١١٣٠ کۆچییە ، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ خێلی زەنگەنە. مەلا محمودی زەنگنە ، عاشق و سەوداسەری زانستە ئاینیەکان بووە ئەو لە خوێندنگەکانی کەرکوك و هەولێر زانستەکانی شەریعەتی تەواو کردوە. پاش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی دەستی لە خوێندن کێشاوەتەوە و دەستی بە ڕابەرایەتی موسوڵمانان کردوە هەروا بۆ دابین کردنی ژیانی رۆژانەی خانەوادەکەی کاری کشتوکاڵی کردووە . هەرچەندە مەلا مەحمود بۆ خۆی ماموەستایەکی بە توانا بووە ، لە هەمان کاتدا سالیکێکی سەوداسەری ڕێچکەکانی سۆفیگەری بووە . بۆ ماوەی ٨ ساڵ سلوکی کردووە ، تا لە ساڵی ١١٦٠ کۆچیدا ، کاتێك کە مەلا محمود لە نێو زەرعاتەکەیدا لە گوندی سورداشی ناوچەی سلێمانی سەرقاڵی کارکردن دەبێت ، شێخ ئەحمەدی هندی لاهوری کە ئیرشادی ڕێچکەی سۆفیگەری قادری کردوە ، دەچێتە لای مەلا محمود و پاش چەند سەعاتێك لە گفتوگۆ شێخ ئەحمەد پێی دەڵێت :- من لە سەرچاوەی ویلایەتی عبدالقادری گەیلانیەوە بۆ ڕێکخستنی تۆ هاتووم ، بۆ ڕێچکەی سۆفیگەری قادری . پاش ماوەیەك مانەوەی شێخ ئەحمەد لەلای مەلا محمود ، هەردوکیان سورداش بەجێ دێڵن و ڕوو لە ناوچەی قەرەداغ دەکەن . شێخ ئەحمەد لەوێدا بۆماوەی ساڵێك دەرسی زانستی تەریقەت و ئاداب و سلوك بە مەلا محمود دەڵێتەوە ، پاشان ئیجازەی خەلافەتی رێچکەی قادری دەداتێ و دەیکاتە جێنشینی خۆی . لەو دەمە بەدواوە خەرقە دەپۆشێ و دەسبە ڕابەرایەتی سۆفیگەری دەکات . مەلا محمود چونکە ماوەیەکی زۆر لە ناوچەی زەنگنە نیشتەجێ بووە وهاوسەریشی کچی میر ئیسماعیل ی زەنگنە بووە ، بۆیە بە زەنگنە ناسراوە . مەلا محمودی زەنگنە پاش

ماوەیەك دەچێت بۆ كەركووك و تەكێ وبارەگای خۆی لەوێ بونیاد دەنێت و دەس بە ڕێنمایی خەڵكی بۆ پەرستش گرتنێ ڕێچكەی سۆفیگەری دەكات.

ساڵی ١٢١٥كۆچی - ١٨٠٠ز لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە و لە نێو تەكییەكەی خۆیدا لە گەڕەكی بەرتەكییەی كەركوك ئە دەسپەردەی خاكی گەرمیانی كوردستان كراوە .

# شێخ احمدی تاڵەبانی

شێخ احمدی تاڵەبانی کە لە دایکبووی ساڵی ١١٩٤ی کۆچییە ، تاقانە کوڕی مەلا محمودی زەنگنە بووە . لە منداڵییەوە وەك منداڵانی هەموو زانایان خراوەتە بەر خوێندن ، قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی بڕیوە . شێخ ئەحمەد شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لە شەریعەت وتەریقەت دا . شێخ ئەحمەد چون باوکی عاشق و سەوداسەری زانستە ئاینیەکان بووە هەڵکەوتەی کەسایەتی خۆیشی هەمان شێوازی تیا بەرجەستە بووە .

پاش تەواوکردنی خوێندن...بڕیاری دامەزراندنی خێزانی داوە و هاوسەرگیری ئەنجام داوە . ئیدی دەستی بە ڕابەرایەتی و ڕاگەیاندنی ڕێچکەی سۆفیگەری کردووە ، و لە وڵاتانی تورکیا و سوریا ئێران دا بنەمای تەکێ دادەنێت و جێنشینانی تیدا نیشتەجێ دەکات .

شێخ احمدی تاڵەبانی ، لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا ، لە ساڵی ١٢٥٧کۆچی بەرامبەر بە ساڵی ١٨٤١ زایینی گیانی بەرولای پەروەردگار هەڵکشاوە و لە نێو تەکێکەی خۆیاندا لە گەڕەکی بەرتەکێی کەرکوك ئەسپەردەی خاك کراوە .

# شێخ عبدالرحمن * خالص

شیخ عبدالرحمن ساڵی ١٢١٢كۆچی بەرامبەر بە ١٧٩٨زاینی لە دێی تاڵەبان چاوەكانی ئاشنای ژیان بووە . ئەو لە نێوان براكانیدا گەلێك ئاگاداری تەواوی لە تەصەوف و زانستی شەریعەتدا هەبووە و لە نێو خەڵكی ناوچەی گەرمیاندا جێگەی ڕێز و نەوازش بووە .
ئەو كە بەرلە وەفاتی باوكی بە جێنشین دانرابوو ، لەسەر ڕێبازی باوكی بە گوێرەی یاسا و ڕێسای سوننەت و ڕێبازی حەزرەتی محمد (د.خ) ، و لەسەر بیناغەی قورئانی پیرۆز دەستی بە ڕێنمایی خەڵكی كردووە بۆ پەرستشی خودا لە ڕێچكەی سۆفیگەریەوە . لەوپێناوەدا ڕێچكەی قادری كردووەتە نەخشەی جموجووڵی خۆی بۆ پەرەپێدانی پەرستشی پەروەردگار . ئەو یەكێك بووە لە كەڵە شاعیران و عاریفانی سۆفیگەری لە چەرخی ١٩دا ، بیری سۆفیگەری لە شیعر و نووسینەكانیاندا كە بە جۆرەها زمان بڵاو كراوەتەوە ، كوڕانی خۆیان و موریدانیان بۆ ئەم مەبەستە بانگێش دەكەن . ئەو لە منداڵیەوە لای باوكی دەرسی خوێندووە و زۆرێك لە بابەتەكانی شەریعەتی خوێندووە ، بۆ تەواوكردنی بابەتەكانی شەریعەت ڕووی لە كەركوك و سلێمانی كردووە . شێخ ماوەیەك لە خزمەت [شێخ مارفی نۆدێ]دا زانستەكانی شەریعەتی خوێندوە هاوكات كاك ئەحمەدی شیخ(هیمەتی . ح) هاونشینی خوێندنی بووە . پاشان سەفەری بەغدادی كردوە و لەلای مەلا عبدالرحمن ڕۆژبەیاني بووە بە فەقێ و خوێندنی حوجرەی لەوێ تەواو كردوە .
پاشان چوەتە خزمەت رابەری ڕێچكەی سۆفیگەری قادری شێخ مارفە كوستەي بەرزنجي ، لە دێی ‹‹ كانیكەوە ›› و ئیدی ڕێچكەی سۆفیگەری

قادری پیادەکردوە ، پاشتر بوە بە جێنشینی باوکی . شێخ عبدالرحمن بێجگە لە زمانی کوردي ، زمانەکانی فارسي- عربي - و ترکي بە باشی زانیوە و بە نازناوی « خالص » شیعری عیرفانی بەم زمانانە وتوە .
دیوانی« خالص » بۆ یەکەم جار لە ئیستەنبوڵ چاپ کراوە . شیعرەکانی « خالص » لە تەکێ و بارەگا عیرفانییەکاندا هەمیشە لە لایەن عاشقانی تەریقەتەوە دەکرێتە ئاواز و ستایشی پەروەردگاری پێ دەکرێت . شاعیران و ئەدیبانی پایەبەرز لە نووسینەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە مەولەویی چەندین جار لە سەفەرەکانیدا بۆ کەرکوك سەردانی تەکێی تاڵەبانی کردووە و دیداری شێخی کردوە . هاوکات شێخانی نەقشبەندی دۆستایەتیان لە تەك شێخدا هەبووە ، لەوانە شییێخ عمر کوڕی شییێخ [عثمان سراج‌الدين] کە لە کەرکوك لە تەك کوڕی شێخ عبدالرحمن دا سەرقاڵی بەدەسهێنانی زانستەکانی شەریعت و تەریقەت بووە .
شێخ عبدالرحمن لە ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٥٨ زاینی دا وەفاتی کردووە و لە تەنیشت باوکییەوە لە تەکێی تاڵەبانی لە کەرکوك بەخاك سپێرراوە .

# ﴿ شێخ علي تاڵەبانی ﴾

شێخ علي ناسراو بە ‹ موحەدیث ›، لە ساڵی ١٢٤٨ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٣٢ ی زاین ، لە دێی[ قرخ ] ، چاوی ئاشنای ژیان بووە .
لە تەمەنی لاویدا زانستەکانی شەریعەت و تەریقەتی لە تەك شێخ عمری کوڕی شێخ سراج الدین نەقشبەندی دا ، لە خزمەت شێخ عبالرحمنی باوکیدا خوێندووە ، پاشتر لە مزگەوتی بلاخ لای ماموەستا مەلا سەیید محمد ، درێژەی بە خوێندن داوە ، بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە کۆیە و لای مەلا ئەسعەدی جەلیزادە بە هاوڕێتی مەلا عبداللەی کوڕی جەلیزادە زانستی فیقهی تەواوکردوە ، پاش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوك .
شێخ علي ، سەرجەمی قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە و ١٨٠٠٠ حەدیثی پەیامبەر[د.خ] لە بەر بووە . سەردەمانێك شێخ عبدالرحمن خالصی باوکی لە ژیاندا بوو ، کە هاتووە بەرەو مەجلیس ... باوکی لەبەری هەڵساوەتە سەرپێ ، موریدان لێیان پرسیوە .. کە هەڵسان لەبەر کوڕەکەی بۆچی..؟ خاڵصي لە وەڵامدا وتوویەتی: من لەبەر خاتری علي نیە کە هەڵدەسمە سەرپێ بەڵکو لەبەرخاتری هەموو ئەو ئایەت وحەدیسانەیە کە لە سینەی ئەودایە. سەردەمێك کە شێخ عەلی بووەتە جێنشینی باوکی ، زانایانی کەرکووك هەرکە موشکیلەیەکی فیقهیان هاتبێتەپێش، ڕوویان کردووەتە شێخ عەلی. شیخ لە ساڵی ١٣٣٠ ی کۆچیدا وەفاتی کردووە و لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك بەخاك سپێردراوە .

# ﴿ شێخ ڕەزای تاڵەبانی ﴾

١٢٥٣ کۆ - ١٨٣٧ زا



« شێخ ڕەزا » کوڕی شێخ عبدالرحمن ، کوڕی مەلا ئەحمەد ، کوڕی مەلا مەحمودی زەنگنەیە ، ساڵی ١٢٥٣ کۆچی - ١٨٣٧ زایین ، لە دێی « قرخ » لە ناوچەی چەمچەماڵ ، چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون ، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لای باوکی چووەتە بەر خوێندن ، پاشان چەند کتێبێکی سەرەتایی ئاینی لەلای( شێخ عبدالغفور )ی مامی خوێندووە هەندێکیش لە کتێبەکانی لای مەلایانی بەتوانای کەرکوك خوێندوە، پاشان چووەتە کۆیە و لە مەدرەسەی زانای ناودار(مەلا ئەسعەدی جەلی زادە لە مزگەوتی گەورەی کۆیە درێژەی بە خوێندن داوە ، ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵیا بوون:حاجی مەلاعەبداللە کوڕی مەلائەسعەد وشاعیری بە ناوبانگ ( کەیفی ) بوون .

« شێخ ڕەزا »لەسەرەتای لاوییەوە ئارەزووی شیعری لە دەروونا گەلاڵە بووە ، بەڵام رێچکەی شێعربێژی ئەو جیاوازە لە رێچکەی شاعیرانی دی کورد . زۆربەی شیعرەکانی « شێخ ڕەزا » لە بابەتی « تەنز »دان . سەرەدەمێك ناخۆشی دەکەوێتە نێوان شێخ ڕەزا و کەیفی شاعیرەوە...ئیدی دەسبە هەجووی یەکتر دەکەن ، و لە ئەنجامدا بەهۆی شێخ ڕەزاوە ، کەیفی لە خوێندن دەردەکرێت. « شێخ ڕەزا » شارەزاییەکی باشی لە ( نحو، صرف ، بلاغە ) هەبووە. شاعیری بێهاوتای گەرمیان و کوردستان ڕۆژی پێنج شەممە« ٩ »ی موحەرەمی ساڵی ١٣٢٨ کۆچی ، بەرامبەر «٢٠» کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ زاینی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ عبدالقادری گەیلانی بە خاك سپێراوە .

شایانی باسە « شێخ ڕەزا » وەسیەتی کردووە ئەم چوارینە فارسیەی خۆی کە لە خوارەوە نووسراوە ، لەسەر کێلی گۆڕەکەی بنووسرێت کە دەڵێت :

یارسول‌الله چە باشد چون سگ أصحاب کهف
داخل جنت شوم در زومره ئی أحبـــاب تـو
أو رود در جنت و من جهنم ، کي رواست.!
أوسگ أصحاب کهف ومن سگ أصحاب تـو

واتا / ئەی پەیامبەر و فەرستادەی خودا: چی ئەبێت منیش وەکو سەگی یارانی ئەشکەوت ، لەگەڵ دەستەی خۆشەویستانی تۆدا بچمە بەهەشت.؟ کەی ڕەوایە ئەو بچێتە بەهەشت ومنیش بچمە جەهەنەم ؟. بەڵێ ئەو سەگی یارانی ئەشکەوتە..! خۆ منیش سەگی یارانی تۆم .

# شێخ قادر تاڵەبانی

## ١٩٥٢-١٨٨٩



‹‹ شێخ قادر ›› ساڵی ١٨٨٩ لە گوندی سیامەسووری گەرمیان چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون .
شێخ قادر: کەسایەتییەکی زیرەك و بە توانا وناسراوی نێو گۆمەڵگەی گەرمیانی کوردستاندا بووە . لە خولی حەوتەمی مەجلیسی نووابی عیراقي لە ساڵی ١٩٣٧دا ، بووە بە نائب بۆ خەڵکی کەرکوك ، لەو ماوەیەدا کە

نائیب بووە خزمەتی زۆری بە خەڵکی کەرکوك و ناوچەی گەرمیان گەیاندوە .

شێخ قادر: کەسایەتییەکی کوردپەروەر بووە . پەیوەندی چری لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییە دەسەڵاتدار و ناودارەکانی عیراق و کوردستاندا هەبووە . دۆستێکی نزیکی کەسایەتی کوردی ناودار خوالێخۆشبوو ﴿سعید قەزاز﴾ بووە . ئاواش دۆستی کەسایەتی ناوداری کورد سەیید محمدی جەبباری بووە ، وهەمیشە نامەی بۆ ناردووە .




مخابن لە رۆژی ٢٤ / ٦ / ١٩٥٢دا ماڵئاوایی لەگەل و خاکی گەرمیانی کوردستان کردووە و رەوانی شکۆداری بەرەو بارەگای خوداوەندی هەڵکشاوە ، و جەستەی ئەو کەسایەتییە ناودارەی لە گوندی سیامەنسووری ناوچەی قەرەحەسەنی دەڤەری گەرمیان ئەسپەردەی خاکی کوردستان کراوە .

# شێخ حبیب تاڵەبانی
## ٢٠١٤-١٩١٦



‹‹ شێخ حبیب ›› ساڵی ١٩١٦ لە گوندی سیامەسووری گەرمیان چاوەکانی ئاشنای ژیان بوون .

شێخ حبیب : کەسایەتییەکی زیرەك وبەتوانا و ناسراو و خۆشەویستی نێو گۆمەڵگەی گەرمیانی کوردستاندا بووە .

شێخ حبیب: لە خولی چواردەیەمی مەجلیسی نووابی عیراقي ساڵی ١٩٥٤دا ، بە نائبی خەڵکی کەرکوك هەڵبژێردراوە.

لە ماوەی نائیبیدا خزمەتی زۆری بە خەڵکی کەرکوك و ناوچەی گەرمیان گەیاندوە . شێخ حبیب ، وەك شێخ قادری باوکی پەیوەندی چڕی لەگەڵ کەسایەتییەکانی گەرمیانی کوردستاندا هەبووە . لەو دەمەدا کە سەیید

محمدی جەبباری لە شاخ بووە شێخ حبیب هەمان ڕێبازی باوکی لەگەڵ سەیید محمددا پیادەکردووە .




مخابن لە ڕۆژی ١ / ٤ / ٢٠١٤ دا ، ماڵئاوایی لە گەلی کورد و خاکی گەرمیانی کوردستان کردووە و ڕەوانی شکۆداری بەرەو بارەگای خوداوەندی هەڵکشاوە ، و جەستەی ئەو کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان لە گوندی سیامەنسووری ناوچەی قەرەحەسەنی ئەسپەردەی خاکی کوردستان کراوە .

# ﴿ شێخ نجم‌الدین تاڵەبانی ﴾

١٨٩٤ ـ ١٩٨٦

شێخ نجم‌الدین ، کوڕی شێخ نوري ، کوڕی شێخ ستار ، لە دایکبووی دێی ‹‹ بـاوا ››ی ناوچەی قەرەحەسەنی دەڤەری گەرمیانە .
ساڵی ١٨٩٤ چاوی ئاشنای ژیان بووە ، رۆژگاری ژیانی ئەم ناودارە بواری نەداوە بچێتە نێو دەریای خوێندنەوە ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە نەخوێندەوار بووە ، بەڵام تا بڵێی کەسایەتییەکی بیرمەند و ئەدەب دۆست بووە ، سەدان کۆپلە شیعری بە زمانەکانی کوردی ، فارسی تورکی ، عەرەبی ، لەبەربووە .
شێخ نجم‌الدین: هەمیشە لەدیوەخانی خۆی و دیوەخانانی ناودارنی دەڤەری گەرمیان دا ، کۆڕی شیعری کێڕاوە و چرای مەجلیسی ئەدیبان و ئەدەب دۆستان بووە ، کێبەرکێی شیعری لە ڕووی ئەدەب دۆستاندا ئەنجام داوە .
ئەم کەسایەتییەی گەرمیان زۆرینەی شیعرەکانی : مەولەوی ـ بێکەس ـ پیرەمێرد ـ مەلا فەتاح-ی جەباری ـ شێخ رەزا ـ فیردەوسی ، و حافزی شیرازی ، لەبەر بووە ، دۆستایەتی زۆر پەیوەستی لەگەڵ فایق بێکەس و پیرەمێرد دا هەبووە . ئەم کەسیەتییە ناودارە هەمیشە کاتەکانی خۆی بۆ خزمەت بە خەڵکی دەڤەرەکە تەرخانکردووە ، و دەرگای دیوەخانەکەی لە دێی ‹‹ باوا ››ی قەرەحەسەن هەمیشە لە ڕووی میوانان وکاروانیانی دۆست و نامۆدا..ئاوەڵا و لەسەرپشت بووە.
هەمیشە پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی کوردستان لەوێدا دەحەوانەوە دۆستایەتی زۆری لەگەڵ پێشمەرگە وکادیرانی شۆڕشی ئەیلولدا هەبووە لەوانە:عەریف حمید-علي سنجاری و عبدالله ئاغا..هتد.

شێخنجمالدین:خۆشەویستی هەموان بوو،زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی دەڤەرەکە لەسەر دەستی ئەودا ئاسان کراوە وئاشتەوایی خستۆتە نێوانەوە چونکە لەنێوخەڵکیدا کەسایەتییەکی ڕێزدار بووە ، بۆیە لە هیچ کێشەیەکدا کەس داواکاری ئەوی ڕەتنەدەکردەوە ، تەنانەت زۆرجار تەبایی خستۆتە نێوان لایەنی پێشمەرگە و لایەنی دەسەڵاتەوە .

بەڕێز شێخ طارق تاڵەبانی وتی:لەبیرمە شەوێك کەڵەپێشمەرگەی قارەمان مامەڕیشە و پێشمەرگەکانی میوانی شێخ نجمالدین بوون ، لە کاتی نانخواردندا..لەپڕ کۆمەڵێك لە پیاوانی چەکداری رژێم لەبەردەرگا دابەزین و خۆیان کردە ماڵی شێخ نجمالدین دا..!

شێخ طارق لە درێژەی باسەکەیدا وتی: ئێمە زۆر ترساین بەڵامتوانیمان لە حەوشەی پشتەوە مامەڕیشە وهاوڕێیانی بەسەر دیواری حەوشەکەدا ئاودیوبکەین ، شێخ نجمالدین بێ ئەوەی خۆی تێکدات چوو بەپیر هێزە سەربازیەکەوە وبە گەرمی بەخێرهاتنی کردن و وتی: ئێوە هەموو میوانی منن و تا نان نەخۆن نابێت لێرە بڕۆن ، بەوشەوە چەندین بەرخ سەربررا وخواردنێکی زۆر لێنرا وسەرجەمی هێزە سەربازیەکە نانیان خوارد وبەرێزەوە بەڕێکران .

شێخ طارق دەڵێت:ساڵی ١٩٦٨سەرکردەی ئەو لەشکرەی ئەوشەوەخۆیان کردە ماڵی شێخ نجمالدین دا ، پلەی بەرزکرابووەوە ، نامەیەکی بۆ شێخ ناردبوو تێیدا وتبووی : من ئەو پیاوەتییەتم لەبیرە و حەزدەکەم بێیت بۆلام تا چیت بوێت بۆت بکەم . شێخ لە وەڵامی نامەی سەرکردەکەدا کە خۆم نووسیمەوە وتی:زۆر سوپاست دەکەم و داوای لێبووردن دەکەم لە نەهاتنم بۆ لای بەڕێزتان ، من بەشی خۆمم هەیە و هیچی دیکەم ناوێت.

لەهەمان کاتدا ئەو پیاوە ناودارە زۆر دەسڕۆ نەبوو ، بەڵکو خۆراکی منداڵەکانی خۆی دەکردە دەم خەڵکەوە .

روحی کوردایەتی لای شێخ نجم‌الدین زۆر پتەو و جێگیر بووە ، تەنانەت ناوی کوردی بۆ منداڵەکانی هەڵبژاردووە . شایانی باسە خوالێخۆشبوو شێخ نجم‌الدینی تاڵەبانی لە چلەکانی سەدەی بیست دا هاوکات لەگەڵ شێخ عبدالقادری سیامەسوری و شێخ فازڵی تاڵەبانی دا، پەیوەندیان بە ریزەکانی حیزبی ‹‹ هیوا ››وە کردووە ، وخزمەتی بەرچاوی هەبووە .
مخابن ساڵی ١٩٨٦ کیانی پاکی ئەم کەسایەتییە ناودارەی گەرمیان بەرەو بارەگای پەروەدگار هەڵکشا و لە گۆڕستانی شێخ محي‌الدین لە کەرکوك ئەسپەردەی خاکی گەرمیانی کوردستان کرا .

**سڵاوی دەروون** : پارچە شێعرێکی خوالێخۆشبوو، کەسایەتی ناوداری دەڤەری گەرمیان وقەرەداغ وسلێمانی« شێخ طاهردۆڵان »ی بەرزنجییە لە شەوی ٥/٤ ـ مانگی ٥ ـ ساڵی٢٠٠٠ دا ، لە دووتوێی نامەیەکدا بۆ نووسەری ئەم کتێبەی نووسیوە ، بۆ یادەوەری ئەوکەسایەتیە ناودارە هەڵبەستەکە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەری ئازیز.
سڵاو بۆ رەوانی پاکی خوالێخۆشبوو شێخ طاهری دۆلانی کەسنەزانی.

تۆلە دەنیمارك من لەکوردستان
چۆن قەرار بگرم ئاخربراگیان

دووری یارانم لێ بووە بە بـار
نەسەبرم ماوە نە ئۆقرەوقەرار

سەبرم نەماوە لە دڵەی غەمبـار
شین وزاریمە بە چاوی نمبـــار

خۆمن سوتاوم بەدەرد دووری
مەگەرخواوەند بدا ســەبووری

پیری عەساکەی وا دایە دەستم
شێوانی هەموو هیواو مەبەستم

بارم بەستووە وام لەسەرسەفەر
پەنـام بەخودای ، حەیی دادوەر

هەناسەی دووری من بگاتەلات
شەوان دەوربدات لەدەور باڵات

هیمەتی پیران چەتریسەرت بێ
ئاهی خواناسان بەسوپەرت بێ

# * سوپاسگوزاری *

سوپاس و نەوازشم بۆ ئەو بەڕێزانەی بە زانیارییەکانیان هاوکاریان کردم و سوودم لە بابەتەکانیان وەرگرت لە نووسینی ئەم بەهەمەمدا .

## سەرچاوەکان *

**بابەتەکان و زانیارییەکانی ئەم بەڕێزانەیە کە لێرەدا ناوزەدیان دەکەم :**

- **نامەیەکی زانای مەزن مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی،بۆ شێخ نجم‌الدین تاڵەبانی ١٩٤١ز.**
- **بابەتەکانی بەرێز : نووسەر و رۆشنبیر/ دکتۆرحسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ .**
- **بابەتەکانی بەرێز : نووسەر و رۆشنبیر/ قەیس قەرەداغی .**
- **بابەتەکانی بەرێز : نووسەر و رۆشنبیر/ سیروان سەرگەڵویی بەرزنجی .**
- **گۆڵزار / بابەتێکی شەهید شێرزاد جەباری .**
- **بابەتەکانی بەرێز: نووسەر و رۆشنبیر/ حەمەشوان داوودی .**
- **زانیاریەکانی بەرێز: شێخ قادر بەرزنجی ، کەسنەزانی .**
- **زانیاریەکانی بەرێز: شێخ قادر شێخ عبدالستار بەرزنجی .**
- **زانیاریەکانی بەرێز: حاکم نورالدین زەنگنە .**
- **زانیاریەکانی بەرێز: شێخ طارق تاڵەبانی .**
- **زانیاریەکانی بەرێز: شێخعەزیزشێخ بابارەسول بەرزنجی .**
- **زانیاریەکانی بەرێز: شاعر وئەدیب نەوزاد کاکەیی .**
- **زانیاریەکانی بەرێز: شێخ صباح شێخ حبیب تاڵەبانی .**
- **سوپاس بۆ سەرجەم ئەو پێگە ئەلیکترۆنیانەی ، سوودم لێ وەرگرتووە .**


عبدالكريم بەرزنجی

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا



پێناسە :
- عبدالكريم بەرزنجی
- لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩
- نیشتەجێی شاری کەرکوك

پەیوەندی بە نووسینەوە

لە سەردەمی منداڵیەوە...رۆژگارەکانی ژیانی پەیوەستبووە بە شیعر و ئەدەبییاتەوە. مەجلیس و شەوچەرەی دیوەخانی باوکی بەهەشتی{ فەخری }شێخ ئەحمەدی شۆڕیجە ، هەمیشە ئاوەدان بووە بە کۆڕی شیعر و ئەدەبییاتەوە ، بۆیە عبدالكريم شەیدای ئەو چەمکە مەعریفیە گرنگ و پڕ بەهایە بووە . رۆژگار تێدەپەڕێت و ئەویش زیاترتامەزرۆ و شەیدای چوونە نێو گوڵزاری شکۆداری ئەدەب دەبێت. سەرەتای نزیك بوونەوەی لە ئەدەبییاتەوە لە دەستپێکردنی خوێدنی ناوەندیەوە بووە. ساڵی١٩٦٧، بۆ ئەوەی زیاتر لە کتێب نزیك ببێتەوە ، لەگەڵ هاورێیەکیدا پەرتووکخانەیەکی چکۆلە لە گەرەکی شۆڕیجەی شاری کەرکووك دەکەنەوە ، ئیدی زیاتر بوواری خوێندنەوەی بۆ دەرەخسێت ، لە کۆتایی شەستەکاندا دەستی کردووە بە وەرگێرانی هەندێك بابەت. یەکەم بابەتی ئەدەبی لە ساڵی ١٩٧٠دا ، بە سەردێڕی {گوڵزاری بێگەردی پێغەمبەری}لە رۆژنامەی [ژین]دا بڵاو کراوەتەوە ، ئیدی لەودەمەوە بوواری نووسین و وەرگێرانی فەرامۆش نەکردووە .
ئەو بابەتانەی نووسیوە و لەچاپدراون ئەمانەن:
١ـ کورتەباسێك دەربارەی ژیانی [فەخری]شێخ ئەحمەدی شۆڕیجە / کتێب .
٢ـ نداء الحق ، نامیلکەیەکە بە زمانی عەرەبی.
٣ـبەرێوەبەری هونەری گۆڤاری[نۆزا] بووە کە لە وڵاتی دەنیمارك بڵاوکراوەتەوە.
٤ـ خاوەن ئیمتیازوسەرنووسەری گۆڤاری{ کورددان } ـە ، کە لە دەنیمارك چاپ دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.
٥ـ بەرگی یەکەمی ناودارانی گەرمیان/ کتێب .